
# جەمیل ئەمین

## گەوهەری کۆمۆنیزمی کرێکاری



ئامادەکردنی: موحسین کەریم

نۆڤەمبەری 2011


26-8-1956 17-8-2011

کتێبی "جەمیل ئەمین، گەوهەری کۆمۆنیزمی کرێکاری"

ئامادەکردنی موحسین کەریم
پێداچوونەوەو هەڵەچنی: موحسین کەریم و ئیبراهیم موحەمەد
دیزاینی بەرگ: هونەرمەندی شێوەکار- سمکۆ ئەحمەد

سەرپەرشتی چاپ: دەشتی جەمال
تیراژ ٥٠٠دانە
لەسەر ئەرکی چاپخانەی رەنج چاپکراوە

# جەمیل ئەمین عبدالرحمن



## کەسایەتی ناسراوو خۆشەویستو
## کادری رابەریی
## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی
## کوردستان

٢٦ی ئەیلول ١٩٥٦- ١٧ی ئەیلول ٢٠١١

## بۆچی ئەم کتێبە!؟

بێگومان بۆ زۆر کەس جەمیل کەسێکی نەناسراو نیە. هەزاران کەس لە کوردستان‌و دەرەوەی کوردستان دەزانن جەمیل ئەمین کێیە، بەڵام هێشتا زۆر لایەنی ژیان‌و خەبات‌و کەسایەتیی هاوڕێ جەمیل بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیناسن بەپێی پێویست زانراو نیە، چونکە جەمیل کەسێك بوو کە نەیدەویست باسی کارەکانی خۆی بکات. خاسیەتێکی جەمیل ئەوەبوو کە لە ژیانی سیاسیدا زۆر پارێزگاری لە پرەنسیپی نهێنیکاری دەکرد. دەیان کارو چالاکی ئەو هاوڕێیە بوەتە بەشێك لە مێژوی بزوتنەوەیەك کە دەبێ بنوسرێتەوە.

بێجگە لەوەش جەمیل دەبێ بۆ کۆمەڵگا بناسرێ. ئەوانەی کە فرسەتی ناسینی جەمیلیان نەبوە فرسەتی ئەوەیان بدرێتێ کە کەسایەتی ئەم مرۆڤە دڵسۆزو ماندونەناس‌و ئەم خەباتکارەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کرێکاری بناسن. بۆیە کۆکردنەوەی هەرچی زانیاری هەیە لەسەر جەمیل‌و بڵاوکردنەوەی لە کتێبێکدا کۆمەك بە فەراهەمکردنی ئەو دەرفەتە دەکات، هاوکاتیش کەمترین وەفادارییە بۆ ژیانی پڕ لەسەروەری و کەسایەتی خۆشەویست‌و میهرەبانی ئەو ئینسانە مەزنە.

پێشنیاری پرۆژەکە لەلایەن هاوڕێ رەحمانی حوسەینزادە، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی-حیکمەتیستەوە لە مەراسیمی رێزنان لە گیانی هاوڕێ جەمیل کرا کە رۆژی ٢٠/٩/٢٠١١ لەلەندەن بەرێوەبرا. منیش چ وەکو هاورێیەکی سیاسی‌و حیزبی جەمیل‌و وەفایەك بۆ مێژووی پێکەوەکارکردنمان‌و چ وەکو ئەوەی کە بەتەواوی بڕوام بەوەبوو کە بەهۆی شێوازی بەرپرسیارێتی جەمیلەوە لەناو حیزب‌و بزوتنەوەکەدا دەرفەتی ئەوەی کەم بووە کە جێگاوڕێگای پڕبایەخی بۆ سەرجەم هەڵسوڕاوانی حیزب‌و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری‌و چینی کرێکارو بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا دیاربێت، پێشنیارەکەی هاوڕێ ڕەحمانم هەرلەوێدا وەرگرت‌و ئامادەیی سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیەم وەرگرت.

ئەوەبوو من بانگەوازێکم لەسەر هەندێ ماڵپەڕو لەسەر پێگەی خۆم لە فەیس بووك بڵاوکردەوەو بانگەوازی هەموو ئەو کەسانەم کرد کە دەیانەوێ لەسەرخستنی ئەو پرۆژەیەدا بەشداربن‌و بە نوسینەوەی یادەوەریەکانیان‌و ناردنی وێنەو هەرچی شتێك کە پێیان وایە دەتوانێ کتێبەکە ئاباتر بکات، هاوکاریم بکەن. هاوکاتیش نامەم بۆ چەند هاوڕێیەکی جەمیل نارد کە من خۆم دەمناسین‌و پێموابوو دەتوانن باشتر لایەنەکانی ژیانی سیاسی‌و شەخسیەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی جەمیل دەناسێنن. هەروەکو داواشم لەوان کردبوو کە ئەگەر کەسانێکی دیکە کە من ئایان ناسم و نەمتوانیوە نامەی تایبەتیان بۆ بنێرم دەناسن، ئەوان ئەوکارە بکەن لەجیاتی من، تا سەرەنجام کەسێك نەمێنێتەوە کە بیەوێ یادەوەریەکانی خۆی سەبارەت بە جەمیل بنووسێتەوە لەو پرۆژەیەدا بەشدار نەکرابێت.

بێجگە لەوانە، نامەیەکیشم ئاراستەی کاك فاروقی مەلا مستەفاکرد کە هاوڕێ جەمیل کارمەندێک بوو لە کۆمپانیاکەی ئەودا، تا ئەویش یادەوەری‌و تێڕوانینی خۆی لەسەر هاوڕێ جەمیل بنوسێ.هەرچەندە لەلایەن هاوڕێ لەیلاوە ئاگادارکرام کە ناوبراو ئامادەیی راگەیاندووە سەبارەت بە جەمیل یادەوەریەکانی بنوسێ، بەڵام بەداخەوە نەمزانی هۆکاری نەگەیشتنی نامەکەی چیبوو، دوای ئەوەی کە ماوەیەکی باشیش چاوەڕێمکرد! من تەنها رەچاوی مێژووی ژیان‌و خەباتی سیاسی جەمیلم کردبوو بۆیە بۆم گرنگ بوو فرسەت بە هەمووکەسێک بدەم، نەك تەنهاهاوڕێ حیزبیەکان

یان سیاسیەکانی جەمیل، تا لەبارەی کەسایەتی جەمیلەوە بنووسن. خۆشبەختانە زۆرێك لەوبەڕێزانە یادەوەریەکانیان بۆناردمو هەندێکی دیکەشم لە بڵاوکراوەکاندا وەرگرت. من لەم فرسەتە کەڵك وەردەگرمو سوپاسی خەمخۆریو دڵسۆزیو بەدەمەوە هاتنیان دەکەم.

هەڵبەتە لێرەدا یادەوەریەکانی بەشێك لە کەسوکاری هاوڕێ جەمیل تۆمارکراون. لەوانە یادەوەری هاوڕێ لەیلای هاوسەری، بەیانی خوشکیو هەروەها وتەی زاریا( نینا)ی کچە گەورەی جەمیل لە مەراسیمی چلەی باوکیدا. من لەناخەوە سوپاسو تەقدیریان دەکەم کە زۆر دڵسۆزانە سەرباری کاریگەری سەختی گێرانەوەی ئەو یادەوەریانەو تۆمارکردنی، دڵی منیان نەشکاندو لەناو ئازاری گەڕانەوە بۆ رۆژانی رابردوودا یادەوەریەکانی خۆیان بۆ منو بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە نووسیەوە. هەروەکو هاوکاری زۆریانکردم بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو وێنەکانی ناو ئەم کتێبە.

بێجگە لەوەی کە لێرەدا نوسراوەتەوە، بەهۆی گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیلەوە لە کوردستانو لە چەندین وولاتی دنیا لەلایەن کەسوکارو هاوڕێو دۆستەکانی هاوڕێ جەمیلەوە مەراسیمی ڕێزلێنانو یادکردنەوە سازکراوە، و زۆر هاوڕێی سیاسیو حیزبیی جەمیلو هاوڕێی قەدیمی و دۆستی جەمیل لەوبارەوە قسەیان کردوە کە بەشێوەی گرتەی ڤیدیۆیی لەسەر یوتیوبو لەسەر ماڵپەڕی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو لەسەر پێگەی جەمیل لەسەر فەیس بووك بڵاوکراونەتەوە. لینکی ئەو ماڵپەڕو پێگانە لێرەدا دادەنێم بۆ کەسانێك کە بیانەوێ ئەو بابەتانە ببینن.

مەسەلەیەك کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بۆ ئاگاداری خوێنەران تۆماری بکەم، ئەوەیە کە سەرەتا بڕیارم وابوو خۆم کتێبەکە بنووسمەوەو سوود لەنوسینی ئەو هاوڕێو دۆستانە وەربگرم کە وتارو نووسینەکانیان بۆ من ناردوە، لەرێگای هێنانەوەی نمونە لە قسەکانیان، بەڵام دوای ئەوەی وتارو بابەتێکی زۆرم پێگەیشت کە سەرجەمیان وێنەیەکی هەمەرەنگ لە کەسایەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی هاوڕێ جەمیل دەدەن بەدەستەوەو کارەکەی منیشی ئاسانترکرد. بۆیە پێمباشبوو کە وتارەکان وەکو خۆیان بڵاویکەمەوەو بەمجۆرە چەندین نووەر لە نووسینی کتێبەکەدا بەشداریان کردووەو منیش زیاتر کاری ئامادەکردنیم کەوتە ئەستۆ.

دیارە لەرەوتی درێژماوەی خەباتی سیاسییدا هاوڕێ جەمیل لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا ئاشنابووەو کاری سیاسیو رێکخراوەیی لەگەڵیاندا کردوەو پەیوەندی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەی لەگەڵیاندا دامەزراندوە، بەڵام تاسەر لەهەمان رێکخراودا پێکەوە نەماونەتەوە. جەمیل سەرباری ئەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئاشنایەتیی لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانەدا ڕاگرتووە، چونکە لای جەمیل ئینسان خۆی، دروست هەروەکو کۆمۆنیزمی مارکس، لەسەروو ئایدیۆلۆجیا، بیروباوەڕ، ئاین، نەتەوە، رەگەزو رەنگی پێستو ئەو شتانەوە جێی ڕێز بوو. لێرەوەیە دەبینین ئەو بەڕێزانەی لێرەدا لەسەریان نووسیوە کەسانێکن کە هەموویان هاوڕێی حیزبیی ئەو نینو بۆچوونی سیاسییان لەگەڵ جەمیلدا وەکو یەك نیەو هەریەکەیان لەسەر بنەمای بۆچوونو لێکدانەوەی خۆی کەسایەتیی فکری- سیاسیو رێکخراوەیی جەمیل هەڵدەسەنگێنێ! لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ئاگادارنەبوونی ئەو بەڕێزانە لە لایەنەکانی کاری حیزبیو رێکخراوەیی جەمیل، ئەو بۆچوونەی لای ئەوان دروستکردوە کە جەمیل یان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا نەمابێت، یاخود تەنانەت کۆمۆنیزمەکەی کاڵ بوویتەوەو زیاتر کەسێکی لیبراڵ بووبێت! کە هیچ کاتێك جەمیل ئەو کەسایەتیە نەبووە.

هاوڕێ جەمیل کۆمۆنیستێکی کرێکاریی پەیگیرو کادرێکی مولتەزیمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو دواتر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بووە. نەك هەرئەوە بەڵکو وەکو کادرێکی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران‌و دواتر حیزبی حیکمەتیست، وەکو مەئموریەتێکی حیزبی خۆی لەناو حیزبەکانی عێراق‌و کوردستاندا، هەڵسوڕاوەو هاوکاریی بێدرێغی کردون، ئەوەش بە ڕۆشنی لە نامەو ڕاگەیاندن‌و نوسینەکانی کادرەکانی ڕابەری ئەو حیزبانەدا دەردەکەوێ کە لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە.

مێژووی ژیانی هاوڕێ جەمیل، بەشێکە لەمێژووی بزووتنەوەیەک کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەستپێدەکات. هەنگاو بەهەنگاو پوختەدەبێتەوە. لەباری کۆمەڵایەتیەوە تەکامول پەیدا دەکات‌و دێتە ناو ململانێ کۆمەڵایەتی- سیاسیەکانی عێراق‌و کوردستانەوە. بزووتنەوەیەک کە جۆرێکی جیاواز لە کۆمۆنیزمی باوی موتوربەکراو بە ڕیفۆرمیزم‌و ناسیۆنالیزمی حیزبی شیوعی‌و کۆمەڵەی ڕەنجدەران نوێنەرایەتی دەکات. لەسەر پایەی چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی خۆی؛ واتە چینی کرێکار ڕادەوەستێ‌و بۆ ئامانجی ڕزگاری ئەو چینە؛ واتە دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاری، بە ئاشکراو بێ ئاخرو ئەگەر خەبات دەکات! کۆمۆنیزمەکەی جەمیل دروست ئەو کۆمۆنیزمەیە. هەرئەوەش وای لە جەمیل کردبوو کە بۆ یەک چرکەش کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەک جێنەهێڵێ، بەڵکو بە دڵو بەگیان لە خزمەتی حیزبەکانی ئەو بزوتنەوەیەدا بێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە لە کام دیوی سنوورێکدایە کە بۆرژوازی بۆ چینەکەی ئەویان کێشاوە!

لە کۆتاییدا هیوادارم بەم کارە توانیبێتم گۆشەیەک لە شەخسیەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و چەند لایەنێکی مێژووی هەڵسوڕان‌و خەباتی سیاسی-ڕێکخراوەیی هاوڕێ جەمیلم لە تاریکی ڕزگارکردبێت. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەبێ هاوکاری دڵسۆزانەی هەموو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی کە بەشدارییان لە نوسینەوەی ئەم کتێبەدا کردوە، ئەم کتێبە نەیدەتوانی بەم فۆرمەی ئێستایەوە بکەوێتە بەردەستی ئێوەی ئازیز. هەروەها سوپاسی تایبەتیم بۆ هاوڕێ ئیبراهیم موحەمەد کە لە هەڵەچنیی کتێبەکەدا هاوکاری کردم، هاوڕێیان حەمە غەفورو ئاراس ڕەشید کە ئەرکی وەرگێرانی وتارە کوردی‌و عەرەبیەکانیان هەڵگرت، هاوڕێ دەشتی جەماڵ کە ئەرکی سەرپەرشتی چاپی کتێبەکەی لە ئەستۆگرت. پێویستە سوپاسی چاپخانەی ڕەنج بکەم کە ئەرکی بەچاپگەیاندنی کتێبەکەیان خستەسەر شانی خۆیان.

موحسین کەریم
نۆڤەمبەری ٢٠١١

ئەدرێسی هاوڕێ جەمیل ئەمین لەسەر فەیس بووک: http://www.facebook.com/pages/Hawre-Jameel-Ameen-Hamisha-Zindwa-La-Dll-w-Darunmana/101457933291957

لاپەڕەی تایبەت بە هاوڕێ جەمیل ئەمین لە ماڵپەڕی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا: http://www.hkkurdistan.org/gshty/gian-baxtkrdwan/jamil-amin/Laparay-taibat-ba-Jamil_Amin.htm

*هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان‌و عێراق بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ جەمیلەوە ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە کە ئەوەی خوارەوە دەقەکەیەتی:*

## هاوڕێ "جەمیل ئەمین" جێی هێشتین!

بەداخێکی زۆرەوە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ١٧ی ئابی٢٠١١، هاوڕێ جەمیل ئەمین عبدالرحمن، ئەندامی حیزب‌و کەسایەتی خۆشەویستی شاری سلێمانی‌و کەرکوک، دوای ململانێیەکی (٥) ساڵی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا، لەتەمەنی ٥٥ ساڵیدا لەناو باوەشی خێزان‌و کەسوکارەکەیدا لە شاری کەرکوک گیانی لەدەستدا.

هاوڕێ جەمیل، کۆمۆنیستی پەیگیرو ماندوونەناس، نموونەیەکی بێوێنەی فیداکاری‌و دڵسۆزی بوو بۆ بیروباوەڕەکەی، بۆ حیزبەکەی‌و بۆ هاوڕێکانی، بۆ چینی کرێکارو سەرجەم جەماوەری چەوساوە. نموونەیەکی ناوازەی نەفسبەرزی، سادەیی، بڕوابەخۆبوون، ڕێزگرتنی بەرامبەر، لەخۆبوردوویی‌و سیمبولی پیادەکردنی نەریت‌و فەرهەنگی کۆمۆنیستی بوو لەژیانی شەخسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا. خاوەنی گیانێکی بەرزی هاوکاری بوو بۆ هەرمرۆڤێك کە لێوەی نزیک بوو یان پێویستی بەهاوکاری ئەو بوو.

هاوڕێ جەمیل، ٢٨-٦-١٩٥٦ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە. ساڵی ١٩٧٨ چوەتە کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کارەبا لە زانکۆی بەغدا، بەڵام لە ساڵی دووەمی زانکۆ دەبێت کە بەهۆی چالاکی سیاسییەوە لەلایەن دەزگای ئەمنی بەعسەوە دەستگیر دەکرێ، بەڵام لەبەرئەوەی هیچی لەسەر ساغ نابێتەوە دوای ماوەیەك ناچاردەبن ئازادی بکەن. بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام لەژێر چاودێری دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێمدا دەبێ، ناتوانێ بەردەوامی بە خوێندن بدات‌و چەند جارێك خوێندنەکەی دوا دەخات، تا سەرەنجام ناچار دەبێ واز لە کۆلێژی ئەندازیاری بەغدا بێنێت‌و بچێتە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوك بەشی ئەلکترۆنیك کە بە پلەی یەکەم تەواوی دەکات. هاوڕێ جەمیل لەساڵی ١٩٨٠ەوە لەگەڵ خەباتی سیاسی کۆمۆنیستیدا تێکەڵ بووەو یەکێك بووە لە کادرە بەرجەستەکانی "ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران"، "ڕەوتی کۆمۆنیست"و دواتر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. پاش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەناو ڕیزی ئەم حیزبەدا درێژەی بە خەباتی کۆمۆنیستی خۆیدا.

هاوڕێ جەمیل هەروەکو چۆن لەبەرامبەر دوژمنانی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمدا قایم‌و پتەوو بێدوودڵی بوو ئاواش لەبەرامبەر نەخۆشیەکەیدا خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزبوو. تەنانەت لە دواساتەکانی ململانێی لەگەڵ نەخۆشیەکەیدا سەرباری ئازاری سەخت‌و لاوازی‌و بێهێزی جەستەیی،

بەڵام کێوێک بوو لە ورەو ئەیدەویست کەسوکارو منداڵو هاوسەرو هاوڕێکانی نارەحەتو دڵتەنگ بکات کە لە دەوری بوون تا خۆشەویستیو میهرەبانییەکی بۆ نیشان بدەنو کەمێک لە نازارەکانی کەم بکەنەوە کە ئەو لەژیانی خۆیدا بۆ یەک بەیەکی ئەوانی نیشاندابوو.

بەداخەوە، حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستان، بە گیانلەدەستدانی هاوڕێ جەمیل ئەمین، یەکێك لە پەیگیرترین ئەندامەکانیو خۆشەویستترین شەخسیەتەکانیو چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستانو عێراق یەکێك لە دڵسۆزترینو ماندوونەناسترین هەڵسوڕاوەکانی خۆیان لەدەستدا.

ئێمە بەبۆنەی ئەم ڕوداوە سەختو دڵتەزێنەوە دڵنەوایی دڵسۆزانەی سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی هەردووحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراق بۆ هاوسەرو منداڵەکانو کەسوکاری هاوڕێی خۆشەویستو میهرەبانمان هاوڕێ جەمیل ئەمین عبدالرحمن نیشان دەدەینو لەم ڕۆژە سەختەیاندا لەکەناریاندا بەشانازیەوە دەوەستین.


یادی هاوڕێ جەمیل لەناو دەروونو ویژدانی هەموومان زیندوە!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان                حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

١٧ی نابی ۲۰۱۲

هەواڵنامەی کتێب

***بۆ ڕێزنان لە گیانی هاوڕێ جەمیل ئەمین؛ لەناوخۆی کوردستان‌و لە چەندین شاری دنیا لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزب‌و هاوڕێ‌و هاوکاران‌و دۆستانی جەمیلەوە مەراسیمی شکۆدار سازکرا!***



هاوڕێ جەمیل ئەمین کەسایەتی ناسراوو خۆشەویست‌و کادری ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەداخ‌و پەژارەیەکی زۆرەوە، پاش (٥) ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧/٨/٢٠١١ لە شاری کەرکوك لەناو باوەشی میهرەبانی هاوسەرو منداڵ‌و خێزانەکەیدا گیانی لەدەستدا. بۆ ڕێزگرتن لە گیانی ئەو کۆمۆنیستە تێکۆشەرو ماندوونەناس‌و خۆنەویستەو ئەو کەسایەتیە ئازادیخوازو ئینسانذۆستەی کە سەراپای ژیانی بۆ خەبات لەپێناو ئازادی‌و یەکسانی‌و ڕزگاری مرۆڤەکان لە چەوسانەوەی چینایەتی‌و نایەکسانی کۆمەڵایەتی تەرخانکرد، چەندین مەراسیم لەناوخۆی کوردستان‌و لە دەرەوەی کوردستان، لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزب، کەسوکاروهاوڕێ‌و دۆستان‌و هاوکارانی هاوڕێ جەمیلەوە سازکرا.

***کوردستان- سلێمانی؛***

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٨/٢٠١١ لە هۆڵی "پەخشان موفتی" لە سلێمانی مەراسیمێکی ماتەمینی لەلایەن کۆمپانیای "ئاسیا سێل"ەوە بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ جەمیل ئەمینەوە سازکرا. سەدان کەس لە هاوڕێیان‌و دۆستانی هاوڕێ جەمیل‌و ناسیاوانی، لەپاڵ هاوسەری‌و منداڵەکانی‌و کەسوکاری هاوڕێ جەمیل، هاوڕێیانی ڕابەری حیزب‌و ئەندامان‌و دۆستانی حیزب ئامادەی مەراسیمەکە بوون. شایانی ئاماژەیە هاوڕێ جەمیل بۆماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ کارمەندی کۆمپانیای ناوبراو بوو، دوا بەرپرسیارێتی لەناو کۆمپانیاکەدا بەڕێوەبەری گەنجینەکان بوو.



ئەگەرچی مەراسیمەکە، مەراسیمێکی ماتەمینی بوو، بەڵام لەبەشێکیدا چەند کەسێك سەبارەت بە کەسایەتی‌و یادەوەرییەکانیان لەگەڵ جەمیلدا قسەیان کرد. لەوانە فاروقی مەلا مستەفا خاوەنی کۆمپانیای ئاسیا سێل، وتەیەکی پێشەکەش کردو ئاماژەی بە کەسایەتی بەرزی جەمیل کرد. دوای

ئەو یەکێك لە هاوکارەکانی شیعرێکی بە زمانی عەرەبی بۆ جەمیل خوێندەوەو دوای ئەویش وتەی بنەماڵەی هاوڕێ جەمیل بۆ بۆنەکە پێشکەش کرا. دواتریش هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف وتەیەکی پێشکەش کرد سەبارەت بە کەسایەتی سیاسیو مێژووی خەباتی سیاسیو ڕێکخراوەیی جەمیلو هەرلەوێدا بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند کە حیزب لەیادی چلەکەیدا مەراسیمێکی شکۆدار لە کەرکوك بەڕێدەخات.

*بەریتانیا- لەندەن:*

ڕۆژی ٢٠١١/٨/٢٠ مەراسیمێکی شکۆدار بەبەشداری دەیان کەس لە هاوڕێیانو دۆستانی هەرسێ حیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراقو ئێران-حەکمەتیست، هاوڕێو دۆستانی هاوڕێ جەمیل ئەمینو چەندین کەسایەتی ڕەوەندی کوردی دانیشتووی لەندەن، بۆ ڕێزنان لەگیانی هاوڕێ جەمیل ئەمین کەسایەتی ناسراوو خۆشەویستو کادری ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەڕێوەچوو. مەراسیمەکە لەلایەن ڕێکخراوی بەریتانیای هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراقو کەسوکاری هاوڕێ جەملیەوە سازدرا.


هەواڵنامەی کتێب

سەرەتا مەراسیمەکە لەلایەن موحسین کەریم بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە دەستی پێکردو بەناوی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراقو کەسوکاری هاوڕێ جەمیل ئەمینەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد. پاشان کورتەیەکی دەربارەی ژیانی سیاسیو ڕێکخراوەیی هاوڕێ جەمیل باسکرد.

بەدوای ئەودا هاوڕێ بەیان ئەمین خوشکی هاوڕێ جەمیل، وتەیەکی سەبارەت بە شەخسیەتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەڵسوکەوتی ئینسانیی جەمیل لەناو خێزانو لەگەڵ هاوڕێو دۆستانیدا پێشکەشکرد. پاشان بۆ ڕێزگرتن لەگیانی هاوڕێ جەمیل بەشداربووان پێکێك شەرابیان خواردەوە. هاوڕێ سەعید نارمان پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حکمەتیستی پێشکەش کردو دوای ئەو، بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراق بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ جەمیلەوە خوێندرایەوە.

پاشان هاوڕێو دۆستانی هاوڕێ جەمیل هەریەکە بە دەوری خۆی تیشکیان خستەسەر گۆشەیەکی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو شەخسی هاوڕێ جەمیل. هاوڕێ مونەیەد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وتەیەکی پێشکەشکردو ئاماژەی بە دەوری گرنگی کەسایەتیو کۆمۆنیستی کرێکاریی جەمیلدا وەك مارکسیستێکی هاوچەرخو کۆمۆنیستێکی عەمەلی

لەمێژووی بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیستی لە عێراقو کوردستاندا. دوای ئەویش صادق عزیز هاوڕێی دەورانی گەنجیو هاوڕێی سیاسی نزیکی هاوڕێ جەمیل ئاماژەی بەچەند لایەنی ژیانی سیاسیو یادگاریو کەسایەتی کۆمۆنیستیو ئینسادۆستی جەمیل کرد. دواتر هاوڕێ عبداللە صالح باسی لە یادگارییەکی خۆی لەگەڵ هاوڕێ جەمیلدا کرد. بەڕێز عەلی کاکە، برای هاوڕێی ئازیز لەیلا(هاوسەری هاوڕێ جەمیل) وتەیەکی خوێندەوەو باسی لەخاسیەتی ئینسانیی هاوڕێ جەمیل کردو ئاماژەی بە پەیوەندی هاوڕێ جەمیل لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیداو ئاماژەی بەوەکرد کە هاوڕێ لەیلای هاوسەری وتویەتی شانازی دەکەم کە مارەیی منو جەمیل گوڵێک بووە.



دوای ئەوانیش هاوڕێ رەحمانی حسێنزادە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئێران-حیکمەتیست وتەیەکی پێشکەش کردو ئاماژەی بەوەدا کە جەمیل نەک هەر کادری هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراق بووە، بەڵکو پشتوپەنای کۆمۆنیزمو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو حکمەتیست بووە. پێشنیاری ئەوەی کرد کە بۆ ناساندنی کەسایەتی ئەم ئینسانە کۆمۆنیستە مەزنە چالاکیو هەڵسوڕانی سیاسیو یادگارییەکان بنوسرێنەوەو لە کتێبێکدا چاپ بکرێن.

دواتر هاوڕێ دەشتی جەمال(هاوسەری هاوڕێ بەیانی خوشکی هاوڕێی خۆشەویستمان جەمیل) وتەیەکی پێشەکەش کردو سەرەڕای سوپاسی ئامادەبووانو سەرجەم ئەو بەڕێزو ئازیزانەی کە لەم میحنەتە سەختەدا لەپاڵیاندا وەستاون، سوپاسی حیزبی کرد بۆ رێکخستنی مەراسیمەکە. دواتر موحسین کەریم بە سوپاسی ئامادەبووانو هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان لە رێکخستنو بەڕێوبردنی مەراسیمەکەدا کردبوو، کۆتایی بە مەراسیمەکە هێنا.

***فنلەندا- هێلسنکی؛***

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٧/٨/٢٠١١ کۆمیتەی فنلەندای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانوعێراق، مەراسیمێکی شکۆداریان بەبەشداری دەیان کەس لە ئەندامانو دۆستانی حیزبو دۆستانی هاوڕێ جەمیل ئەمین لە هێلسنکی، بۆ رێزنان لە مەرگی هاوڕێ جەمیل ئەمین کەسایەتی ناسراوو خۆشەویستو کادری رابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەڕێوەچوو.

سەرەتا لەلایەن هاوڕێ (ئاڵا فرج)ەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووان کراو مەراسیمەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانبەختکردوانی رێگای سۆسیالیزم وە بەتایبەتی هاوڕێی ئازیزمان هاوڕێ جەمیل

ئەمین‌و وتنی سرودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ مستەفا باهر پەیان نامەی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان‌و عێراق خوێندرایەوە.

سامان کریم سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق قسەو باسێکی لەسەر ژیان‌و کارو چالاکییەکانی هاوڕێ جەمیل ئەمین کرد. بەدوایدا هاوڕێ سیروان ئەمین پارچەیەك پەخشانی پێشکەش بەگیانی هاوڕێی نازیزمان کرد.هاوڕێ ئیسماعیل وەیسی پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی – حیکمەتیست پێشکەش کرد. پاشان لەلایەن هەریەك لە هاوڕێیان مستەفا باهر وە سامان کریم لەسەر ژیان‌و کارو فەعالیەتی هاوڕێ جەمیل ئەمین قسەکراو هەریەکەیان لەلای خۆیەوە چەند یادگاری گێڕایەوە. مەراسیمەکە بە وتنەوەی سرودی ئەنتەرناسیۆنال کۆتایی هات.

*سوید- ستۆکهۆڵم؛*

هەمانڕۆژ، شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ئاب لەشاری ستۆکهۆڵم مەراسیمێکی شکۆدار بۆ ڕێزگرتن لەیادی کەسایەتی خۆشەویستو کادری رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سازدرا. مەراسیمەکە کە دەیان کەس لە دۆستو هاوڕێکانی جەمیل ئەمین‌و ئەندامو دۆستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان‌و عێراق‌و حیزبی حیکمەتیست بەشدارییان تیادا کرد، بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد .پاش ئەوە بەشداربووان دەقیقەیەك بە بێدەنگی راوەستان. دوای ئەوەش ئامادەبووان بەیادی هاوڕێی لەدەستچوو پێکەوە پێکێك شەرابیان خواردەوە.



قسەوباسەکان لەم یادەدا بە پەیامی هەردوو حیزب کە لەلایەن هاوڕێ شەماڵ عەلییەوە خوێندرایەوە دەستی پێکرد. لەدوای ئەوە هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد بە نوێنەرایەتی خێزان‌و کەسوکاری هاوڕێ جەمیلەوەو وەك هاوڕێیەکی لەمێژینەو نزیکی ئەو قسەوباسی کرد. ڕێبوار ئەحمەد وێڕای باسکردن لە خسوسیاتە ئینسانیەکانی هاوڕێی لەدەستچوو و مێژووی خەباتکارانەی ئەو ئاماژەی بە ئومێدەواری‌و گیانی کۆڵنەدەری ئەو بەرانبەر بە نەخۆشی کردو ئاماژەی بەو راستییە کرد کە هاوڕێ جەمیل وەك سەرتاپای ژیانی لە ساتەکانی کۆتایی ژیانیشیدا مرۆڤێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی‌و بەدەربەستی‌و مرۆڤدۆستی بوو و خۆشەویستی بۆ ژیان‌و ئینسان سنووری نەناسیوە.

لە دوای ئەوەش هاوڕێ فاتیحی شێخ سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی حکمەتیست وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد کە تیایدا پاش سەرەخۆشی لە کەسو کارو دۆستو

هاوڕێكانی جەمیل ئەمین، ئاماژەی بەوەدا كە هەرچەندە لەژیانی هاوڕێی لەدەست چوودا بەو ئاشنا نەبووە، بەڵام لەو ١٠ رۆژەی پاش مەرگیدا بۆی ئاشكرا بووە كە كۆمۆنیزمو ئازادیخوازیو ئینساندۆستی چ زیانێكی بێ قەرەبووی لێكەوتووە.

ژیاننامەی هاوڕێ جەمیل ئەمین لەم بۆنەیەدا لەلایەن هاوڕێ جەماڵ ئەیوب خوێندرایەوە كە لە دووتوێیدا یاداوەرییە شەخسیەكانی خۆشی وەك هاوڕێیەكی نزیكی ئەو لەگەڵ بەشداربووواندا بەشكرد. لە پاش ئەو دۆستی لەمیژینەو هەرە نزیكی هاوڕێ جەمیل ئەمین، فایەق سەعید لاپەڕەكانی یادەوەرییە شیرینەكانی خۆی لەگەڵ جەمیل ئەمیندا هەڵدایەوەو ئامادەبووانی بە دڵگەورەییو توانای بەرزی هاوڕێی لەدەستچوو بۆ دۆستایەتی كردن لەگەڵ هەموو ئینسانەكاندا ئاشنا كرد. لەنێو ئامادەبووواندا گەلێك دۆستو هاوڕێی تری جەمیل ئەمین ئامادە بوون كە یەكێك لەو بەڕێزانە بەناوی شوان ئەحمەد یادەوەری خۆی لە رۆژگارێكی تاریكو مەترسیداری كەركوك لەساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هاوڕێی لەدەست چوودا باس كردو ئاماژەی بە رۆڵی بەرچاوی ئەو لە شورا كرێكارییەكانی كەركوكدا كرد .شایانی باسە لەم مەراسیمەدا پەیامی حیزبی حیكمەتیست لەلایەن هاوڕێ سەیفەی خودایاری خوێندرایەوە.

*كەنەدا ـ تورنتۆ:*

لەچوارچێوەی زنجیرە مەراسیمەكاندا بۆ ڕێزگرتن لە گیانی هاوڕێ جەمیل ئەمین، رۆژی یەكشەممە رێكەوتی ٢٨/٨/٢٠١١ هاوڕێیانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستانو عێراقو حیكمەتیستو دۆستانی هاوڕێ جەمیل، لە تورنتۆ مەراسیمێكیان بەرپاكرد.

سەرەتای مەراسیمەكە بە سرودی ئەنتەرناسیۆناڵ دەستی پێكرد. دواتر بەیانی هەردوو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستانو عێراق سەبارەت بە گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیل لەلایەن ئەمجەد عەلی كادری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقەوە بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە.

دوابەدوای ئەو عادل احمد بەرپرسی رێكخستنەكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لە كەنەدا وتەیەكی پێشكەش كردو ئاماژەی بە ژیانو خەباتی پرسەروەریی كۆمۆنیستی هاوڕێ جەمیل كردو پاشان وتاری رێبوار احمد كە بە بۆنەی مەرگی جەمیلەوە نوسرابوو، خوێندرایەوە.



دوای ئەو هیوا جەمیل كادری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان وتاری كۆمیتەی كەنەدای حیزبی خوێندەوە. جەلال سەعید كادری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق وتەیەكی كورتی لە

سەر مێژووی ژیانو خەباتی جەمیل ئەمین پێشکەش کردو پاشان وتاری طاهر حسن لەسەر جەمیل ئەمین خوێندرایەوە. وتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست لەلایەن مستەفا یونسی پێشکەش کرا.

دوای ئەوان خەبات مەجیدو گۆران عبداللە سەبارەت بە ژیانو خەباتی هاوڕێ جەمیل قسەیان کردو دوای ئەوەش هۆنراوەی بەندی عەلی کە بۆ گیانی جەمیل ئەمینی نوسیوە لەلایەن شلێر رەشیدەوە خوێندرایەوە. مەراسیمەکە بە سرودی"بەڕێزە گیانبازێتان" کۆتایی هات. شایانی ئاماژەیە کە مەراسیمەکە لەلایەن هاوڕێ کەژاڵ عزیزەوە بەڕێوەبرا.

***ئوستراليا- سدنی؛***

هەمانڕۆژ، یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٨/٨/٢٠١١، لەشاری سدنی بە بەشداری دەیان کەس لە کەسوکارو دۆستو ئاشنایانی هاوڕێ جەمیلو ئەندامانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستان مەراسیمێك سازکرا.

سەرەتای مەراسیم بە دەقەیەك وەستانو وتنی سرودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکردو پاشان ئامادەبووان پێکی شەرابیان خواردەوە بۆ بەرزراگرتنی ژیانو خەباتی هاوڕێ جەمیل. بەدوای ئەم ڕێوڕەسمەدا پێشکەشکاری بەرنامە، موزەفەر عەبدولا، ئاماژەی بە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سیفاتە ئینسانییەکانی هاوڕێ جەمیلدا کە ئەو چەندە خەباتکارێکی ماندوونەناسو پشوودرێژو بە ئیرادەو خۆنەویستو ئینسانی بووە لەپێناوی بەدیهێنانی دونیایەکی ئازادو یەکسانو باشتردا.



پاشان بە سلاید کۆمەڵێك وێنەی هاوڕێ جەمیلو هاوسەرو منداڵەکانی پیشاندراو، لەگەڵیدا لەلایەن هاوڕێ حەسەن مارفەوە شیعرێك، کە شاعیری بەڕێز بەندی علی بۆ گیان لە دەستدانی جەمیل نوسیبووی، خوێندرایەوە.

بەدوای نیشاندانی وێنەکان، بەیاننامەی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو کوردستان لەلایەن هاوڕێ عامر سابیرەوە خوێندرایەوە. شایانی ئاماژەیە لە بەیانەکەشدا سەرەڕای بەرزنرخاندنی ژیانو خەباتی چەند دەیەو سیفاتە بەرزە ئینسانییەکانی جەخت لەوە کراوەتەوە کە گیان لەدەستدانی ئەو چ خەسارەتێکی ئینسانیو کەلێنێکی گەورەیە بۆ هەردوو حیزبو هەمو کەسوکارو دۆستو ئاشنایانیو ئەم خەسارەتە هەرگیز پڕناکرێتەوە.
بڕگەیەکی تری بەرنامەی مەراسیم، خوێندنەوەی پەیامی کەسوکاری هاوڕێ جەمیل بوو لەلایەن

بەڕێز ئەیوب کەرکوکییەوە کە برای لەیلای هاوسەری هاوڕێ جەمیلە. ئەویش لە پەیامەکەیدا باسی لە دڵسۆزیو خۆشەویستیو ڕێزی بۆ هەموولایەکو جدیەتی لە کارو خەباتی سیاسی چەند دەیەی جەمیل کرد.

برگەی کۆتایی مەراسیم قسەوباسێك بوو لەلایەن هاوڕێ جەبار مستەفا سکرتێری کۆمیتەی ئۆسترالیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە کە یەکێکە لە هاوڕێیانی سەرەتای هەشتاکانی هاوڕێ جەمیل. هاوڕێ جەبار لە قسەکانیدا باسی لە سەرەتای ناسینی جەمیل کردو هەروەها ئاماژەی بە چەندین لایەنی سیاسیو شەخسی-ئینسانی ئەودا کە هەمیشە ئەو سیفاتانە بۆی مایەی شانازی بووە.

لەکۆتاییدا پێشکەشکاری بەرنامەی مەراسیمەکە وێرای دەربڕینی هاوخەمی بۆ هەموو کەسوکاریو هەموو ئەندامانی هەردوو حیزب سوپاسی ئامادەبووانی کرد بۆ بەشدارییان لە مەراسیمەکەو ڕێزنان لە هاوڕێ جەمیل.

*ئەڵمانیا-کۆڵن؛*

هەر لەدرێژەی مەراسیمەکاندا بۆ ڕێزگرتن لە ژیانو خەباتی هاوڕێ جەمیل ئەمین، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨/٨/٢٠١١ لە شاری کۆڵن، کاتژمێر ٥بۆ٧ی ئێوارە، مەراسیمێکی شکۆدار بەبەشداری دەیان کەس لە هاوڕێیانو دۆستانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست، هاوڕێو دۆستانو کەسوکاری هاوڕێ جەمیل، بەڕێوەچوو. مەراسیمەکە لەلایەن کەسوکارو دۆستانی هاوڕێ جەمیلەوە سازکرابوو.



ستاری چیمەنتۆ دەسپێکی مەراسیمەکەی کردەوەو دوای ئەو جوان ئەمین خوشکی هاوڕێ جەمیل، سەبارەت بەژیانی جەمیلو کەسایەتیو خسوسیاتە کۆمەڵایەتیو ئینسانییەکانی جەمیل قسەوباسێکی کرد. پاشان بەشی یەکەمی مەراسیمەکە کە بۆقسەوباسی حیزبو لایەنەکان تەرخانکرابوو، دەستی پێکرد. سەرەتا حەسەن عبدالقادر کە خزمو هاوڕێی سیاسی جەمیل بووە سەبارەت بە کەسایەتی جەمیل قسەوباسێکی پێشکەش کردو بەدوای ئەودا حەمەی ئاسنگەران لە ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران دەورونەخشی جەمیلی لە هاریکاریکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێراندا بەرزنرخاند.
دواتر تایەر حەسەن لەرابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەلایەن حیزبەوە وتەیەکی

پێشکەشکرد کە تیایدا چەندین لایەنی جیاوازی ژیانی سیاسیو ڕێکخراوەیی جەمیلی باسکرد. ئاماژەی بەوەکرد کە چۆن جەمیل لەتەمەنی لاوێتیەوە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هەڵسوڕاوەو لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کادری بەرجەستەی "ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران"و دواتر "ڕەوتی کۆمۆنیست" بووە. هەروەها دوای پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە رابەری ئەو حیزبەدا درێژەی بەکاری سیاسی خۆیداوەو بەرپرسی چاپخانەی ڕەوتو دواتر حیزب بووە. دواتریش تا دواساتەکانی تەمەنی کاری ڕێکخراوەیی خۆی لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا درێژەپێداوە. هەروەها باسی لەوەکرد کە چۆن لە دواساتەکانی ژیانیدا لە خەمی سەلامەتی هاوڕێکانیدا بووە لەوکاتەدا کە دەسەڵاتدارانی کوردایەتی لە ١٩ی نیساندا هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەرانو هاوڕێیانی ئێمەش کەوتنە بەردەم مەترسی گرتنو ڕاونانەوە. هەروەکو پیشەی هەمیشەیی باوەشی میهرەبانیو دڵسۆزی بۆ کردونەتەوە.

دوای ئەو ساڵح سەرداری لە رابەری حیزبی حیکمەتیست لە وتەکەیدا وتی کە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی نێران قەرزاری هاوڕێ جەمیلن بەوەی کە بەردەوام هاوکاری کردونو ئیمکاناتو ماڵی خستۆتە خزمەتیانەوەو ئەخشی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی کارەکانیاندا. پاشان ئاسک ئەحمەد ئەویش بەدەوری خۆی ئاماژەی بە کەسایەتی دڵسۆزو میهرەبانی جەمیلداو وتی کە مرۆڤایەتی دڵسۆزترینو ئینسانیترین کەسی لەدەستداوە.

لە بەشی دووەمی مەراسیمەکەدا سلایدێک کە هەندێ وێنەی دەورانی ژیانی جەمیلی لەخۆ گرتبوو پیشاندرا. پاشان چەند هاوڕێو دۆستی جەمیل هەرکەسە ئاماژەیان بە کەسایەتیو دڵسۆزیو ئینسانیەتی جەمیل کردو بەوجۆرە مەراسیمەکە لەناو ڕێزو قەدرزانی بەشداربووواندا بۆ گیانو ژیانی جەمیلو خەباتی ئەپساوەی جەمیل لەپێناو یەکسانیو ئازادیدا کۆتایی هات.

***کۆپنهاگن، دانمارک؛***

ئێوارەی چوارشەممە، ٣١/٨/٢٠١١ کۆڕێکی ڕێزنان لە یادی هاوڕێی جەمیل ئەمین لەلایەن کۆمەڵێک هاوڕێو دۆستو ئاشنایانیەوە لەکۆپنهاگنی پایتەختی دانمارک بەڕێوەچوو.

لەم کۆڕەدا، کەسەرەتا بە دەقیقەیەك وەستانو بێدەنگی بۆ گیانی هاوڕێ جەمیلو بەسرودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکرد، هەریەك لە هاوڕێیان نادر عبدالحمید هاوڕێی لە مێژینەی جەمیل، عوسمان ئەحمەد نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، شێرزاد عمر دۆستی هاوڕێ جەمیلو هیدایەتی مەلاعەلی وتەیان پێشکەش کردو باسیان لە یادگارییەکانی هاوڕێ جەمیل، کارو تێکۆشانی کۆمۆنیستی، شەخسیەتی خۆشەویستو بەرجەستەی کۆمەڵایەتی ئەو کرد. لە کۆتاییشدا هەمووان پرسەو سەرەخۆشی خۆیان بۆخێزانو کەسوکاری هاوڕێ جەمیلو هاوڕێیانی ڕاگەیاند.

***کەرکوك؛***

*هەروەها بۆ یادی چلەی گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیل، کۆمیتەی کەرکوکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراق مەراسیمێکی شکۆداریان بەبەشداری دەیان کەس لە هاوڕێو دۆستانی حیزبو کەسوکارو هاوڕێو ئاشنایانی جەمیل لە شاری کەرکوك بەرپاکرد.*

مەراسیمەکە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانیی رۆژی هەینی رێکەوتی ٣٠/٩/٢٠١١ لە هۆڵی ئەفراحی شاری کەرکوك بەڕێوەچوو کە هەردوو کۆمیتەی کەرکوکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و کوردستان بۆ ڕێزگرتن لەمێژووی خەباتی سیاسی‌و تێکۆشانی ماندوونەناسانەی ئەم رابەرە ئازیزو خۆشەویستەو ئاشناکردنی هاوڕێیان‌و دۆستانی بە ژیانی سیاسی‌و دەرس‌و تەجروبەو ئەزموونەکانی خەبات‌و تێکۆشانی، سازیانکردبوو وە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان‌و دۆستان‌و کەسوکاری هاوڕێ جەمیل ئامادەی بوون.

سەرەتای مەراسیمەکە بەسروودی ئەنتەرناسیونال‌و دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزگرتن لەیادی هاوڕێ جەمیل‌و گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی‌و سۆسیالیزم دەستی پێکردو بەدوایدا وتەیەك لەلایەن زاریا(نینا)ی کچی هاوڕێ جەمیلەوە پێشکەشکرا. پاشان وەك سیمبوڵی بەردەوامیی ڕێبازی خەباتکارانەی هاوڕێ جەمیل سێ مۆم لەلایەن هەر سێ منداڵەکەی هاوڕێ جەمیل "زاریاو ڕواو گوڵێ"وە داگیرسێنران.

پاشان هاوڕێ عوسمان حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب باسێکی سەبارەت بە مێژووی ژیانی سیاسی هاوڕێ جەمیل پێشکەشکرد کە تیایدا بە دووروودرێژی تیشکی خستەسەر زۆر لایەنی ژیانی سیاسی‌و خەبات‌و تێکۆشانی کۆمۆنیستیی هاوڕێ جەمیل‌و چەندین گۆشەی شاراوەو نهێنیی لە خەبات‌و تێکۆشانی بۆ ئامادەبووان ڕۆشنکردەوە.



پاشان بەدوای یەکدا وتەی هەریەك لە بنەماڵەی هاوڕێ جەمیل‌و هاوکارەکانی لە کۆمپانیای ئاسیاسێل پێشکەشکران.

هەر لە درێژەی مەراسیمەکەدا هاوڕێیانی "جەمیل" چەند بیرەوەری‌و یادگارییان لە خەباتی سیاسیی ئەو بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە. مەراسیمەکە بە پێشکەشکردنی چەند پارچە شیعرو مۆسیقاو نمایشی وێنەی قۆناغەکانی ژیانی هاوڕێ جەمیل بەردەوام بوو.

لە کۆتایی مەراسیمەکەدا هاوڕێ عوسمان بەناوی هەرسێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان‌و عێراق‌و حیکمەتیستەوە خەبات‌و تێکۆشانی کۆمۆنیستیی هاوڕێ جەمیلی بەرز نرخاندو ئاماژەیشی بەڕۆڵی بەرچاوو کاریگەری هاوڕێ لەیلای هاوسەری کرد.

*ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە لەلایەن بەڕێز بەندی عەلییەوە بۆ هاوڕێ جەمیل نوسراوەو لە ماڵپەڕی هاوپشتیدا ڕۆژی ٢٥/٨/٢٠١١ بڵاویکردۆتەوە.*



بەندی عەلی - نابی ٢٠١١
بۆ جەمیل ئەمین

ئەڵێن گوایە
مرۆڤە باوەڕدارەکان پێیان وایە
کاتێ کەیەکێکیان ئەمرێ
ئەوە تەنیا جەستەیەتی
لەباوەشی ئەرمونیانی خاك ئەنرێ
رۆحی ئەبێت یان بەگوڵێك
یان بەهەنگێك یان پەپوولە
یان بەڕەنگاڵەیەکی دەنگخۆش

من ئەڵێم خۆ ئەگەر وابێ
هەم ئینجانەی بەڵەکۆنەی ماڵەکانمان
هەم چرای شەوی دیدارمان
هەم لق و چڵی درەختەکانی شۆڕیجەو
ئیمام قاسمیش
ئیتر بێ گوڵو پەپەپوولەو
بێ هەنگو ڕەنگاڵەی یادی
جەمیل نابێ

من جەمیلم نەبینی بوو
وەلێ بەوەی هاوڕێکانی باسی دەکەن
ئەو مرۆڤێك بوو لەڕەنگی گوڵ
مرۆڤێك بوو لەماندوو نەبوونی هەنگو
لەخۆنەویستیی پەپوولەو
ڕەنگاڵەیەك بوو کەتەنیا
بۆ ئازادی دەیچریکان
*******

هەواڵنامەی کتێب

*لە مەراسیمی ڕێزنان لەیادی هاوڕێ جەمیل لە ستۆکهۆڵم/ سوید، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووانی مەراسیمەکە کرد، ئەوەی خوارەوە دەقی وتەکەی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەدە.*




ئامادەبووانی بەڕێز!

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ مەراسیمی ڕێزگرتن لەیادی هاوڕێی تێکۆشەرو زۆر نازیزمان جەمیل ئەمین. من هەم وەکو هاوڕێیەکی نزیکی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی جەمیل کە ڕێزو خۆشەویستی لە رادەبەدەرم بۆی هەبوو، هەم وەکو نوێنەری خانەوادەکەی کە بەتایبەتی لەلایەن لەیلای نازیزی هاوسەری هاوڕێ جەمیلەوە داوام لێکراوەو ڕاسپێردراوم، ڕێزو تەقدیری زۆرم بۆ نیوەی بەڕێزو بۆ ئامادەبوونتان لەم مەراسیمە هەیە. بەراستی خەمو پەژارەی گیان لەدەستدانی جەمیل زۆر قورسو گەورەیە، بەڵام هاودەردی زۆری هاوڕێیانو دۆستانی جەمیلو خەڵکێکی زۆری بە تەنگهاتوو، پارمەتی زۆریدا بۆئەوەی خانەوادەو کەسوکاری جەمیل تەحەمولی ئەم ناخۆشییە بکەن. بەواقعی دۆستانی نازیز ئەو خەمەیان لەگەڵ کەسوکاری جەمیل بەشکرد. دووبارە لەلایەن خۆمو لەیلای نازیزو خانەوادەکەیەوە سوپاستان دەکەم.

بەڕێزان!
منیش وەکو زۆر کەسی تر کە جەمیلیان لە نزیکەوە ناسیوە، هەر بیردەکەمەوەو نازانم چۆن بکەم بۆئەوەی لە چەند دەقەیەکدا باسی کەسایەتی زۆر تایبەتیو عەزیمی ئەو بکەم. سەرئەنجام هەرچیەك بڵێم هەر دەکاتە ئەوەی کە چەند گۆشەو لایەنێك لە کەسایەتی ئەو نیشانبدەم.

من لەنیوەی دووەمی حەفتاکانەوە جەمیلم ناسیوە. بەڵام ئەوکات نەك وەکو پەیوەندی هاوڕێیانەو بە قسەوباس، بەڵکو وەکو لاوێکی بەڕێزو خاوەن ڕەفتاری بەرزو خۆشەویستی گەڕەك ناسیومە. جیلی ئێمە لەو منداڵتر بووینو تێکەڵاویمان نەبوو، بەڵام جەمیل بە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری بەرزی، بەڕێزداریو ناسراوبوونی وەکو کەسێکی ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو، زۆر جێگای سەرنجی خەڵکی گەڕەکو بەتایبەتی جیلی ئێمەی نێوجەوان بوو. ئێمە ئەماندەزانی جەمیل چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام ئامەزرۆی ئەوەبووین کە وەکو ئەوبین، وەکو ئەو ڕەفتار بکەینو خەڵکیش وەکو ئەو چاومان لێبکاتو لە هەموو جێگەیەك بەڕێزو خۆشەویستیەوە باس بکرێین.

لەو کاتەوە کە جەمیل لەسەرەتای لاوێتیدا دەبێت، خانەوادەکەیان بێباوك مایەوە. باوکی بە ئەخۆشی گیانی لەدەستدا. بۆیە هەر لەوکاتەوە جەمیل بەرپرسایەتی سەرپەرشتی خانەوادەیەکی گەورەی کەوتە ئەستۆ، مەسئولیەتی ئەوەی هەم برا بێتو هەم جێگای باوك بگرێتەوە بۆ ٥ خوشکو ٣ برای تر. ئەوە قەزاوەتی خانەوادەکەیانو هەموو خەڵکی گەڕەکە کە جەمیل لەجێگای باوك بوو بۆ ئەو خانەوەدەیەو توانی ڕێگایەکی دروست بخاتە بەردەمیانو وەکو خانەوادەیەکی سەرکەوتوو

ڕێزدارو خۆشەویستی گەڕەك بەرەوپێشیان بەرێتو لە ژیان سەرکەوتوویان بکات.

جەمیل کە پێشتر لەژێر کاریگەری بیری چەپو مارکسیستیدا بوو، لەکۆتایی هەفتاکانەوە دەستی بە هەڵسوڕانی کۆمۆنیستیو شێوەکانی ئەوکاتەی کاری ڕێکخراوەیی کرد لە حەلقەو مەحافلە مارکسیەکاندا. دواتر پەیوەستبوو بە ڕێکخراوی "یەکێتی تێکۆشانی کارگەران"ەوە. من لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەرفەتی ئەوەم پەیدا کرد کە ئەو جەمیلەی دەمێك بوو موعجیب بووم بە شەخسیەتی، لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ بگرمو باسی سیاسی لەگەڵ بکەمو بەرەبەرە هاوڕێیەتیەکی نزیکو نزیکتر لەگەڵی پەیدا بکەم. کەسایەتی جەمیل یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە منی بەرەو مارکسیزم هاندا، بەڵام نەك لەو ڕووەوە کە جەمیل باسی مارکسیزمی بۆ من کردبێت، بەڵکو بەر لەوەی قسەیەکی لەگەڵ بکەم، کەسایەتی بەرزی ئەو ئەوەندە جێگای سەرنجی ئێمە بوو، کە هەر بەو بۆنەیەوە ڕێبازو بیروباوەڕەکەیمان لا موعتەبەربوو.

لەسەرەتای هەشتاکاندا، کۆمەڵێك ڕێکخراوو گروپو مەحافلی مارکسیستی جۆراوجۆر لە کەرکوك هەبوون، کە لەنێوان خۆیاندا ناکۆکو لەگەڵ یەك لە ڕکەبەریدا بوون. جەمیل ئەمین کەسایەتیەکی ناسراوو خۆشەویستو لەواقعدا فوتبێنکی ناوچەیی ئەوکاتەی کەرکوك بوو. هەموو هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستو کەسانی سەر بە ڕەوتو گروپە لەگەڵ یەك ناکۆکەکانیش ڕێزو تەقدیری تایبەتیان بۆ ئەو دادەناو خۆشیان دەویست.

جەمیل یەکێك بوو لەو کەسانەی کە پێوانەکانی جیلو هاوتەمەنی پساندبوو. پەیوەندیو تێکەڵاویو کەسایەتی بەرزی ئەو، تەنها بە جیلی خۆی بەرتەسك نەدەبووەوە، لەگەڵ منداڵو گەنجو کەسانی بەتەمەنیشدا، سەلامو کەلامو باسو تێکەڵاویو هاوڕێیەتی هەبوو. کەسانی زۆر بەتەمەن ڕێزی زۆریان بۆی دادەناو کەسایەتی ئەویان پەسەند دەکرد.

بەڕاستی ئەگەر بڵێم جەمیل بە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی خۆیەوە، واتە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری، ڕێزداریو میهرەبانیو وەفادار، ڕووخۆشیو بە تەنگەوەهاتنی بۆ دەوروبەر... هاوکات بە هەڵسوڕانی سیاسیو فکریو پەیوەندی زۆر فراوانی لەگەڵ خەڵك، بەبێ هیچ زیادەڕۆییەك دەتوانم بڵێم قوتابخانەیەکی کۆمۆنیستی بوو. کەسانێکی زۆر لەم لایەنانەی لە کەسایەتی ئەو کاریگەرییان وەرگرتو بەرەو مارکسیزم هاتن. بۆیە دەڵێم ئەو سەرچاوەیەکی هێزبەخشین بوو بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو هێزی زۆری بۆئەم بزووتنەوەیە بەرهەم هێنا. کەسانێکی زۆر لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو یان بە چاوکردن لە کەسایەتی ئەو، کۆمۆنیزمیان هەڵبژارد.

جەمیل کەسێکی یەکجار جدی بوو، هەمیشە خۆی بەرامبەر بە هەموو کێشەکانی بزووتنەوەو ڕێکخراوەکەی بە مەسئول دەزانی. بە جەستە بچوكو چوستو چالاکەکەیەوە، بەردەوام هەڵدەسوڕا. باوەڕناکەم هیچ هۆکارو کارێکی شەخسی جارێك بەهانە بووبێت بۆئەوەی خۆی لە کارێك لابدات. ئەو باوەڕێکی قوڵی بە کۆمۆنیزم هەبوو، ئەو نموونەیەکی دەگمەن بوو لەو کەسانەی کە کۆمۆنیزمیان کردووە بە بەرنامەو ڕێبازی ژیانی واقعیو ڕۆژانەی خۆیان. لە تێکۆشانو فیداکاری، لە بەهەوڵەوەبوونو وەفاداری بۆ دەوروبەر، لە هاوکاری بێدرێغی هەرکەس پێویستی بەو هەبێت، لە یەکسانیخوازییەکی قوڵ کە لەو دەبینرا، لە ڕەفتاری لەگەڵ خانەوادەو خوشكو براو دایكو دراوسێو هاوڕێکانی. لە هەموو شتێکی شەخسیدا.

جەمیل لە ژیانی سیاسیو ڕێکخراوەییدا لە یەکێتی تێکۆشانی کارگەران، لە ڕەوتی کۆمۆنیستو لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری... دەوری زۆری گێڕاوە، پۆستی جۆراوجۆرو کاری قورسو پڕمەترسی لە ئەستۆ گرتووە، باسکردنو گێڕانەوەی ئەوانە بۆخۆی داستانێکەو بەڕاستی

هەواڵنامەی کتێب

هەڵدەگرێت کتێبی لەسەر بنوسرێت. بەڵام ئەوەی لێرە جێگای باسی منە، جدیەتو پەیگیری ئەوە لە راپەڕاندنی هەر کارێك کە بەو سپێردرابێت. من هیچ نموونەیەکم لا نیەو باوەڕناکەم هیچ کارێك لە بەردەستی ئەودا بە ناتەواوی مابێتەوە. سپاردنی هەر کارێك بە جەمیل مانای زەمانەتی ئەنجامدانی بووە. ئەو هەمیشەو دایم، شەوو رۆژ، بە لەشساغیو بە نەخۆشی، ئامادەباش بوو بۆ هەر کارێك کە پێی سپێردرابێت، نە تەنیا کارو داواکاری حیزبی بەڵکو تەنانەت بۆ داواکاریو هاوکاری شەخسی. من لە هەشتاکانەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیە بووم، هەتا هاتووە نزیکتر بووینەتەوەو تێکەڵتربووین. هیچکات نەمدیوەو باوەڕ ناکەم ساردی بەرامبەر داواکارییەك نواندبێت. تا ئاخرین رۆژەکانی تەمەنی هەمیشە ئەوە رستەیەك بوو دووبارەی دەکردەوە "چ کارێك هەیە بە من بکرێت بۆخۆت بۆ حیزب؟".

لەوکاتەوە کە من لە ساڵی ١٩٩٨ بووم بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب، تا دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە ٢٠٠٨، پەیوەندی حیزبی جەمیل راستەوخۆ لە رێگای منەوە بوو. بەراستی بەدەرلەوەی جەمیلو لەیلا سەروماڵیان نابووە پێناوی حیزب، بۆ هەندێك کار کە لەئاستیدا دادەماینو بۆمان چارەسەر نەدەبوو، پەنام بۆ جەمیل دەبرد، کە بێ کەمو کەسر رایدەپەڕاند. ئیعتبارو جێمتمانەبوونو رێزداری جەمیل لە ئاستێکی فراواندا، خۆی ئیمکانیەتێکی گەورەو کلیلی کردنەوەی ئەو دەرگایانە بوو کە بەڕووماندا دادەخرا.

بەراستی لەدەستدانی جەمیل خەسارەتێکی گەورەبوو، بۆشاییەکی زۆر لە کۆمەڵگاو لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دروست دەکاتو جێگایەکی خاڵی گەورە بەجێدەهێڵێت کە هەرگیز پڕنابێتەوە. ئەو نموونەیەك بوو لە ئینسانیەتو میهرەبانی، لە وەفاداریو لەخۆبوردوویی، لە دڵسۆزیو هاوکاریو بە تەنگەوەهاتن، لە چوستوچالاکیو خۆڕاگری، لە نەفسیەت بەرزیو سادەییو رێزداری بێسنوور. ئەو کێوێك بوو لە هێزو توانا بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. پشتو پەنایەکی گەورەبوو بۆ هەموو دەوروبەرەکەی، سێبەرو زەمانەتو ئەمنیەتێکی گەورەبوو بۆ خانەوادەو هاوڕێیانو دۆستان، بەڕاستی بۆخۆی عاملێکی ئەمنیەتو ئارامی بوو بەهەموو مانایەك لە کۆمەڵگادا.

ماڵی جەمیلو لەیلا، خانەی حیزب بوو، بنکەی رابەری حیزب بوو، جێگای کۆبوونەوەو کارو هەرە ئەمینی حیزب بوو. هەمیشە وابوو. رابەرانو کادرانی حیزب هەمیشەو دایم لەماڵی جەمیلو لەیلادا نوقمی خۆشەویستیو میهرەبانیو رێز بوون. ئەوان هەرگیز تەنانەت لەدەورانی زۆر هەژاریو سەختی ژیاندا، لە نواندنی میهرەبانیو خۆشەویستی ماندوو نەبوونو هەرگیز درێغیان نەکردووە. جەمیل تیۆریسیۆن نەبوو، بەڵام تێگەیشتنێکی قوڵی لە تیۆری هەبوو. جەمیل هەڵسوڕاوێکی سیاسی زۆر چالاکو زۆر جدیو زۆر لێهاتوو بوو. بەڵام جەمیل هەر تەنها سیاسی نەبوو. ئەو لە هەموو بوارو مەیدانێکدا کە خێرو خۆشی بۆ ژیانو بۆ کۆمەڵگا هەبوایە ئامادەبوو؛ ئەو لە چالاکییە جەماوەرییەکانو میتینگو مەراسیمەکان، لە هەوڵەکانی بەرگری لە ئازادیو مافی ژنانو منداڵانو لاوان بەشداری هەبوو، ئەو رۆشنبیر بوو، هونەردۆست بوو، لە کۆڕە ئەدەبیەکان ئامادەبوو، لە نمایشنامەکان ئامادەبوو، لە پێشانگا هونەرییەکان ئامادەبوو، لە کۆنسێرتەکانی گۆرانیو مۆسیقا ئامادەبوو. بایەخی بە زانستو زانیاریو تەکنۆلۆجیای تازە دەدا، بایەخی بە هەموو بوارێکی ژیانو چالاکیە جۆراوجۆرەکان دەدا.

*هاوڕێ ڕەحمانی حسەینزادە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی-حکمەتیست ئەم پەیامەی بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ جەمیلەوە ئاراستەی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراقو کەسوکاری هاوڕێ جەمیل کردووە. دەقی فارسیی پەیامەکە لەکۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.*

<u>بەبۆنەی مەرگی ناوەختی هاوڕێ جەمیل ئەمینەوە</u>

پەیامی سەرەخۆشی



مەرگی بە ناوەختی هاوڕێ جەمیل ئەمین کۆستێکی گەورەیە بۆ خێزانو کەسوکاری ئازیزی ئەو، بۆ جوڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێمەو بەتایبەت بۆ هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستان کە هاوڕێ جەمیل مێژوویەکی پرشنگداری خەباتی لەنێو هەردوو حیزبەدا هەبووە. هەروەها بۆ حیزبی حیکمەتیستیش کە زۆرێك لە ئەندامانی ڕابەرییەکەیو کادرەکانی شانازی ئاشناییو هاوکاری نزیکمان لەگەڵ هاوڕێ جەمیل ئەمین پێ براوە، لەدەستدانی ئەو زیانێکی گەورەو کەسەرێکی قورسە. هاوڕێ جەمیل ساڵانێکی زۆر هاوکارێکی کاریگەرو یارمەتیدەرێکی دڵسۆزی بردنەپێشی هەڵسوڕانەکانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست لەپەیوەند لەگەڵ کوردستانی ئێران بوو. بێگومان جەمیل ئەمین سیمبوڵی بەرجەستەی ئینسانیەت، دڵسۆزیو شۆڕشگێری کۆمۆنیستی بوو.


لەلایەن ڕابەرایەتیو هەموو هەڵسوڕاوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی-حیکمەتیستەوە بۆ مەرگی هاوڕێی خۆشەویستو لەیادنەچوومان جەمیل ئەمین سەرەخۆشی لە خێزانی ئازیزی ئەو و کەسوکاریو لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراقو هەموو هاوەڵانو دۆستانی ئەکەم.

بەرزو بەرێزە یادی جەمیل ئەمین

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی-حیکمەتیست
ڕەحمان حسێنزادە
١٧-٨-٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب

# پەیامی کۆبوونەوەی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست
# بۆ یادەوەری هاوڕێ جەمیل ئەمین



مانگی رابردوو، شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست، روخسارێکی ناسراوی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراق، هاوڕێ جەمیل ئەمین بۆ هەمیشە جێیهێشتین. دەیان مەراسیمو گردبوونەوە کە لە عێراقو کوردستانی عێراقو لە شارە گەورەکانی ئەوروپاو کەنەداو ئوسترالیا بۆ رێزلێنانو یادەوەری ئەو سازدران، تەنیا رەنگدانەوەی بەشێك لە خۆشەویستی ئەم کۆمۆنیستە بەرجەستەو هەمیشە لەیادەی نیشانداین. مەرگی جەمیل ئەمین بۆ حیزبی حیکمەتیستو کۆمیتەی کوردستانی حیزبیش خەسارەتێکی مەزنو زەربەیەکی عاتیفی قورس بوو. جەمیل هاوکارێکی کاریگەرو یارمەتیدەری رێکخراوی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست بوو لە راستای بەرەوپێشبردنی هەڵسوڕانی خۆی لە پەیوەند بە کوردستانی ئێرانەوە.

بەم بۆنەیەوە لە دوا دانیشتنی خۆی لە رۆژی سێهەمی ئەیلولدا کۆمیتەی کوردستان سەرەتا یەك دەقیقە بێدەنگی بۆیادی ئازیزی ئەو راگەیاند. بەدوایدا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە وتاری خۆیدا بەشێوەیەکی بەربلاو جێگاوشوێنی بەرجەستەی جەمیل ئەمینی لەناو جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریو هاوکاری بەرفراوانی ئەوی لەگەڵ رێکخراوی کوردستانی حیزبدا خستەڕوو وە قەدرزانینی قوڵی خۆی بۆ جەمیل راگەیاند.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی کوردستانی حیزب بە راگەیاندنی ئەم پەیامە، لە خەمو پەژارەی لەدەستدانی جەمیل ئەمینی ئازیزدا لەتەنیشت خانەوادەی میهرەبانی ئەو و کەسوکاریان، وە لەکەناری هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستانەوە راوەستێ. سەرەخۆشی خۆی بۆ مەرگی لەناکاوی ئەو بەهەمووان رادەگەیەنێت. شانازی ئەکات بە هاوچارەنووسیو هاوکاری ئەم کۆمۆنیستە خۆشەویستەوە لەگەڵ رێکخراوی کوردستانی حیزبدا.

بژی یادی جەمیل ئەمینی ئازیز

کۆبوونەوەی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست

٦ ئەیلوول ٢٠١١

*هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو هاوڕێی دێرینی هاوڕێ جەمیل، لە مەراسیمی یادی هاوڕێ جەمیل ئەمین‌دا لە کەرکوك کە ڕۆژی ۳۰/۹/۲۰۱۱ واتە دوای ٤٠ ڕۆژ لە گیان لەدەستدانی لەلایەن هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستانەوە سازدرا، وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کردو زۆر لایەنی ژیانی سیاسیو حیزبیی هاوڕێ جەمیلی ڕوونکردەوە ئەمەیش دەقی وتەکەی هاوڕێ عوسمانە:*



بە پێویستی دەزانم کە لەم مەراسیمەدا باس لە مێژووی هەڵسوڕانی سیاسیو ژیانی هاوڕێ جەمیل بکەم. باس لە چۆنێتی بیرکردنەوەو چوونەپێشەوەی هەنگاو بە هەنگاوی هەڵسوڕانی سیاسی ئەوتان بۆ بکەم.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۹۷۸ لە شاری کەرکوك لەماڵی هاوڕێ نەجمەدین فاتح ناسراو بە شێروان دیداری هاوڕێ جەمیلم کرد، کە هاوڕێ نەجمەدین لە ساڵی ۱۹۸۲ گیانی بەخت کرد. ئەو کاتەی هاوڕێ جەمیلم ناسی ئێمە لە حەلقەو مەحافیلی مارکسیدا، لە سلێمانیو هەولێرو بەغدادو کەرکوكو موسڵ هەڵسوڕاومان هەبوو، هاوڕێ جەمیل کەسێکی ناسراوی ناو ئەو حەلقاتانەی شاری کەرکوك بوو.

ئەو کاتە بەلای حەلەقاتە مارکسیەکانی ئێمەوە سنووربەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزم گرنگ بوو، چونکە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا مارکسیزم تێکەڵکرابوو بە فکری ناسیۆنالیستیو کوردایەتی. جەدەلی ئێمە لەسەر قەبوڵ نەکردنی ئەو بۆچوونو فەزایەی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی بوو. باوەڕمان بە پێکهێنانی حیزبێکی مارکسی عێراقی بوو بۆ ڕابەرایەتیکردنی خەباتی کرێکارانی عێراق. ئەمانە بۆچوونی سیاسی سەرەتایی ئێمە بوو. ئەمجۆرە حەلقانە تا ساڵی ۱۹۸۱ بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی ڕێکخراوی یەکێتی تێکۆشانی کارگەران پێکهێنرا، کە هاوڕێ جەمیل یەکێك لە کادرو ڕابەرانی بەرجەستەی ئەو ڕێکخراوە بوو.

بەجیا لە هەر فکرو بۆچوونێکی ڕێکخراوی کارگەران کە زیاتر بەدەوری بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگدا قەراری گرتبوو، لەهەماتکاتدا هەوڵی ئەدا لەڕێگەی ڕێکخستنی هەڵسانو خەباتی جەماوەرییەوە شەڕ لەگەڵ حکومەتی بەعسدا بکات. لە دەورانێکدا بوو کە هێزەکانی کوردایەتی لەڕێگەی شەڕو هێزی چەکداریو چوونە شاخەوە سیاسەتیان دەکرد، بەڵام ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران بەشێك لە هەڵسوڕانی سیاسی خۆی بەخەباتی جەماوەریو ڕێکخستنی زەحمەتکێشانو

کرێکارانەوە گرێدابوو. هاوڕێ جەمیل کەسێکی هەڵسوڕاوی ئەو مەیدانە بوو. لە خۆپیشاندانەکانو مانگرتنەکاندا دەهاتە مەیدانو رابەرایەتی دەکرد. لەساڵانی ١٩٨٢، ١٩٨٣ و ١٩٨٤دا هاوڕێ جەمیل یەکێك بوو لە چالاکوانانی ئەم بوارە.

بەدوای شۆڕشی ئێراندا کە رەوتێکی تازە بەناوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە لە رەوتی گەشەی بزووتنەوەی کۆمۆنستیدا هاتەمەیدانو پاشان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دامەزرا، باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕو سەروسەدای حیزبی کۆمۆنیستو شەخسیەتی مەنسور حیکمەت سایەی کرد بەسەر چەپی کوردستانی عێراقدا. رێکخراوی کارگەرانیش لەگەڵ بەردەوامی بە هەڵسوڕانی سیاسی خۆی لەماوەی ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٨٥ بەڵام بیروباوەڕەکانی بە ماوتسیتۆنگ لەقبوو. لە دواتردا پراتیکی سیاسیشی بەنبەست گەیشت. بەشی زۆری رابەرو کادرەکانی کارگەران رەخنەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە شێوەکاری پۆپۆلیستیو هاوپەیمانێتی خەباتی چینەکانی قەبوڵ کردو باوەڕیان هێنا بە گەڕانەوە بۆ مارکسو هاتنەمەیدانی سەربەخۆی خەباتی کرێکاران بۆ شۆڕشی سۆشیالستی.



بەردەرکی سەرا- سلێمانی- کۆبونەوەی یەکی ئایاری ساڵی ٢٠١٠
لەراستەوە: لەیلا محمد، ئەغەدە عوسمان، عوسمانی حاجی مارف، جەمیل ئەمین، بەکر(مام خاڵ). ریزی دواوە سامان کریم .

یەکێك لەوانەی زۆر زوو ئەم بۆچوونانەی قەبوڵ کرد، هاوڕێ جەمیل بوو. ئەو بۆچوونەی کە دەبێت کرێکاران بۆ شۆڕشی سۆشیالستی خۆیان بێنە مەیدانو ریزەکانیان لە بۆرژوازی جیابکەنەوە. کرێکاران دەبێت سەربەخۆبنو خەباتیان لەپێناو سەرکەوتنی سۆشیالیزمدا بەرنە پێشەوە، هاوڕێ جەمیل زوو ئەم بۆچوونەی قبوڵ کردو بوو بەیەکێك لە رابەرانو هەڵسوڕاوی ئەم بۆچوونە تازەیە.

هەر ئەم بۆچوونە کە هاتەناو کارگەرانەوە، کارگەرانی بەرەو کێشەی رێکخراوەیی بنبەستی سیاسی برد. ئێمە کۆمەڵێك بووینو پێمانوابوو کە راستە مارکسیستینو دیراسەمان کردوە، بەڵام هێشتا کەموکوریمان لەوبارەوە زۆر هەیە. پێویستە هێشتا زیاتر بەشوێن دیراسەی قوڵتری مارکسیزمەوە بین. هاوڕێ جەمیل یەکێك بوو لەو هاوڕێیانەی لەریزی ئەم ئاراستەیەدا وەستا، دواتریش هاوشانی یەکتر پێکەوە لەسەر ئەو بۆچوونانە رێکخراوی "رەوتی کۆمۆنیست"مان

دروست کرد.

ڕەوتی کۆمۆنیست لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٩٠ سەرباری مەشغەڵەی بە دراسەکرنی ئەدەبیاتی مارکسیەوە، دەرگیری کێشەو شەڕێکی ناوەختو بێمانا بوو، لە دەرەوەی خۆمانو لەناو چەپدا...هتد. تەنانەت ئەو شەڕانە هەڕەشەی لەژیانو ئەمنیەتی شەخسیمان دەکرد. بەڵام ڕەوتی کۆمۆنیست توانی بەبێ دەردیسەر بەسەر ئەو کێشانەدا سەرکەوێت. یەکێك لەوانەی جەسورانە بەرەنگاری ئەو هەڕەشانە بووەوە هاوڕێ جەمیل بوو. یەکێك لە پاڵەوانی ئەسڵی ئەو دەورە، هاوڕێ جەمیل بوو، بەتایبەتی لە کەرکوك. ماڵ بە ماڵ دەگەڕا بەشوێن ئەوانەی کێشەیان بۆ دروست دەکردینو پێی دەوتن: "ئێوە ناتوانن بەر بەهەڵسوڕانی سیاسی ڕەوتی کۆمۆنیست بگرن." ڕەوتی کۆمۆنیست درێژەی بەکارەکانی خۆیدا تا پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو بوونی ڕەوت بە یەکێك لە ڕێکخراوە سەرەکییەکانی پێکهێنەری حیزب.



هاوڕێ جەمیل ئەمین لەکۆنگرەی دوەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ هاوڕێ نوری بەشیر

شتێك کە دەبێ بەجیا لە هەڵسوڕانی سیاسی هاوڕێ جەمیلو ئەخشی ئەو لەناو ڕێکخراوەکەدا ئاماژەی پێ بکەم، مەیدانێکی زۆر گرنگی ژیانی سیاسی هاوڕێ جەمیلە. هاوڕێ جەمیل بێجگە لەوەی ئەندامی کۆمیتەی کەرکوك بوو، دواتریش بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست، وە لەناو ڕێکخستنەکانی کەرکوکدا دەوری بەرچاوی بوو، بەڵام گەورەترین دەوری گرنگو مەسئولیەتی مێژوویی، کە هاوڕێ جەمیل گرتبوویە ئەستۆی لەو دەورانەدا، کە سەختترین کار بوو، بەڕێوەبردنی چاپخانەی ژێرزەمینی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو.

کەم کەس هەن ئامادەبنو بتوانن ئەم کارە جێبەجێ بکەن. کارێك بوو تا بڵێی سەختو تاقەت پروکێنو خەتەرناك بوو، دووری دەخستیتەوە لەزۆر شت. لەوەی کەسوکارت سەردانی ماڵت بکەنو... بەڵام دڵسۆزی هاوڕێ جەمیلو باوەڕی مەتینی بە شۆرشی کرێکاری وایکردبوو کە ئەوکارە زۆر بەئاسانی وەربگرێ. پاڵەوانێتی هاوڕێ جەمیل ئەوەبوو کە خۆی پێداگری دەکرد لەسەر وەرگرتنی مەسئولیەتی چاپەمەنی ڕەوتی کۆمۆنیست. ئەوەبوو نزیکەی چوارساڵ بەردەوام نیدارەی ئەوکارەی کرد. ئەوەی ڕاستی بێت کەم کەس ئامادەیی ئەوەی تیا هەیە کە ژیانی خۆیو منداڵەکانی لە کارێکی وەهاوە بگلێنێ، چونکە کارێکی زۆر سەختو مەترسیدار بوو. کارێ بوو کە تەواو دووری دەخستیتەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت. بەداخەوە بۆماوەی چوارساڵ هاوڕێ

جەمیل تەنانەت نەیدەتوانی کەسوکاری خۆشی سەردانی بکەن. ئەو چەند ساڵەی کە هاوڕێ جەمیل دەبوو شوێنی ژیانی خۆی بشارێتەوە لە هەموو کەس، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە مەسئولیەتی چاپخانەی رەوتی کۆمۆنیستو دواتریش بۆماوەیەك حیزبی کۆمۆنستی کرێکاریی عێراقی لە ئەستۆ بوو. پێمخۆشە هاوڕێ لەیلا یان هەر هاوڕێیەکی دیکە کە لە نزیکەوە ئاگاداربووە، باس لە هەلومەرجی ئەوکاتەی جەمیل بکاتو باسی ئەوە بکات کە چۆن کارەکانی بەڕێوە دەبرد. بە بۆچوونی من چۆن چاپخانەی "نینا"ی بەڵشەفیکەکان باس دەکرێت، پێویستە بە هەمانشێوە باس لە دەورو ئەخشی هاوڕێ جەمیل بکرێت لە لەئەستۆگرتنی چاپخانەی رەوتی کۆمۆنیستو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا.

لە سەروبەندی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا هاوڕێ جەمیل یەکێك بوو لەوانەی کە پێشڕەوانەو بەئومێدی گەورەوە بەحیزبو دڵسۆزی بۆ حیزبو حیزبیەت جێگای خۆی لەحیزبدا پەیداکردو هاتەپێشەوە. بەخۆیو مەسئولیەتی لە چاپخانەکەدا لەریزی پێشەوەی دامەزراندنی حیزبدا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی چاپخانەی لەئەستۆدا بوو، وەلەپێناو پاراستنی نهێنی چاپخانەکەدا فرسەتی خۆ کاندید کردنی بۆ کۆمیتەی ناوەندی بەرتەسك بووبووەوە. بەڕاستی دەورێکی مێژوویی گرنگی بینیو کارو بەرپرسیارێتیەکەی کاری ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بوو وە هیچی کەمتر نەبوو لەکاری سکرتێری حیزبو هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی.



هاوڕێ لەیلا ی هاوسەری هاوڕێ جەمیل، لەگەڵ دوو کچەکەی نینا لای راستەوە، گوڵی لەمەراسیمی رێزنان لە گیانی هاوڕێ جەمیل لە سلێمانی

بەڵام لێتان ناشارمەوە ئەوجۆرە کارە ژیانی هاوڕێ جەمیلی لەهەموو لایەنێکەوە زۆر سەختو نارەحەت کردبوو. ماوەی ٤ ساڵ تەنها ئەوە کارو ژیانی خۆی بوو لەگەڵ لەیلای هاوسەریو دوو منداڵدا (زاریاو بروا). لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان دابڕاوبوون. داهاتی ئابوورییان تەنها کۆمەکی مانگانەی رێکخراوی رەوتو دواتر حیزب بوو. بەجیا لەوەی هیچکات نارەحەتی خۆی لەو وەزعە نیشان نەئەدا، بەڵکو هەمیشە بە شۆڕوشەوقو جدیەتەوە کارەکانی رادەپەڕاند، بەڵام ئەوە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانیان دروست کردبوو.

سەرباری ئەوەش ئەو ئامادەبوو بەردەوامی بەوکارە بدات، بەڵام بۆئێمە ئیتر نەدەکرا بەوە رازی بین، ئەوەبوو رێککەوتین لەگەڵیدا کە ئیتر پێویستە بیر لەژیانی خێزانیو منداڵەکانی بکاتەوە، چونکە کارێك کە ئەو دەیکرد زۆر لە هەر کارێکی پێشمەرگایەتیو سەربازیش سەختتر بوو. بۆیە حیزب رێگەی پێدا پشوو بداتو بە تەنگ ژیانی خۆیو خێزانو منداڵەکانیەوە بێت. ئەگەرچی حیزب

ئامادەبوو هاوکاری بکاتو کۆمەکی بکات، بەڵام ئەو خۆی قبوڵی نەبوو. ئەوەبوو خۆی بڕیاری‌دا کە قورسایی مەسئولیەتی گوزەرانی خۆی‌و منداڵەکانی بگرێتە ئەستۆ. ئەوەبوو نەك زۆر سەرکەوتووانە توانی ئەو بەرپرسیارێتیە ئەنجام بدات بەڵکو ماڵەکەی کردە بنکەیەکو ئیمکاناتێکی گرنگ بۆ رابەری حیزب.

هەمیشە دەرگای ماڵەکەی بە رووماندا کراوەبوو. هەمیشە ماڵەکەی ئامادەبوو بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و ئێران. هەمیشە ماڵەکەی جێگەی کۆبوونەوەو حەوانەوەی ئێمە بوو، شوێنی پلنیۆمەکان بوو، شوێنی کۆبوونەوەکان بوو، شوێنی مەکتەبی سیاسی بوو. ئەمە گەورەیی هاوڕێ جەمیل لە دەورەیەکی تری ژیانی سیاسیدا دەردەخات. بڕیار بوو ماڵی بۆخۆی هەبێ، بەڵام هەمیشە لە خزمەتی ئێمەدا تەرخانی کردبوو. شتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، ئەو تەنانەت کلیلی ماڵەکەشی دابوو بە من، وتی پێویست ناکات تۆ لە دەرگا بدەیت، فەرموو خۆت هەر کاتێك پێت خۆش بوو وەرە ماڵەوەو تکایە لە دەرگا مەدە. پاش ماوەیەك چووم بۆ ماڵیان‌و لە دەرگامدا. کە دەرگاکەی لێ کردمەوە وتی "بۆ لە دەرگا دەدەیت، کلیلت پێ نیە؟" وتم "کلیلەکەم ون کردوە." دەستی کرد بە گیرفانیداو کلیلێکی تری دا پێمو وتی "ئەگەر ئەمەش ون بوو، یەکێکی ترت دەدەمێ." هاوڕێ جەمیل ئامادەیی بۆ ئەم حیزبە هەمیشە بەوشێوە بەرزەو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە نیشان دەدا.



مەسەلە کرێکاری‌و مارکسیستی‌و شۆڕشگێڕییەکان‌و رێکخستنی کرێکاران لەشوێنی کارو ژیانیانداو حکومەتی کرێکاری، کۆمەڵە بابەتێك بوون کە لە فکری ئەم بزووتنەوەیەدا رۆژبەرۆژ گەشەی دەکرد. هاوڕێ جەمیل یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر بەخێرایی ئەمانەی قبوڵ دەکرد. هاوڕێ جەمیل بڕوای پتەوی بەوە بوو کە کرێکاران دەبێت دەسەڵاتی خۆیان هەبێت، کرێکاران دەتوانن یەکسانی بەدەست بهێنن، کرێکاران دەتوانن سۆسیالزم بەدەست بهێنن، کرێکاران دەتوانن کۆتایی بە نایەکسانی بهێنن...هتد. ئەمانە هەمووی لە بیروبۆچوونی هاوڕێ جەمیلدا زۆر پێشڕەوانە جێگەی گرتو دەخاڵەتی دەکرد.

پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، کە زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و جوغرافیایی هێنایە پێشەوە، هاوڕێ جەمیل یەکێك بوو لەوانەی کە فەورەن پێشوازی لێکردو ئامادەیی خۆی بۆ کارکردن لەگەڵیدا نیشاندا. هەروەها پێشتر لەسەر مەسەلەی ریفراندۆمو

سەربەخۆیی کوردستان، یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر خێرا هاتە پێشەوەو پشتیوانی لێکردن‌و ئامادەیی هەمووجۆرە کۆمەکێکی نیشانداو هەڵسوڕاوێکی ئەو مەیدانە بوو.

وەك ئەندام‌و کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان مەسئولیەت‌و ئامادەیی خۆی سەلماندو بەتایبەت لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا ئەم مەیلەی زیاتر نیشانداو بەشداری کۆنگرەی کرد، وێڕای ئەو هەموو نەخۆشییەی‌و بارودۆخێکی تەندروستی خراپی، هاتە کۆنگرەکەو دانیشت‌و بەشداریکرد. ئومێدی بەکۆنگرە زۆر بوو وەئامادەیی ئەوەی نیشاندا کە هەموو ئەو کارانەی لە حیزبی عێراقدا ئەنجامی‌داوە ئامادەیە بەزیادەوە لە حیزبی کوردستاندا ئەنجامی بدات، بەڵام بەداخەوە سەختی نەخۆشییەکەی‌و باری ژیانی، ڕێگەی پێنەدا کە درێژە بەو کارەی بدات.

کەم کەس هەیە بە ئەندازەی هاوڕێ جەمیل حەقخوازو دڵسۆزبێت بەرامبەر بە مەسەلەی یەکسانی ژنان‌و پیاوان. لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا، هەم لەگەڵ هاوڕێ لەیلا هەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، زۆر بەرجەستەو دیارو زیندوو مامەڵەی دەکرد. لەپەیوەند بەمافی منداڵان بەهەمان شێوە جدی‌و مرۆڤدۆستانە بوو کە لە ژیانی خێزانی‌و مامەڵەی منداڵەکانیدا بینینە بوو.

مەسەلەیەك کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بدەم، هاوشانی ئەو هەموو کارو چالاکی‌و ژیانە سەختەی هاوڕێ جەمیل، هاوڕێی ژیانی هاوڕێ لەیلا، گەورەترین مەسئولیەتی پیشانداوە، گەورەترین دەوری گێڕاوە لە ژیانی هاوڕێ جەمیلدا، هاوڕێ لەیلا دەورێکی عەزیمی بینی. بەجیا لەوەی لە ژیانی سیاسیدا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا بووەو پشتیوان‌و هاوکاری بووە، بەڵام لەکاتی نەخۆشیەکەیدا دەورێکی بەرچاوترو عەزیمتری بینی. ئەوکارەی هاوڕێ لەیلا هاوکات وەکو مەسئولیەتێکی حیزبی بوو لە سەرپەرشتی‌و چاودێریی دڵسۆزانەی هاوڕێ جەمیل‌و لەپەیوەند بەژیان‌و ئازارەکانیەوە. لەگەڵ ئەو هەموو وەزعە سەخت‌و ناڕەحەتیە تەندروستیەی هاوڕێ جەمیلدا، هەردووکیان واتە لەیلاو جەمیل بەردەوام زۆر دڵسۆزانە دەرگایان بۆ کردبووینەوە. من لێرە بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران – حیکمەتیست تەقدیری هاوڕێ لەیلا دەکەم بۆ ئەو هەمو ماندووبوونەی.

روەها دەمەوێ ئاماژە بە مەسەلەیەك بکەم کە هاوڕێ جەمیل تا دواهەناسەی ژیانی‌و چەند رۆژ پێش ئەوەی گیان لەدەست بدات، بەردەوام تەلەفونی بۆ من دەکرد، دەیوت: "چ کارێك هەیە من بیکەم، چی بە من دەکرێت!؟" کاتێ ئەم قسانەی بە تەلەفون بەمن دەوت کە لە دواساتەکانی ژیانیدا بوو. لەوپەڕی ئازاری نەخۆشیەکەیدا بوو، بەڵام بەم ئامادەییەوە دەهاتە پێشەوە.

هاوڕێ جەمیل بەجیا لەوەی کادرو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بوو، بەڵام هەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران–حیکمەتیست، بە ئەندامی خۆیان داناوە. لەبەرئەوەی لە هەرسێکیاندا بە بێدرێغ ڕۆژانە کاری بۆ کردوون‌و لە سەرخستنی کارەکانیاندا دەوری گێڕاوە. کەم کادر هەیە بتوانێت لە سێ حیزبدا بەوشێوەیە دەور بگێڕێت، وێڕای مەسئولیەتی ماڵ‌و بەو بارە تەندروستیە سەختەشەوە. نموونەیەکی عەزیم‌و بەرجەستە بوو.

دوبارە سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم، هیوادارم دواناخۆشیمان بێت. یادی هاوڕێ جەمیل زیندووە!

*هاوڕێ تایەر حەسەن کەسایەتی ناسراوو یەکێك لە رابەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستانو عێراق، هاوڕێی حیزبیو نزیکی جەمیل، لەم وتارەی خوارەوەدا هەندێ لایەنی بەهێزی کەسایەتی جەمیل دەخاتەڕوو کە چۆن لە سەختترین کاتەکانی ژیانیدا لەخەمی هاوڕێیانو رابەرایەتی حیزبدا بووەو چۆن لەنزیکەوە لە نارەزایەتیو خەباتی خەڵکی چەوساوەدا بەشداربووە. تایەر حەسەن بەمجۆرە باسی جەمیل دەکات:*



جەمیل ئەمین:
لەبەردەرکی سەرا ئازارم کەمتر دەبێتەوە!

ئەو دڵە گەورەیەی کە هەموومانی تێدا بووین،
لەلێدان کەوت!
ئەو چاوەی کە هەموومانی دەبینی، بۆ هەمیشە
نوست!

تاهیر حەسەن
٢١ی ئابی ٢٠١١

بەداخوکەسەرێکی زۆرەوە رۆژی ١٧ی ئابی ٢٠١١ هاوڕێوخۆشەویستی٢٣ ساڵەم "جەمیل ئەمین" لەکاتێکی ناوەختو زوودا بۆهەمیشە بەجێیهێشتین. ئەو دڵە گەورەیەی کە هەموومانی تێدا بووین، لەلێدان کەوت. ئەو چاوەی کە هەموومانی دەبینی، بۆهەمیشە لێکنراو نوست. بەڕاستی پەنجەو قەڵەم دەستەوەستانە لە وێناکردنی ئینسانییەتو شۆڕشگێڕیو پەیگیری ئەم ئینسانە عەزیمە کۆمۆنیستە، کە بەدرێژایی نزیکەی چوار دەهە بۆیەك ساتێکیشو تا دواهەناسەی لێیدانەبڕا.

هەر کۆمەڵگەیەك ئینسانی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی هاوشێوەی "جەمیل ئەمین"ی زۆر بێت، ئەو کۆمەڵگەیە لە ئینسانییەتدا دەوڵەمەندترە، لەشۆڕشگێڕیدا بەئەزموونترە، بەرەی ئازادیخوازیو سۆسیالیستەکەی مەحکەمترە. ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕەی مەنسورحیکمەت بین کە ، "بناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، وسۆسیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان". ئەوا جەمیل ئەمین نموونەی ئینسانییەتو سۆسیالیست بوو. کێوێك بوو لە ئیرادەو ئومێد پێدان بەحیزبەکەیو هەموو ئەوکەسانەی دەیانناسی. بەڕاستی مەرگی ناوادەی رابەری کۆمۆنیستو سۆسیالیست جەمیل ئەمین زیانێکی نێجگار گەورە بوو لە کۆمەڵگەی کوردستانو حیزبی کۆمۆنیستو بەرەی ئینسانییەتو پێشکەوتووخوازی کۆمەڵگە کەوتو بەهیچ شتێك پڕ نابێتەوە.

ساڵی ١٩٨٨من بۆ یەکەمین جارو لەڕێگەی ڕێبوار ئەحمەدەوە، لەشاری کەرکوك شەهامەتی ناسینی "جەمیل ئەمین"م پێبڕا. لەیەکەمین دیدارمدا کە هێشتا بەهیچ شێوەیەك ئەمدەزانی کە ئەو کۆمۆنیستەو بیروباوەڕی مارکسیستی هەیە، بەڵام قسەکانی، سادەییەکەی، میهرەبانی لەڕادەبەدەری، بەتەنگەوەهاتنی بێوێنەی، بوێریو چاونەترسیو ئینسانییەتی قووڵی، دەمودەست بەیانی گەورەییو شۆڕشگێڕی ئەو ئینسانەی بۆ کردم. منو جەمیل ئەمین ساڵێك لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوك پێکەوە بووین. هەرکاتێك لەهەر سووچێکی پەیمانگادا بمبدیایە، پۆلێك خەڵکی لەگەڵدا بوونو پێکەوە قسەیان دەکرد. هیچ کەسێك نەبوو ئەو نەناسێ ، کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحی هەموو خۆشیان دەویست.

من دەمزانی کە جەمیل ئەمین کۆمۆنیستە، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩٣ ئەوەم بۆ ئاشکرابوو، کە یەکێك بووە لە کادرە بەرجەستەو لێبڕاوەکانی "ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران"ی دەیەی هەشتاکان‌و دواتریش یەکێك بووە لە ڕابەرانی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" کە یەکێك بوو لە ڕێکخراوە سەرەکییەکانی دامەزاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە تەمموزی١٩٩٣دا. جەمیل ئەمین لەپێناو یەك هەنگاو چوونەپێشەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق‌و کوردستان، یەك چرکە دوودڵی لە لەئەستۆگرتنی هیچ کارێکدا نیشان نەدەدا. سەروماڵی خستبووە پێناو حیزب‌و بزووتنەوەکەی. بەرلەوەی حیزبی کۆمۆنیست بارەگای ئاشکرا لەشارەکانی کوردستاندا بکاتەوە، بۆماوەی نزیك بە ساڵێك تەواوی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هیدایەتی هەڵسوڕانی حیزب لە کوردستان لە ماڵەکەی ئەوەوە دەکراو من خۆم هەر لەماڵەکەی ئەو بووم. بۆ تەنیا یەك جاریش ڕوخسارێکی ناڕەزایەتی‌و ناڕەحەتیم لە سیمای جەمیل‌و لەیلای هاوسەریدا نەبینی، بەپێچەوانەوە هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژی پێشوو زیاتر نوقمی میهرەبانی‌و خۆشەویستیان دەکردین. باوەڕناکەم لەماوەی تەمەنی کورتی (٥٥)ساڵەی ئەم ئینسانە عەزیمەدا دڵی هیچ ئینسانێکی بریندار کردبێ. ئەو هەرچەندە بێئەندازە تیژ بوو لەباری سیاسیەوەو بەهیچ شێوەیەك سازشی لەسەر بیروڕای خۆی نەدەکرد، بەڵام هەرگیز نەیارانی خۆی بریندار نەدەکرد. بۆیە تەنانەت نەیارانیشی خۆشیان دەویست‌و ئیحترام‌و ڕێزیان لێدەنا.

من لەو بڕوایەدام جەمیل ئەمین لەسەرەتاوە لەسەری ئایدیۆلۆژیەوە نەبووە بە مارکسیست‌و کۆمۆنیست، بەڵکو ئینسانییەتی قووڵی ئەو، ئەوی بەرەو سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزم پاڵپێوەناوە. چونکە ئینسان‌و ئینسانییەت لەلای ئەو پێشقەرزی هەر قەوم‌و دین‌و ئایدیۆلۆژیاو سنوورو وڵات‌و ڕەگەزێك بوو. ئەو هەموو شتێکی بۆ دەوروبەرەکەی بوو. دەستی بەڕووی داوای هیچ کەسێکەوە نەدەنا. تەنانەت لەکاتی نەخۆشیەکەشیدا ئەو دەرمانانەی کە کەسوکارو هاوڕێیانی لە ئەوروپاوە بۆ ئەویان دەناردەوە بۆ کوردستان، کەسانێك کە لە جۆری نەخۆشیەکەی ئەویان هەبووو داوای دەرمانیان لێدەکرد، هەرچەندە هێشتا بۆی مەعلوم نەبوو، کە بەشی خۆی دەکات یان نا، لەگەڵی دەکردن بە دوو بەشەوە.

جەمیل ئەمین لە ململانێی پێنج ساڵەیدا لەگەڵ نەخۆشییە سەختەکەیدا، نموونەی بەرزی ئیرادە بوو. هیچ کاتێك نەبوو من یان هاوڕێیان لێیان پرسیبێت ئێستا چۆنی، ئەو وتبێتی خراپم. نەك هەربەوپەڕی عەزم‌و ئیرادەو دەم بەخەندەوە باشی خۆی نیشان دەدا، بەڵکو بە هەواڵپرسینی وەزعیەتی حیزب‌و هاوڕێیانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان، مەوزوعەکەی دەگۆڕی.

عەزیمترین ڕوادو کە هەتا لەژیاندا مابم لەبیرم ناچێتەوە ئەوەیە، کە ڕۆژی ٦/٤/٢٠١١ لەڕێگای لەیلای هاوسەری جەمیل ئەمینەوە لەوە ئاگادار بووین، کە دووبارە جەمیل براوەتەوە بۆ خەستەخانە. ئێمەش وتمان ئێوارە دەچین بۆ خەستەخانە. هەرئەو ئێوارەیە کاتێك من لەسەرای ئازادی لەسەر مینبەر بووم‌و قسەم بۆ خۆپیشاندەران دەکرد، لەبەشی دواوەوەی خەڵکەکەوە بینیم جەمیل ئەمین ماسکێکی بەدەمەوەیەو بەگۆچانەکەیەوە لەیلا دەستی گرتووەو گوێ بۆ من ڕادەگرێت. موچڕکەیەك لە بنی پێمەوە هەتا تەوقی سەرم ڕایوەشاندم. دوای تەواو بوونی قسەکانم چوومە لای جەمیل‌و گرتمە باوەشم‌و پێم وت: جەمیل گیان بۆچی بەم وەزعەوە هاتوویت بۆ ئێرە، ئێمە نیازمان بوو ئەم ئێوارەیە بێین بۆلات بۆ خەستەخانە. کەچی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: من ئازارەکانم لێرە کەم دەبێتەوە، ئێرە لە خەستەخانە بۆ من باشترە، چی بکەم لەناو جێگەدا.

ڕۆژی ١٩ی ئەپریل، کاتێك هێزە سەرکوتگەرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشیان کردەسەر سەرای ئازادی، جەمیل سەرباری ئازارو باری خراپی تەندروستی خۆی، کەچی تەلەفۆنی بۆ ئێمە دەکردو وێڕای هەواڵپرسی سەلامەتی هاوڕێیان‌و خەڵك‌و خۆپیشاندەران، ڕێنماییەك کەلەو کاتەدا

بەپێویستی دەزانی بەنیمەی دەدا!

لەدەستدانی نینسانێکی ناوها عەزیەو بەنیرادە خەسارەتێکی نێجگار گەورەیە لە کۆمەڵگە. کۆمەڵگەی نایەکسانو سەرەوخواری سەرمایە بە "جەمیل نەمین"ەکانەوە، قابیلی تەحەمولترە. من شانازی بەخۆمو حیزبەکەمو بزووتنەوەکەمەوە دەکەم، کە لەمێژووی ژیانی شەخسیو حیزبیو خەباتی خۆمو حیزبەکەمدا لەکەنار "جەمیل نەمین"ەوە بووم.

لە قوڵایی دڵمەوە سەرەخۆشی لە لەیلای نازیزو منداڵەکانی جەمیل نەمین دەکەمو لەنامێزی خۆشەویستییان دەگرم. هاوکات سەرەخۆشی لە تەواوی خێزانو کەسوکارو هاوڕێیانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستانو سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەم.

جەمیل نەمین هەرچەندە نیتر بەجەستە لەنێوماندا نیە، بەڵام نەزموونو نینسانییەتو خەباتکاریو پەیگیری
شۆڕشگێرانەو نیرادەی بێوێنەی هەمیشە سەرچاوەی بەخشینی عەزمو نیرادە دەبێت بۆمانو بۆهەمیشە لەنێو دڵو ژیانماندا دەمێنێتەوە.

یادی بەرزو بەڕێز بێت.



جەمیل نەمین شەیدای خوێندنەوەو کتێب..لە "فیستڤاڵی گەلاوێژ"دا

*بەڕێز فایەق سەعید کە ئەویش یەکێکە لە هاوڕێ دێرینەکانی هاوڕێ جەمیل بەم وتارە پێناسەی کەسایەتیی هاوڕێ جەمیل دەکات:*



## جەمیل ئەمین...
## وێنەیەك لە گاندیو دەلای لاماهاوڕێ

فایق سەعید
٥/٩/٢٠١١

مرۆڤێك لەبەرزاییدا بەگەردنی شاخدا هەڵدەزنێ. شاخێك بە توڵەڕێی مەرگدا بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. ئاسمان مرۆڤێك لەئامێز دەگرێت زۆر میهرەبانتر لەتوخمەکانی بوونو نەبوون... مرۆڤێك بێگەردتر لەسۆمای بەستەڵەکی هاوینەکان... گەرمتر لەچاوی ئوستووی کێوە بەفرینەکان.

جەمیل ئەمین، مرۆڤێکی میهرەبانو مەزن... مەزنێکی ئارامو ئارامێکی کریستاڵیو دڵپاك... کریستاڵێك لەئاڵتون دەچوو... ئاڵتونێکی زیوین کەبووە تێشوی سەفەرێکی سەختی زۆر کەسو لەناو دڵی هەمووماندا، بەنەیارەکانیشدا توایەوە.

جەمیل لەیادەوەری هەموو ئەو کۆمەڵە هەرزەکارەدا کەلەناوەڕاستی حەفتاکاندا یەکترمان ناسی، زیندووە... من تاوەکو ئێستاش کەبابەتێك دەنوسم، ئاریشەیەك یەکاڵا دەکەمەوە، هەڵوێستێك وەردەگرم زیاتر لەجارێك بەو نوسینو هەڵوێستانەدا دەچمەوە... بەرلەوەی بڵاوی بکەمەوە، پیشانی هاوڕێکانمی دەدەم... هەندێك جاریش زۆر دوودڵم... ئەگەر ئەمە بۆئێوە جۆرێك بێت لەلاوازی، ئەوە بەلای منەوە نمایشی یادەوەرییەکی باڵا دەکات، یادەوەری مرۆڤێکی میهرەبانتر لەئاسمان، دڵسۆزتر لەخودی مەرگ...

لەهەموو نوسینو ئاریشەیەکو هەڵوێستێکمدا جەمیل بەرجەستەیە، چونکە کە یەکەمجار جەمیلم بینی ساڵی ١٩٧٧ بوو، باسی ئەوەی بۆ دەکردین مرۆڤ تا دەتوانێ کارێك نەکات پەشیمان بێتەوە لێی... بەر لەهەر بڕیارێك یا نووسینێك بەوردی پێیاندا بچێتەوە... ئەم قسەیەی ئەو کەزیاتر رووی لەئازاد ئەحمەد بوو بۆ من بووە یادەوەرییەك کە هەموو رۆژێك لەلای من بەرجەستەیە... من بەیادی جەمیلەوە هەستەکانم بەرجەستە دەبن.

ئەوەی جەمیلی ناسیبێت لەوە تێگەیشتووە کەمیهرەبانی جەمیل سنوری تێپەڕاندبوو... من ئێستاش لەوە تێناگەم چۆن مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ دوژمنەکانیشدا هێندە میهرەبان بێت... بەڵام دەشێ جەمیل پێناسەی دیکەی بۆ دوژمن هەبێت یا رێگای بەدۆستکردنی دوژمنەکانی هەڵبژاردبێت... من ئەوەندە دەزانم جەمیل هەموو هاودژەکانی بەیەکەوە کۆدەکردەوە... ئێمە هەموومان کۆمەڵێك هەرزەکار بووین بەڵام جەمیل چەند ساڵێك لەئێمە گەورەتر بوو... ئێمە تەنها رۆژنامە کوردییەکانمان دەخوێندەوە یا ئەوانەی وێنەیەکی پۆزەتیڤیان لەسەر کورد وێنا دەکرد... جەمیل هەموو رۆژنامەکانی (طریق الشعب، الثورة، الجمهورية، العراق، هاوکاریو...) بەیەکەوە دەکڕیو دەیخوێندنەوە... ئەو لەدوای راپەڕینیشەوە هەر وابوو... ئەمەش بەقسەی ئازاد ئەحمەد وای لەجەمیل کردبوو ببێتە مرۆڤێکی ئینسکلۆپیدیایی.

ئێمە پارتیمان خۆشنەدەویست، رقمان لەبەعسیەکان بوو، بێزمان لەحیزبە کارتۆنییەکەی شێخ ستار دەهاتەوە، لەو سەردەمەدا باوەشمان بۆ کۆمەڵەی رەنجدەران دەکردەوە، بەڵام جەمیل لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەواندا کاری دەکرد، لەهەمانکاتدا مامەڵەی لەگەڵ پارتیەکانو بەعسیەکانو یەکێتیەکانو کۆمۆنیستو مارکسیەکانیش دەکرد... من سەرم لەوە سوڕدەما چۆن ئەو دەتوانێ هەموو هاودژەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە... تێنیییەکی مەزن لەپشت هەموو ئەمانەوە بوو... جەمیل دەیویست بەمیهرەبانیە مەزنەکەی خۆی، بەڕوویەکی بێخەوشو بەقەناعەتێکی باڵاوە هەموو دژەکان بگۆڕێ... جەمیل بەشێك لەرۆحی گاندی بوو..

ئەوەی جەمیلی ناسیبێت گەواهی ئەوە دەدات هەموو ئەوەی منو هاوڕێکانم ئەمڕۆ دەیڵێینەوە لاوانەوەی پاش مەرگی ئەم مرۆڤە مەزنە نیە... هەرگیز.. ئێمە بەبەردەوامی چەندین ساڵ ئەم قسانەمان لەبارەی جەمیلەوە دووبارە دەکردەوە... هەموومان ئەوەمان دەبارە دەکردەوە کەجەمیل تا ئەوپەڕی ئەمری میهرەبانو رۆشنبیرو دڵسۆزو نیشتیمانپەروەر بوو... تا ئەودیو سنوورەکانی کەرکووك مرۆڤێکی مەزن بوو... تا ئەوپەڕی سەربەرزی مرۆڤە نیشتمانپەروەرەکان نیشتمانپەروەر بوو... تا ئەوپەڕی ناسیونالیستی مارکسی بوو... کەرکووکیەك بوو تا چاو بڕ بکات هەموو نیشتمانی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتبوو.. جەمیل هەموو هاودژەکانی بەمیهرەبانی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتبوو..

ئێمە کۆمەڵێك هەرزەکار بووین لە ١٦-١٧ ساڵیەوە لەگەڵ جەمیلدا گەورە بووین... ئەوەمان دەزانی ئەو لەئێمە کەمێك گەورەتر بوو، لەریزی یەکێتی قوتابیاندا کاری کردبوو، دواتریش لەناو کۆمەڵەی رەنجدەراندا کاری دەکرد... جەمیل هەموومانی فێری خۆشەویستی نیشتمان کرد... فێری ئەوەی کردین چۆن گوێ بۆ یەکتر رادێرین... چۆن یەکترمان خۆش بووێت... چۆن ببین بەرۆشنبیرو لەبونیادنانی وڵاتدا بەشدار بین.. لەنێو ئێمەدا فازل جاف هەبوو کەدکتۆرای لەشانۆدا هەیەو دەنگێکی دیارە لەم بوارەدا، جیهاد دڵپاکو عەلی کەریم هەبوون، ئەوزاد ئەحمەد هەبوو کەخوێندکاری دکتۆرایەو نووسەرێکی دیارە، ئازاد ئەحمەد هەبوو کەماجستێری لەوەرگێراندا هەیە، فەهمی کاکەیی نووسەر هەبوو، ئەحمەدی مەلا هەبوو کەدکتۆرای لەئەدەبی کوردی هەیە، مارف عومەر گوڵ هەبوو، مستەفا گەرمیانیو جەمال ئەیوبو لەتیف هەڵمەتو دەیانی دیکە هەبوون...

من لەتەمەنێکی زۆر وردا لەگەڵماڵەوە خۆمان لەعەرەبستان بینیەوە... زۆرێك لەوێ زمانی کوردییان بیردەچووەوە، پەڵام باوکم بەوە رازی نەدەبوو لەماڵەوە بەعەرەبی قسە بکەین... باوکم ئەو فەزڵە گەورەیەی بەسەرمانەوە هەیە کەنەهێشتی کوردییەکەمان بیربچێتەوەو نەهێشتی ببین بەجاشو ناپاك، بەڵام لەبەرامبەردا کاتێك خۆی ئەندامێکی چالاکی پارتی بوو نەیدەهێشت ئێمە توخنی سیاسەت بکەوین... جەمیل ئەمین ئەم کەلێنەی بۆ پڕ کردمەوە... هەموومانی فێری میکانیزمی خۆشویستنی کوردستان کرد..

جەمیل بەمیهرەبانی خۆی هەموو دژەکانی کۆدەکردەوە، ناسیونالستەکان خۆشیان دەویست... مارکسیەکان لەئامێزیان دەگرت.. تەنانەت بەعسیەکانیش رێزیان لێدەگرت، بەڵام کاتێك دەیانبینی لەبەشی ناوخۆیی خوێندکارانی کۆلێژی ئەندازیاری زۆرترین کەس بۆ ژوورەکەی دەچنو پەیوەندییەکی بەربڵاوی هەیە دوو جارخستیانە زیندانەوە. لەم کاتەدا حیزبە کارتۆنیەکەی شێخ ستاریش کەهاوپەیمانی بەعسیەکان بوو هەوڵێکی بێوچانی دەدا بۆ ئەوەی جەمیل لەزیندان دەرباز بکەن...

لەدوای راپەڕین جەمیلم لەباروذۆخێکی نابوری خراپدا بینی بۆیە ناچار بووم پێی بڵێم: کاك جەمیل.. تۆ ساڵانێك لەگەڵ کۆمەڵە کارت کردو ئەرکت کێشا، ئێستاش توانات هەیەو بۆ هەموو کۆمەڵگاش گرنگە تۆ لەپۆستێکدا کارو خزمەت بکەیت... تۆ هەموویان دەناسیت مافی خۆتەو شایەن بەوە نیت لەم باروذۆخە خراپەدا بژیت... لەوەڵامدا پێی وتم: تۆ راستدەکەیتو خوا هەڵناگرێت ئەوانیش پێیان

وتوومەو ئامادەن هاوکاریم بکەن، بەڵام ئەوەی من تێیدەگەم ئەوان یەکێکیان دەوێت چاوپۆشی لەدزیو ناپاکیەکان بکاتو خۆشت دەزانیت من ناتوانم ئەوە بکەم، بۆیە بارودۆخم خراپ بێت لەوە باشترە ئەو کارە بکەم...

جەمیل مرۆڤێك بوو لەئاڵتونو ئاڵتونێك بوو کریستاڵ. کریستاڵێك میهرەبان... تا چاو بڕ بکات مەزنێکی خۆڕاگر بوو.. تاهیر حەسەن دەنووسێت لەخراپترین حاڵەتی نەخۆشیەکەیدا کەلەنەخۆشخانە دەگەڕایەوە بەگۆچانێکەوە لەسەرای ئازادی لەگەڵ خۆپیشاندەرەکاندا خەمی نیشتمانەکەی لەئامێز دەگرت... هەفتەیەك بەر لەوەی رووبەڕووی مەرگ بێتەوە نەیدەتوانی بەباشی قسە بکات.. پێم وت لەباش ناچیت، وتی: نا من زۆر باشم تۆ خەمی منت نەبێت، گرنگ ئەوەیە تۆ وریای خۆت بێت...



لە راستەوە: کەریم عەبدوڵا سلێمان، ئازاد ئەحمەد، جەمیل ئەمین، عیزەدین مەجید (جەمال ئەیوب)، فایق سەعید، ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەدو شێرزاد عەبدولواحید، شەقامی جمهوری،١٩٧٩.

جەمیل لەهەمووومان زیاتر شیعری دەخوێندەوەو لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا باسی شیعریان زۆر دەکرد... لەهەمووومان زیاتر لەگەڵ فازیل جافدا باسی شانۆی برێختو دیواری چوارەکیان دەکرد.. لەهەمووومان زیاتر لەناو کتێبخانەکانی شەقامی سەعدونو کتێبخانەی ئاسۆدا لەکەرکووك بەدوای کتێبە سیاسیەکاندا دەگەڕا... لەهەمووومان زیاتر لەژێر مۆنۆمێنتەکەی جواد سلیمدا باسی هونەری شێوەکاری بۆ دەکردینو لەگەڵ هەمووماندا بۆ زوربەی پێشانگا شێوەکارییەکان دەچوو... بەڵام جەمیل نەبووە شاعیرو نەنووسەرو نەشێوەکارو نەسیاسییەکی پایە بەرزیش... من هەمیشە پێم دەوت ئەوە گەورەترین هەڵەی تۆیە... من زۆر سەرم لەم پیاوە دەسوڕما.. بەڵام دواتر زانیم جەمیل مرۆڤێك بوو دەیوست وەکو گاندی خەڵك پەروەردە بکات... دواتر کەدەلای لامام خوێندەوە بۆم دەرکەوت جەمیل بەر لەدەرکەوتنی دەلای لاما وەکو ئەو کاری دەکرد.

ئەمڕۆ بەهەموو ئاسماندا دەگەڕێم بەڵام ناتوانم لەگۆشەیەکدا ئارام بگرم.. رۆحێك دەیەوێت یادی هەموو جۆگەلە ناوەکان بکاتەوە... مرۆڤێك دەیەوێت لەماڵەکەی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پۆستێکی هەبێت رێڕەوی پەروەردەکردنی نەوەکان بەشێوازی دەلای لاما بگۆڕێت... ئەمڕۆ تەمەکان بەری هەتاویان گرتووە... رۆحێك بەئاسماندا دەچێتو نایەوێت دەست لەملی وردوخاشبوون بکات. نازانم بۆ مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت یادی ئەو شوێنانەی بەلایەوە خۆشەویستە، بەرز رابگرێت...

من نازانم بۆ هەندێجار مرۆڤ لەکاتی بەرزبوونەوەدا دەیەوێت جارێکی دیکە بەرەو خوارەوە هەنگاو بنێ. بۆ مرۆڤ دەیەوێ سەربڵند بژێت، بۆ نایەوێت دان بەهەڵەکانی خۆیدا بنێت.. زۆر شت هەیە من تاوەکو ئێستا وەڵامەکانیان نازانم... ناشزانم جەمیل بۆ کۆچی هەمیشەیی کرد.. بۆ ئەبوو بەنووسەر لەکاتێکدا لەهەمووومان شارەزاتر بوو... بۆ ئەبوو بەسیاسیو بۆ ئەبوو بەشێوەکار لەکاتێکدا لەرۆژی هاوسەرگیرییەکەیدا سەردانی پێشانگایەکی شێوەکاری کرد.. من زۆر شت نازانمو زۆر سەرەداویشم بۆ یەکالا ناکرێتەوە...

ئەمشەو لەپڕا خەوم زڕاو لەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەمڕوانیە شەپۆلی دەریاکە.. کات نیوەشەوێکی درەنگ بوو، هەوایەکی نیمچە سارد هەڵیکردو ئەستێرەیەکم بینی لەئاسمان کەوتە خوارەوە... لەسەر جێگاکەم دووبارە راکشامەوە... بەیادی هاورێکەمەوە دووبارە دەمڕوانیە بنمیچی ژوورەکەم.. بیرم لەشەقامی جمهوری کەرکووکو ئەبو ئەواسو سەعدونی بەغدا دەکردەوە.. پیاسەکانی وەزیریەم دەهاتەوە یاد.. هەموو ئەو چێشتخانە پیسانەی باب الموعەزەمم بیرکەوتەوە کەنانمان تێدا دەخوارد... بۆنی خۆڵی بەردەرگاکەمان بیر دەهاتەوە کەنیوارانی هاوین گوڵاڵە ناورشێنی دەکرد... بۆنی دیوارە گەچەکەمان بیر دەهاتەوە کەدایکم بەر لەخەوتن ناورشێنی دەکرد.. شەقامەکانی شۆرێجەو کتێبخانەی ئاسۆ. بەو یادەوەرییانەدا دەچوومەوە کەلەگەڵ جەمیلدا لەکۆڵانەکانی شۆرێجەی کەرکووکو بەغدا هەمانبوو... بەهەموو ئەو کۆڕو سمینارانەدا دەچوومەوە کەبەیەکەوە لەگەڵ جەمیلدا بۆی چووبوین... بیرم لەزۆر شت دەکردەوە تا خۆم لەئامێزی خەودا بینیەوە...

من دانی پێدا دەنێم کەوەڵامی زۆر شت نازانمو پەی بەزۆر شتی دیکەش نابەم، بەڵام لەمەزنیو میهرەبانی هاورێکەم تێدەگەم... ئەمڕۆ لەهەڵوێستەکانی خۆم دڵنیاترمو هاورێکەم هەمیشە لەلام بەرجەستەیە... ئەمڕۆ ئەوە دەزانم جەمیل پاش ٣٣ ساڵ هاورێتی بەیەکجاری لە ١٧/٨/٢٠١١ بەجێی هێشتم.

***مونەیەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و هاوڕێی لەمێژینەی سیاسی‌و حیزبیی هاوڕێ جەمیل بەبۆنەی گیان لەدەستدانی هاوڕێی ئازیزمانەوە، ئەم وتارەی بڵاوکردەوە:***




مونەیەد ئەحمەد ١٩-٨-٢٠١١

بەداخێکی زۆرەوە، هاوڕێی ئازیزو خۆشەویستمان، خەباتکاری کۆمۆنیست‌و ئینساندۆست، جەمیل ئەمین، ڕۆژی چوارشەمە ١٧ ئابی ٢٠١١، لەئاکامی ئەخۆشی شێرپەنجە، لە کەرکوك، گیانی لەدەستداو بۆهەمیشە بەجێی هێشتین.

لەئاخەوە هاودەردی خۆم دەردەبڕم بۆ ئازیز، لیلی عبداللە هاوسەری هاوڕێ جەمیل‌و منداڵەکانی، نینا، بڕواو گوڵی‌و هەموو کەسوکارو دۆستانی‌و سەرجەم ئەندامان‌و دۆستانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و کوردستان.

هاوڕێ جەمیل نموونەی بەرزی ئینسانییەتی کۆمۆنیستی‌و خەباتکاری‌و دڵسۆزی بوو، گیان لەدەستدانی کەلێنێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان‌و عێراقدا. ئینساندۆستی‌و یەکسانی‌و ئازادیخوازی هاوڕێ جەمیل (ناسراو بە عبداللە) بێسنوور بوو، چونکە لەپشت خەباتی کۆمۆنیستی‌و شۆڕشگێڕانەیەوە، هەر لە سەرەتای لاوییەوە تا دوارۆژەکانی ژیانی، ئینسانیەتێکی قووڵ‌و ریشەدار وەستابوو.

کۆمۆنیزم‌و سیاسەت‌و فکری ڕزگاریخوازانەی کۆمۆنیستی بۆ ئەو، کۆمۆنیزمێکی پەیوەست بە ژیانەوە بوو، جیا نەبوو لەژیانی ڕۆژانەی ئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش‌و خەباتیان بۆ دنیایەکی ئاسودەترو باشتر، جیا نەبوو لە خەبات‌و چاوەڕوانی ئینسانەکان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان، جیا نەبوو لەخەبات دژی دواکەوتویی‌و خورافات‌و زوڵم‌وستەم لەسەر ژنان‌و دابەشکردنی ئینسانەکان‌و داتاشینی هەویەتی قەومی‌و دینی بۆیان...هتد. ئەم کۆمۆنیزمە زیندووەت لەسەرجەم ژیانی خەباتکارانەی هاوڕێ جەمیل، لە ئینساندۆستی‌و میهرەبانی‌و لێبوردەیی‌و شێوەی هەڵسوکەوتیدا دەبینی. هەر ئەو ڕەگە کۆمۆنیستیە ئینسانییەی هاوڕێ جەمیل بوو کە عەکس دەبووەوەو تۆڕێکی پەرینی لە ئاشنایان بۆ دروست کردبوو. ئەم ئینساندۆستیە کۆمۆنیستیەی ئەو بوو کە کردبووی بە کەسایەتییەکی خۆشەویست‌و میهرەبان نەك تەنها لە گەڕەگ‌و شوێنی ژیانیدا، یا لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بەڵکو لەناو بەشێکی دیار لە ئازادیخوازان‌و ڕۆشنبیران‌و چالاکوانانی سیاسی شارەکانی کوردستاندا.

لەگەڵ مێژووی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و چەپ‌و ئاڵوگۆڕەکانی لەکوردستان‌و عێراقدا، هاوڕێ جەمیل، بەشێوە هێمن‌و پڕلە بیرو سەلیقەکەی خۆی، ئاڵوگۆڕە فکری‌و سیاسییەکانی دەروونی بزووتنەوەکەی لێکهەڵدەپێکایەوە بەئینسانییەتی قوڵی خۆیەوەو بەباوەڕی

لەبن‌نەهاتووی بەیەکسانی‌و ئازادییەوەو لێرەوە بڕیاری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی خۆی دەدا.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٨٠دا پاش ئەوەی لە کەرکوك ببوو بەئەندامی ڕێکخراوی "یەکێتی تێکۆشانی کارگەران" من ئاشنا بووم بەناوی هاوڕێ جەمیل. لەگەڵ پێکهێنانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا ئەو هەر لەسەرەتاوە دەورێکی گرنگی دی‌و وەك کۆڵەکەیەکی بناغەیی‌و کادرێکی ڕابەری ئەم ڕێکخراوە خەباتی کرد لە بەرەوپێش چوونیدا. بیرەوەرییەکانی خەباتی ئەپساوەو بەردەوامی ئەو لەگەڵ هاوڕێکانی تریدا لە کەرکوك هەمیشە تین‌وگوڕێکی تایبەتی دەدا بە هەمووومان، لە ڕابەری ڕەوتی کۆمۆنیست، لەسەختترین ڕۆژەکانی خەباتی نهێنی ئەو ڕێکخراوەیەدا. لە مانگی نیسانی ١٩٩١ بوو بە یەکێك لە ئەندامانی هەیئەی ڕابەری "ڕەوتی کۆمۆنیست". دوای ئازاری ١٩٩١ چاپەمەنی ئەو ڕێکخراوە لەماڵی ئەو و هاوسەرەکەیدا بەڕێوە دەبراو شەونخونی دەکرد بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان.

لەگەڵ دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا، هاوڕێ جەمیل، وەك کادرێکی بەرجەستەی حیزب بەگەرمی درێژەی بەخەباتی خۆی‌داو ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب‌و کارئاسانکردنی کۆبوونەوەکانی ڕابەری حیزب لەڕێگەی بەکارهێنانی ماڵ‌و ئیمکاناتی شەخسی خۆیەوە. کاتێکیش کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دروست بوو ئەو درێژەی‌دا بە خەباتی وەك کادرێکی بەرجەستەی ئەو حیزبە.
لەساڵی ٢٠٠٦ەوە لەگەڵ ئەخۆشی شێرپەنجە ڕووبەڕروو بوو، بەهێزو عەزیمەتێکی زۆرەوە ٥ ساڵی ڕابردووی بەسەربرد لە شەڕ لەگەڵ ئەو ئەخۆشییە سەختەدا.

بە داخێکی زۆرەوە، دوا وتەی ئەو لەگەڵ مندا ڕۆژی شەممە بوو، ١٤ی ئاب، کە بەتەلەفون پێی دەوتم "ئێستا باشترم..."، وەك هەمیشە ئەیدەویست کەس دڵتەنگ بکات تەنانەت لە سەرەمەرگیشیدا. میهرەبانی‌و ئینساندۆستییەکەی بەو ئەخۆشییەشەوە زەررەیەك ئەدەگۆڕا.

یادی هاوڕێی ئازیزو خۆشەویستم "جەمیل" هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە.

*بەڕێز ئازاد ئەحمەد، هاوڕێی دەورانی گەنجی هاوڕێ جەمیل، لەم وتارەیدا ئێمەش لەگەڵ خۆیو هاوڕێ جەمیلدا دەباتەوە بۆناو کۆڵانو شەقامەکانی کەرکوکو بۆ ڕۆژانی سەختی کاری نهێنیو ناساندنی کەسایەتی قایمو بەهێزی هاوڕێ جەمیل ئەمین:*

یادەوەری جەمیل ئەمین گلی
(٢٦/٨/١٩٥٦ – ١٧/٨/٢٠١١)




## باوکی رۆحیی هاوڕێیانی شەقامی جمهوری

ئازاد ئەحمەد ـــ بەریتانیا

هاوڕێیەتی منو جەمیل ئەمین بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان ئەگەڕێتەوە، کاتێ قوتابی قۆناغی ناوەندی بووین لە ئامادەیی شۆریجەی کوڕان لە کەرکوک. جەمیل لەناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کەسی دووەم بوو لەدوای فازڵ عوسمان. بەیانییەکیان، کاتێ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێدا لە گۆڕەپانی قوتابخانە وەستابووین، نوورەدین چاوشین، کە یەکێك بوو لە ئەندامانی یەکێتی قوتابیان، هاتە لامەوەو وتی تۆ ئازاد ئەحمەدی؟ وتم بەڵێ، وتی زەحمەت نەبێ لەگەڵما وەرە بۆ بارەگا. مەبەستی بارەگای یەکێتی قوتابیان بوو لە قوتابخانەکەمان. من زراوم چوو! گەرچی یەکێتی قوتابیان بارەگایان بەئاشکرا هەبوو بەڵام زۆربەی ئەندامانیان، لە بەرەبەری شۆڕشی ١٩٧٤دا، لەترسی رژێمی بەعس بە نهێنی کاریان ئەکردو تەنانەت هاتوچۆی بارەگاشیان بە شێوەیەکی ئاشکرا نەئەکرد. لەڕاستیدا ترسی من تەنیا لە رژێم نەبوو، بەڵکو پتر لە باوکم بوو کە هەمیشە هەڕەشەی لێ ئەکردین توخنی سیاسەت نەکەوین! کاتێ چووینە ژوورەوە، جەمیل ئەمین لەوێ بوو، وتی ئەمە خۆی نیە. لەڕاستیدا ئەوان بەدوای ئازاد ئەحمەدی برای ئەوزاد ئەحمەد داودەی گۆرانیبێژدا ئەگەڕان.

ئەوەندەی پێ نەچوو شۆڕشی ١٩٧٤ دەستی پێ کردو، جەمیل ئەمین لەگەڵ ئیحسان مەلا غەفور فەتاح (باوکی چۆپی فەتاحی هونەرمەندو خاڵی جەمیل)و فازڵ عوسمانو نوورەدین چاوشینو ئەکرەم حەسەن بازیانیو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانو مامۆستایان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، بەڕاددەیەك قوتابخانەیان چۆڵ کرد کاری لە وانەکانیشمان کرد. بەڵام شۆڕش دەستخەڕۆی کردنو ئەو پێشوازییەی لێ ئەکردن کە شایانی بوون، تەنانەت ناویان لە قوتابیان نابوو "هێزی جێگرو نانخۆر"! پاش تووانەوەی شۆڕشو گەڕانەوەیان بۆ شار، جەمیلو ئیحسان بیری چەپیان هەڵگرت. ئیحسان پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراقییەوە کرد، بەڵام جەمیل وەك مارکسییەکی سەربەخۆ مایەوە.

لەکۆتایی حەفتاکاندا پەیوەندیمان توندوتۆڵتر بوو، هەموو رۆژێك یەکمان ئەبینی. هەموو رۆژێك لەگەڵ جەمیلو ئیحسان فەتاحو کەریم پەرەنگو ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەدو فایق سەعیدو عزەدین

غازی مەجید (لەناو بزووتنەوەی کۆمونیستیدا بەجەمال ئەیوب ناسراوە)و عەبدوڵلا قادر دانسازو عاسیو زۆر هاوڕێیتر ئەچووین بۆ شەقامی جمهوریو لە کتێبخانەی ئاسۆدا لەگەڵ ئەدیبانی تری شارەکەدا کۆ ئەبووینەوە؛ مارف عومەر گوڵو ئەحمەدی مەلاو مستەفا گەرمیانی (لە زنجیرە تەقینەوەکانی رۆژی ١٦/٧/٢٠٠٧ی کەرکوکدا شەهید بوو)و تاریق عەزیز (خەبات)و ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بڵندی شێوەکار)و گارا رەسوڵو ئەدیب نادرو ئەجات حەمیدو عەلی عومەر قەرەداغیو زۆر هاوڕێیتر، کە هەمووومان لەسەرەتای تافی لاویماندا بووینو تازە ئاشنای دنیای ئەدەب بووینو ئەمانویست ئەدیبو هونەرمەندانی ئەوەکەی پێش خۆمان بناسین؛ فازڵ جافو عەلی کەریمو جیهاد دڵپاکو جەلیل زەنگەنەو فەهمی کاکەییو محەمەد موکریو سەلام محەمەدو عەبدوڵلا سەراجو ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلو غەفور ساڵحو موعتەسەم ساڵەییو... کە زۆربەیانمان لای کتێبخانەی ئاسۆدا ئەبینی. لەتیف هەڵمەتیش کە لە بەغدا رۆژنامەی پاشکۆی عێراقی دەرئەکرد، هەموو هەینییەك ئەگەڕایەوە کەرکوکو ئێمەش لەدەوری گرد ئەبووینەوە. هەر لەو سەردەمەدا ئەجیبە ئەحمەد حەکیمو دڵپاك تاهیرمان ناسی، کە هەردووکیان تاقە دەنگی شیعریی ئافرەت بوون لە کەرکوك. دڵپاك لەپاڵ شیعر نووسیندا بێژەریش بوو لە تەلەفزیۆنی کەرکوك، بەڵام ئەجیبە، کە ئەوسا دەنگێکی دیاری شیعری کوردی بوو و لەگەڵ محەمەد حەمە باقیدا شیعری رۆمانسیو بوێرانەیان بۆ یەکدی ئەنووسییەوە، بەهۆی دابونەریتی کۆنەپارێزی خێزانەکەیانەوە کە هاتوچۆی دەرەوەیان لێ قەدەغە کردبوو، تەنیا بۆی هەبوو هاتوچۆی چەمچەماڵ بکات کە لە یەکێك لە قوتابخانەکانیدا مامۆستا بوو، بە دەگمەن هاتوچۆی کتێبخانەی ئاسۆی ئەکرد. بەهۆی کاك چەمیلەوە کە دراوسێی ماڵی ئەجیبە بوون، نامەو شیعرمان لەگەڵ ئەجیبەدا ئەگۆڕییەوە.



لەراستەوە : ریزی یەکەم وەستاوەکان: دووکەسی یەکەم نەناسراون، حەمەرەشید خانەقینی، مستەفا سەید قادر، خەلیل وەندی، نەناسراو،لەتیف هەڵمەت، مەحمود رەزا، ئەسرەدین ، نەناسراو، کامەران موحەمەد، عەلی(رەواندزی)، نەناسراو، عومەر مارف گوڵ،
ریزی دووەم: ئازاد ئەبوبەکر، نەناسراو، سەلام(خانەقینی)، دانیشتوەکان: صادق(راستگۆ)، جەمیل ئەمین، نەناسراو، مەلا ئەحمەد دسکەرە. کەسی یەکەمی وێنەکە نەناسراوە

لەناوماندا تەنیا جەمیل ئەمین خۆی لە قەرەی نووسین ئەئەدا. بەڵام جەمیل رۆشنبیرێکی ئینسایکلۆپیدیایی بوو، شارەزایی لە هەموو بوارێکدا هەبوو، لە ئەدەبو هونەرەوە بیگرە تا

مێژووی حیزبە سیاسییەکانی عێراقو شۆڕشەکانی جیهان. جەمیل کاریگەریی لەسەر هەموومان هەبوو، هەموو گوێمان لێ ئەگرت. جەمیل کەسێك بوو بە کێشی لەشولار پەنجا کیلۆگرام نەئەبوو، بەڵام لاوێکی قۆزو سەرنجڕاکێش بوو، ریشێکی تەنکی دانابوو هەر لە داریوش ئەچوو. کەسێکی زۆر هێمنو لەسەرخۆ بوو، هەرگیز دەنگی هەڵنەئەبڕی، هەرگیز نەیئەزانی تووڕەیی چی یە، نەیئەزانی رقو کینە چیە، هەموومانی وەکو یەك خۆشدەویست. ئێمە لەوەوە فێر بووین یەکدیمان خۆش بوێت. بەرهەمەکانمان پێش بڵاو کردنەوە بۆ یەکدی ئەخوێندەوەو سەرنجو تێبینیمان لەیەکدی وەرئەگرتو یەکدیمان هان ئەدا بێ ئەوەی هەست بە رژدی بکەین بەرامبەر بەیەك، بێ ئەوەی کێبڕکێ بکەین. لەڕاستیدا ئەوەی هاتوچۆی کتێبخانەی ئاسۆی کردبێ، ئەوەی لە شەقامی جمهوری لەگەڵ جەمیل ئەمیندا پیاسەی کردبێ مەزنیو میهرەبانیی ئەو مرۆڤەی بۆ دەرکەوتووە. جەمیل ئەمین بۆتە بەشێکی گرنگو دانەبڕاو لە رابردوومان، باوکی رۆحیی ئەوەی ئێمە بوو.

لەکاتێکدا ئێمە بە چاوی حیزبی شیوعیی عێراقییەوە ئەمانڕوانییە مارکسیزم، جەمیل جۆرێکی دی لە مارکسیزمی پێ ناساندین. لە کاتێکدا ئێمە زۆربەمان پەیوەندیمان کرد بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە (کە ئەوسا ناوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینیی کوردستان بوو) لەبەر ئەوەی هەم مارکسیزمو هەم بیری نەتەوایەتیی پێکەوە گرێ ئەدا. جەمیل وای نەکرد، ئەو وەکو ئێمە هەرزەکارو نەتەوەچیو هەڵەشە نەبوو، وەکو ئێمە بەسادەیی لە مارکسیزم نەگەیشتبوو، بەڵکو بە قووڵیو هێمنی بیری ئەکردەوە. مەسەلەی ئینتیما نەبوونی جەمیل بەهیچ لایەنێکەوە بۆ ئێمە لوغزێك بوو چەند ساڵێك دوای ئەوە بۆمان کرایەوە...

هەر لە ڕێی جەمیلەوە نەجمەدین فاتیح شکورمان ناسی، کە دواتر لەناو هێزی پێشمەرگەدا بە شێروان ناسرا. شێروان لە ڕێکەوتی ٥/٣/١٩٨٢ لە گوندی قازانی نزیك نۆردوگای پیرەمەگروون لەگەڵ ئەنوەر حەسەنی سەرکردەو ١٠ پێشمەرگەی دیی تیپی ٢١ی کەرکوك لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشەکانی قالە فەرەج بە پاڵپشتیی کۆپتەری جەنگی، شەهید کران. لەو شەڕەدا، وەك ئەگێڕنەوە، شەهید شێروان قالە فەرەجی پێکاو برینداری کرد، لە تەوسو خۆشیدا هەستایە سەرپێو وتی: کوشتم! لەوساتەدا بە فیشەکی جاشەکان ئەپێکرێو شەهید ئەکرێ. پاش شەهید بوونی شێروان، ڕێکخراوی (کارگەران)، کە ڕێکخراوێکی مارکسی بوو لەناو ڕژێموهێزی پێشمەرگەشدا بەنهێنی کاریان ئەکرد، بەیانێکیان لەسەر دەرکردو شەهید شێروانیان وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتیی خۆیان ناساند.

ئەو ڕێکخراوە، لەسەرەتای شۆڕشدا بڕیاریاندا بەنهێنی لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا خەبات بکەن. یەکێتی کە ئەوسا ڕێکخراوێکی نیمچەبەرەیی بوو، جگە لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانی کوردستان، خەتی گشتیی لەخۆ گرتبوو بۆ کەسانێك نە کۆمەڵە بوون نە شۆڕشگێران، بەڵکو بێلایەن بوون. ڕێکخراوی کارگەرانیش کە ئەوسا یەکێتییان وەکو لایەنێکی پێشکەوتنخواز ئەناساند، پێیان وابوو ئەکرێ لەناو هێڵی گشتیدا بەنهێنی درێژە بە خەبات بدەن لە دژی ڕژێمی بەعس. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامیان هەبوو لەناو یەکێتیدا بەنهێنی کاریان ئەکرد، لە هەموویان ناسراوتر نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا بوو. بەڵام هەر ساڵێك پاش ئەوە، یەکێتی خەتی گشتی ئەهێشتو بەوەش جێگە بە بیروڕای جیاواز لێژ کرا.

لەوەوە بۆمان دەرکەوت جەمیل ئەمین پەیوەندیی بە کارگەرانەوە کردووە، بەڵکو ئەشێت یەکێك بێت لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە، گەر پەیوەندیی تایبەتیی نێوان خۆیو نەجمەدین فاتیح

(شەهید شێروان) لەبەرچاو بگرین، هەروەها لە گفتوگۆ سیاسییەکانماندا هەمیشە یەکێتیی وەکو لایەنێکی پێشکەوتنخواز وەسف نەکرد گەرچی نیەتیمای پێوە نەکردبوون. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لەگەڵ شەهید ئازاد هەورامیدا باسی جەمیل ئەمینمان کرد، بەو پێیەی هاوڕێیەکی نزیکی جەمیلو شەهید شێروان بوو، هەورامی وتی: جەمیل سەر بە ڕێکخراوی کارگەرانە. کاتێ ئەم قسەیەی ئازاد هەورامیمان بە جەمیل گەیاند، نکوڵیی لێ نەکرد، بەڵکو بەرگری لە بیروباوەڕەکانی کردو پاساوی بۆ نەهێنایەوە. پاش نەمانی کارگەران، ڕەوتی کۆمۆنیست سەری هەڵدا، جەمیل ئەمین، پێم وایە، یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕەوتە، کە دواتر بووە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. بەڵام جەمیل مارکسییەکی سەرسەختو توندڕەو نەبوو، بەتایبەتی لەم دە ساڵەی دواییدا، بەڵکو کەسێکی واقیعیو پراکتیکی بوو هەمیشە بە قووڵیو هێمنی بیری ئەکردەوە.

جەمیل ئەمین پێنج ساڵ بوو دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجەی زراوو جگەر بووبوو، تا لەرۆژی ١٧/٨/٢٠١١دا بۆ یەکجاری جێی هێشتین. بەر لە مردنی بە مانگێك تەلەفۆنم بۆ کرد، دوای ئەوەی ئەوزادی برام پێی ڕاگەیاندم کە باری تەندروستیی کاك جەمیل دیسان بەرەو خراپ بوون ئەچێو لە نەخۆشخانە نوستووە. بەڵام کە قسەم لەگەڵدا کرد، جەمیل ورەی بەرز بوو وتی بەرەو باشبوون ئەچمو ئێستاش بەرەو ماڵەوە ئەچم. شایانی باسە، جەمیل چەند ساڵێك بوو، بەهاوکاریی فاروق مەلا مستەفاو، بە کۆکردنەوەی ئابوونە لە بیزنسمانو دەوڵەمەندان، خەریکی دروست کردنی بنکەیەکی تەندروستی بوو بۆ چارەسەر کردنی تووشبووانی نەخۆشیی شێرپەنجە لەعێراقدا.



جەمیل ئەمین و لەیلای هاوسەری لە شانۆگەری

*هاوڕێ موزەفەری موحەمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست کە ئەویش یەکێک بووە لەو کادرانەی رابەری حیزب کە بۆ کاروبارەکانی لەلایەن هاوڕێ جەمیلەوە هاوکاری کراوەو لەنزیکەوە بە جەمیل ئاشنابووە بەمجۆرە سەبارەت بە کەسایەتی جەمیل قسە دەکات:*



## بۆ یادەوەری جەمیل ئەمین

یەکشەممە ٢٩ئاب٢٠١١

جەمیل، هاوڕێو دۆستی دێرینی من بوو. لە کوردستانی عێراق دۆستو هاوڕێی زۆرم هەبوونو هەن. بەڵام هەر کاتێک ئەگەیشتمە سلێمانی، جەمیلو خانەوادەکەی، شوێنی کارو ماڵەکەی لەبەر چاوم بوون. کاتێک بیرم لەوە ئەکردەوە کە لە کوێوە دەستپێبکەم، کێ ببینم، پرسو ڕا بەکێ بکەم، بۆ کارەکانم پێویستم بەچی ئەبێت، بۆ شوێنی نیشتەجێبوونو هەر شتێکی دیکە، ڕوخساری میهرەبان، خۆڕاگرو جددی جەمیل، باسو خواسەکانی لەیلای هاوسەریو میهرەبانیی منداڵەکانی لەپێش چاوم بوون. بەبێ ئاگاداری پێشوەخت ملی ڕێگام ئەگرت بۆ شوێنی کاری جەمیل، هێندە بەس بوو کەسێک پێی ڕاگەیاندبا کە فڵانە کەس لێرەیە، پاش چەند دەقیقەیەک بێ دواکەوتن، جەمیل لەگەڵ لەشولاری بچکۆلانەو چاوەقووڵەکانیو بە زەردەخەنەی سەر لێویەوە، ئارامو لەسەرخۆ لە ڕێڕەوەکانی باڵەخانەی کۆمپانیا گەورەکەی تەلەفۆناتەوە کە کاری هونەری لەئەستۆی ئەودا بوو پەیدا ئەبوو. وە ئیتر هەموو شتێک چارەسەر دەبوو.

یاخود هەر کاتێک شەوانەو درەنگوەخت لە سەفەرێکی درێژەوە بە جانتای سەفەرەوەو بێ ئاگاداری لەدەرگای ماڵیانم ئەدا، لەیلا هەر لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بەپێشوازییەوە لە قاتی دووهەمەوە دەسبەجێ ئەیناسیمەوەو پاش چەند دەقیقەیەک لە باوەشی ئەو خانەوادە سەمیمیو سادەیەدا بێ شەرمکردن ماندوویێم ئەحەسایەوە.

جەمیل لەو کۆمۆنیستە مرۆڤدۆستانە بوو کە ئەگەرچی ڕوخساری ئەو لە ناو میدیاو لەسەر گۆڕەپانی شارەکانی کەرکوکو سلێمانی لەنێو وتاربێژانو شتیتردا نەئەبینرا، بەڵام لە کۆمەڵێکدا کە کاری تێدائەکرد، لەو گەڕەکەی کە زیندەگی تێدا ئەکرد لەنێو کۆڕی دۆستانو هاوڕێیانیدا، یەک ئەلگۆو نموونەی مرۆڤدۆستی، پەیوەندی گەرمو جددی کۆمەڵایەتیو خاوەن ئۆتۆریتەی سیاسیو خۆشەویست بوو. بە گوێرەی ڕەواڵی باو لە یاری فوتباڵدا گۆڵکەرەکان ناودارترن، بەڵام یاریکەرانێک هەن کە لە یاری دەستەجەمعیو کایە سازکردن لەپێناو سەرکەوتنی تیمەکەدا ڕۆڵی سەرەکی ئەگێڕن. ئەمانە لە میدیادا ناودار نابن، بەڵام کۆڵەکەی سەرەکی تیپەکەنو بەبێ ئەوانە سەرکەوتن نیمکانی نیە. جەمیل کۆمۆنیستێک بوو کە بە جۆرێکەوە ئەتوانرێ بوترێ کۆڵەکەیەکی ڕەوتی چەپو ئینساندۆستی بوو کە ئەتوانرا بۆ هەر کارو ئیمکان سازیەکو بۆ هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی حسابی لەسەر بکرێت.

دوایین جار جەمیلم لەسە[illegible]رەوێڵەی ژوورەکەی بینی. کاتێک منی بینی لەگەڵ هەمان چاپوکی هەمیشەیی کە لە ڕێڕەوەکانی شوێنی کارەکەیەوە ئەهات، لە قەرەوێڵە هاتەخوارو یەکتریمان

لەئامێز گرت. لەهەمانکاتدا ئازارێك هەتا سەر ئێسقانم سووتاندمی. مەگەر ئەشێ جەمیل بەم شێوازە ببینیت! بێرەحمانە بوو. تەقسیر هی کێیە؟ نازانم.

بەڵام چەند ساتێك دواتر چاوانی پڕئومێدی بە ژیانو زەردەخەنەی هەمیشەیی ئەو کە نیشانەی باوەڕ بەخۆبوونی بەرزی ئەم مرۆڤە مەزنە بوو ئازارەکانمی سوکتر ئەکرد. پرسیاری هەمووانی ئەکرد. یەك یەك کەسانێك کە ئەیناسین وە لەبارەی ڕەوشی کاروبارەوە پرسیاری ئەکرد...

جەمیل گیان خانوویەکم پێویستە، تەلەفۆنو کارتم ئەوێو... لەیلا بەردەستی ئەکرد، لێرە ئەمێنیتەوە بەڕاستی، خانوو زۆرەو جەمیلیش بێ دواخستن لە کۆمپانیا داوای کارتو تەلەفۆنی کردبوو بۆم. "ئیتر چیترت پێویستە؟" سەلامەتی!

لە ڕاستیدا لەو ساتە بەدواوە سەلامەتی جەمیل تەنها خواستو ئارەزووی من بوو. وە ئەمەش ئارەزووی سەرجەم دۆستانو ئاشنایانو هاوڕێیانی جەمیل بوو. بەڵام ئەفسوس..؛

ئەگەر کەسێك لەمن بپرسێت، چی شتێك لە جەمیلەوە بۆ تۆ بەجێماوە، ئەڵێم، یەك ئەڵگۆ!

ئەڵگۆی پتەوو خۆڕاگریو سادەییو کارزانیو توانایی لە ئەنجامدانی هەر کارێکو بێ ئەملاو ئەولا. ئەڵگۆی یەك ئینسانی پتەو، جددی، پڕئیرادەو کۆمەڵایەتیو میهرەبان. ئەگەر بتوانێ ئەڵگۆی کارو زیندەگیو لێزانیو تێکۆشانی جەمیل بەدەستەوە بگیرێتو فراوان بکرێتەوە، کۆمۆنیزمو مرۆڤدۆستی بەخێرایی کۆمەڵایەتی ئەبێتەوە.

بەداخەوە مەراسیمی ڕێزلێنانی جەمیلم لە ستۆکهۆڵم لەدەستدا. وە سبەینێش کە ئەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، ئیتر جەمیل نابینمەوە. بەڵام بێگومانم کە لە هەمان یەکەم ساتەکاندا، دڵم... هەنگاوەکانم بۆ جێگایەك ئەمبەن کە جەمیل لەو شوێنەیە. شتێکم نیە لە بارتەقای جەمیلدا، ئەو هیچ کات چاوەڕوانی پاداشت وەرگرتن ئەبوو. تەنیاو تەنیا دڵۆپەی ئەو فرمێسکانەو گورزەی ئەو تاجە گوڵینەو یەك سوپاسو قەدرزانینێکم هەیە بۆی کە هیچ کاتێك شایستەی ئەم پیاوە مەزنە نیە.

بەڵام لەیلاو منداڵەکانی جەمیل وە ماڵەکەی کە هەمیشە دەروازەی بە ڕووی منو هەموو کەسانێك کە پێویستیان بە جەمیل هەبوو کراوە بوو، بۆ من یادەوەری سەرجەم بیرەوەرییەکانی سەردەمی پڕشانازی دۆستیم لەگەڵ جەمیلدا ئەبێت.

ناتوانم دڵنەوایی لەلەیلاو منداڵەکان بکەم، ئەم غەمو لەدەستدانە گەورەیە بە دڵنەوایی هێور نابێتەوە. بەڵام هەرئەوەندە دەتوانم بڵێم:

خۆشەویستان لەیلاو منداڵەکانی جەمیل!
ئێوەو من، لەگەڵ هەموو دۆستانو هاوڕێیانی جەمیل شانازی بەم مرۆڤە شەریفو میهرەبانەوە دەکەینو یادی بەرز ڕادەگرین. ئەوە کەمترین پاداشتێکە بۆ هەوڵو زەحمەتی ئەم مرۆڤە مەزنە.

بەڕێز غازی محمد کە ئەویش هاوڕێیەکی دێرینەی هاوڕێ جەمیلە بەم پارچە شیعرە گۆشەیەک لە مێژووی ژیانی سیاسیو کەسایەتی جەمیلو هەستی خۆی بەرامبەر بەو هاوڕێ دێرینەی دەخاتەروو.



بۆ هاوڕێی کۆچکردوومان جەمیل ئەمین

غازی موحەمەد

١٨/٨/٢٠١١

ئەوکاتەی ڕیش وەکو تفەنگ
لە ناو لوولەی سیاسەتدا کاری دەکرد،
کاک جەمیل ڕیشی هێشتەوەو قەمیسی ڕەشی لە بەر دەکرد.

کۆڵێ کتێب و ڕۆژنامەی ئەخستە بن باخەڵی..
کێ بیویستایە پیادە بێ
ئەو حازر بوو پیاسەو کتێبەکان بەشکا لە گەڵی..

ئەمە ئیعلانی شەڕێکی ئەخوازراو بوو
چونکە گەنجی توورەی هەرەس
وەکو هەنگ لێرەو لەوێ..
خۆرسکانە بۆ شانەیەک ئەگەڕان
شنەیەک نارامییان بەرکەوێ
....

یەکەم نامانجی بەعس لە کەرکوک
پڕ کردنەوەی کارێزەکەی شۆرجە بوو
تەعریب کارێزی بن جەوڵی بۆ مەکتەبی نازەنین،
بە قیرو زفت ،
بە تاوێرو گا بەرد
پڕ کردەوە..
"حی شورتة" وگەڕەکی "قوتەیبە" ی خستە سەر پێ و
کێوەڵی جێگەی گرتەوە..
..

تا پرۆسە ناوی لە تۆرەکان بڕی..
شانی کچی بێنازمان
تەنەکەی ناوی تەنکەری میسرییەکان دڕی..
بە نیهانەیەکی زۆرەوە

بۆ ژیانێکی هاتو نەهات...
هاتین ..هاتین
چارەنووس بە دەستی گوڵەیەکی وێڵەوە بوو..
وەیشومەیەک لە گەڵ تۆزی حەجاجدا، هەڵی کردبوو ،
لە بیاباتەوە بۆ کەرکووک دەهات..
..
لەو دەمەدا جەمیل ئەمین
سەرێک بوو بۆ برین..
سکێ بوو بۆ درین..
نەک وەکو کۆیلە بۆ مەولا،
یان هەڵپەیەک بۆ ژین..
لە شۆرجەدا دەستو قاچمان ئەدۆزینەوە..
لە کەرکووکدا مێشکمانی لە گەڵ ئەدوورینەوە..
پێش ئەوەی شۆرجەو زێوێ شەهید کەن
جاسم لە ناو نوتووەکەی خۆیدا سووتابوو..
"ئەرپە" نیوەی ڕیشی تاشرابوو،
بەسەر کورسی حەلاقەوە بە کوڵێ برینەوە بە چاوی مۆڵەقەوە شانی دادابوو...
ئەنوەر زۆراب درووشمێکی نوێ بوو تازە هەڵکرابوو..
فەهد لە دڵی ئەودا
کتێبێکی تەواو نەکراو بوو.
سەرجەم خوێنەرەکانی..
بە سیاسەتی چرپە ڕانەهاتی..
....
چرپە هاوارێک بوو بەعسی هەژاند
سیاسەتێکی نوێ بوو
بەڵام بۆ ئەوەی خەڵک نەهەژێ
خۆی وەک گێل ئەنواند..
.......
جەمیلیزم..
لە شۆرجەوە بڵێسەی کرد،
زۆری نەبرد..
لە دڵی هەمووماندا
چەکەرەی کرد..
...........
ڕۆژنامەی چەپەکانی
بە ئەکرەمدا بۆ ماڵ دەناردەوە..
بە بەردەم چاخانەکەی حەمە گوڵنازو شکورا
بە ژێر لمۆزی سیخووڕەکاندا
ئەکرەم سەری دانەخست و
لە ناو تاقی کتێبەکاندا
لە بێ ماوو لینیندا

ڕۆژنامەکانی دەشاردەوە..
****

وەک هەموو جار سەردانی کتێبخانەکانی شۆرجەم کرد
جەمیل ڕووی لە ڕەفی کتێبەکان بوو
بۆ خوێندنەوەی کتێبێک سەری نەوی کردبوو
ئەو-تەنها بۆ کتێب و دەرگای ژوورەکەی خۆی سەری نەوی دەکرد..
ئەگینا باڵا بوو وەکو قەندیل
****

ڕۆژێک لە کتێبخانەی ئاسۆ
لە دواوە دەستم خستە سەر شانی
ئاوڕێکی بۆ دامەوە زەردەخەنەیەک لە چاویا بوو..
ئەو زەردەخەنەیە لە هەموو زەردەخەنەکانی جیابوو....
ئەو لەحزەیەش جوانترین لەحزەیە بە لامەوە
تەوقەیەکی گەرم لە ڕووحەوە
پڕ لە پاکی لە ناو دەستەکانیدا
وەکو گڕ وابوو.
لە چاویدا نهێنییەکان دەبینران..
چرپەکانی دەبیستران..
دەی ئیتر پیاسە حەیاتەکەی "شارع جمهوری "و
بەردەم شکور نەجاڕ بە ئێواران..

ئاخ (شارع جمهوری) ئاخ!!
لەوێوە بۆ "تواشف و انت ماشی"
بۆ بەردەم مەکۆی "ڕوانگە"ی شیعری نوێی کوردی
یان بارەگای شۆڕشگێڕی کوردوستان..
..

لەوێوە وەرە..
بۆ خان خەلیلی و گازینۆی منەوەرە..
..

چی باسبکەم
سەردانی گۆڕستانی ئەبوعولک
یان شێخ محێدین؟
لەوێوە پیاسەی ئازادی و نیسکان..
یان لەحزەی وەرگرتنەوەی وێنەکەی بە ڕیشەوە
لە" سەبعە نیسان" ؟..
ئەو لەحزانە بەراورد ناکرێن لە گەڵ
گەورەترین مەڵەوانگەی گەنجی ئێستاو
ماڵی شەرەف،
یان ڤیلای سەر گردی مەسئولەکانی کوردوستان..
****

کاتێ لە دارستانێکدا پیاسە ئەکەی درندەیەک
بەرەو رووت دێ
دوو شت فریات ئەکەوێ..
یان تەسلیم بە مەرگی حەتمی .. یان تفەنگێکت دەست کەوێ
......

کەرکووک ئەو رۆژانەی پارچە پارچە
لە جەستەیان ئەکردەوە
لەشکری شۆفڵ لە نێوارەیەکی تەپوتۆزاویدا
بەسەر سینگی قەڵاو
شۆرجەو نیسکان و زێوێ دا ئەسووڕایەوە..
جەمیل لەو دەمەدا بە ڕیشە خۆڵاوییەکە یەوە
وەکو هەنگێکی شانە ڕووخاو
وەکو کۆتری لانە شێواو
لێرەو لەوێ
ئەخوولایەوە..
هەندێجار لە چاڵەکانی بەردەم ئیمام قاسم
بۆ تەنیایی و بیرکردنەوە
سەری بە تاریکیی شەودا ئەکرد
"بلە فگوور" بەو شەوە بەربینگی پێ ئەگرت و
هەندێجار چەند پەنجاییەکی
ئەدایە
تا چیتر سیکۆتین ئەخواو تا بەیانی ئەلووریێنێ
"بلە " پێی وابوو لە میانی پێکە عەرەقەکانەوە
ئەتوانێ ببێتە پاڵەوان و
بەعس ببەزێنێ...
ئەمەش خەمێکی تری کاک جەمیل بوو
کە گەل بتوانێ
لە میانەی پێکەکانەوە
ئازادی بە دەست بێنێ..
....

هەناسەی کزو دەنگی کپ بوو
ئا لەوێوە فێر بوو هەموو وەڵامێکی
بە چرپە ئەدایەوە
کەرکوک
ئەو ڕۆژانەی مزگەوتەکان
لە ماڵی خوا دەرچوون..
ئەو ڕۆژانەی کتێبە پیرۆزەکان
بەسەر نێزەی شۆفڵەکانەوە..
وشە وشە ڕژانە ناو خۆڵی مێژووی داڕمانەوە..
ئەو ڕۆژەی هەموو مەلاکان بەخۆیان و خوتبەکانیانەوە
نێژن دران بۆ ماڵەوە،

چی دەمێنێتەوە
هەر ئەو ئێوارەیە
"هۆشی منە " لە سەر بەرگی گۆڤاری "دستور"ی ئەردەنیدا..
خۆی کردە کتێبخانەکەی
'ناسۆ"دا
هەر ئەو ئێوارەیە کاک جەمیل لەگەڵ سولەیمانی موعینیدا..
بەسەر کەلاوەی ماڵ بە ماڵی ئازادیدا
تا ئەگاتە پردی سێ ی ئێستا
قەباڵەیەکیان بۆ شەهید بوون
مۆرکرد،
کە سولەیمان گەڕایەوە..
کاک جەمیل چاووم لێبوو تەواو تەواو
بووژایەوە..
لەوە بەدوا کەرکوک

ناچار بوو گوێ لە کاک لەتیف بگرێ..
فەلسەفەی پۆستەرە شیعرێ،
لە ئەستی خۆیا لە چوار چێوە بگرێ..
ئەگەر ئەتانەوێ ئەمرن
"دەستتان تفەنگی تیا بێ ئەک مەمکی ژن"
لەو دەمەدا:
بە هەموو گەنجەکانی شارەوە
بە قەد کوڕە مەسئولێ مەمکی نەگووشی..
لە هیچ ژوانێکدا
نیو هێندە پەنجەی ئەرم و
لێوی حەبیبەی نەمژی..
.....

ئەوکاتە وابوو
خۆشەویستی
بۆ کاتێکی نادیار داخرابوو..
خۆشەویستی بێ بەرامبەر وەکو شیعر بۆ شیعر
لە قەفەزی سینگدا هەڵگیرابوو..
دڵداری خەتی سوور بوو
شایی و هاوسەرگیری لە کەمیدا بوو..
زیندان بۆ بووکی یەک شەوەش لە کەمیندا بوو..
........

ئێستاش کە دار بەری گرتووە
ئەوەندەمان پێبڕاوە ..
سات ئاساتێ
لێرەو لەوێ..
هەواڵی مەرگی ئازیزێکمان
بەر گوێ بکەوێ.

*چەندرۆژێك بوو چاوەڕێی ئەوەمان دەكرد كە ئەو هەواڵە ناخۆشە ببیستین، بەنیگەرانیەوە گوێمان هەڵخستبوو، سەرەنجام ئێوارەی ١٧ ی ئەیلول لەڕێگای هاوڕێ دەشتی جەماڵەوە ئاگاداربووم كە جەمیل گیانی لەدەستداوە. لەفكری ئەوەدابووین چۆن ئەو هەواڵە ناخۆشە بە بەیانی خوشكی جەمیل بڵێین كە تەنها چەند كاتژمێرێك بوو لە كەركوكەوە، لای جەمیلەوە گەڕابوەوە! چی بكەین، چۆن مەراسیمێكی شكۆمەند بۆ ڕێزگرتن لەو مرۆڤە خۆنەویستە مەزنە بەرپابكەین كە شایستەی ڕەنجو خەباتو كەسایەتی ئەوبێت.. لەناو فكری ئەوانەدا بووم كە هاوڕێیانی ڕابەری حیزب داوایان لێكردم بەیانێك بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ جەمیلەوە بنوسم. بەیانەكەم نوسی و دواتر بەناوی هەردوو حیزبی كوردستانو عێراقەوە بلاوبوەوە. بەیانەكە لە پێشەكی ئەم كتێبەدا هەیە. بەڵام دڵم ناوی نەخواردەوەو هەستم كرد هێشتا نەمتوانیوە ئەوەی لەناخمدایە بەرامبەر بە لەدەستدانی ئەو هاوڕێ ئازیزو دڵسۆزەم دەرببڕم. ئەو وتارەی خوارەوە بەشێكە لەوەی لەناخمدا پەنگی خواردبوەوە.*



یادێك لە هاوڕێ جەمیل ئەمین!

موحسین كەریم
٢٠١١-٨-١٨

كەم كەس هەیە جەمیل ئەمینی ناسیبێتو لەسەر كۆمەڵێك بەهاو هەڵسوكەوتو سیفاتی ئەو هاوڕا نەبن، ئەگەرچی ئەو كەسانەش كەمترین بۆچونی هاوبەش كۆیان بكاتەوە. ڕاستگۆیی، دڵسۆزی، گیانی هاوكاری، ڕێزگرتنی بەرامبەر، وەفاداری، ئینسانسدۆستی، لەخۆبوردەیی، میهرەبانی، نەفس بەرزی، دڵفراوانیو چەندین سیفاتی مۆدێرنو مرۆڤانەی دیكە كە ڕەنگە لیستەكەی لەوەی منیش درێژتربێتەوە.

جەمیل كۆمۆنیستێكی كرێكاری پەیگیرو خاوەن بڕوایەكی قایمو تۆكمە بوو بە كۆمۆنیزمو ئامانجە ڕزگاریبەخشەكانی چینی كرێكار. ماركسیستێكی بڕوا پتەو بوو كە بۆ ساتێك ئومێدی بە دنیایەكی یەكسانو خۆشگوزەران بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی لەڕێگای شۆڕشی كۆمەڵایەتی چینی كرێكارەوە كز نەبوو. بەڵام بەم خاسیەتەشەوە جەمیل تەنانەت بۆ ئەوانەشی كە خۆشیان لە كۆمۆنیزمو كرێكار نەدەهات جێگای ڕێز بوو، چونكە ئینسانسدۆستی جەمیل خاسیەتی ئەو بوو. ئەو لەدەرەوەی فكرو بۆچوونی سیاسیو جیاوازیەكانی نێوان مرۆڤدا، لەسەر بنەمای مرۆڤبوون مامەڵەی مرۆڤەكانی دەكرد.

من دوای ڕاپەڕینو لە كۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە كۆبونەوەی ڕابەری ڕێكخراوی "ڕەوتی كۆمۆنیست"دا لەگەڵ هاوڕێ جەمیل ئاشنابووم، بەڵام لە دوای ئەوەوە كاری سیاسیو ڕێكخراوەییمان پێكەوەبوو تا ساڵانێكی زۆر. ئەوەی من دیم لە دڵسۆزیو ماندوونەناسیو ئامادەییو ڕێزگرتن لە كاری هاوڕێیانیو تەرخانكردنی هەموو تواناو ئیمكاناتی شەخسیو خێزانیی بۆ جێبەجێكردنو بەرەوپێشبردنی كاروبارەكانی ڕێكخراو و دواتریش حیزب، كەموێنە بوو. ماڵی هاوڕێ جەمیل هەمیشە بنكەیەك بووە كە ڕابەری ڕەوتی كۆمۆنیستو دواتریش ڕابەری

حیزب تیایدا کارەکانی کردووە، پارێزراوەو حەواوەتەوە.

هاوڕێ جەمیل لەباری متمانەو لێزانی لە مەسائیلی نهێنیکاری گونجاوترین کەسێك بوو کە بتوانێ بەرپرسیارێتی چاپخانەی ڕەوتو دواتریش تاماوەیەك چاپخانەی حیزبی پێ بسپێردرێ. بیرمە کاتێك بەرلەوەی بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە" بیرێتە چاپخانەی دەرەوە، لە چاپخانەی ڕەوت چاپ دەکرا. ئێمە بابەتەکانمان ئامادە دەکردو زۆرجاریش هاوڕێ لەیلای هاوسەری جەمیل چاپی دەکرد. کاتێك کە لە مۆنتاجی بۆپێشەوە دەبوینەوە، ئینجا هاوڕێ جەمیل چەندین کاتژمێر خەریکی کۆپیکردنی بۆپێشەوە بوو. زۆربەی جارەکان وادەبوو کە ئێمە شەوێك تابەیانی بمێنینەوە تا مۆنتاجەکەمان تەواو دەکرد. پاشان نۆرەی هاوڕێ جەمیل دەهاتو ئەویش بەهەمانشێوە شەوورۆژی پێکەوە گرێ دەدا تا بۆپێشەوەی ئامادە دەکرد بۆ بڵاببوونەوە.

دوای ئەوەی ئاڵوگۆڕ بەسەر شێوازی چاپو بڵاوکردنەوەی حیزبدا هات، بڵاوکراوەکان لە دەرەوە چاپ دەکران، کاری هاوڕێ جەمیلیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. جارێکی دیکە ماڵی هاوڕێ جەمیل بووەوە بە شوێنی ئارامو پارێزراو بۆکارەکانی ڕابەریو چەندین کۆبونەوەی ڕابەریو پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ماڵی ئەواندا گیرا. هاوڕێ جەمیلو ماڵی هاوڕێ جەمیلو لەیلای هاوسەری پشتوپەنایەکی بەردەوامی توندوتۆڵی ڕابەری حیزبو کارەکانی بوونو بەبێ هاوکاریو ئامادەییو میهرەبانیو لەخۆبوردەیی ئەوان لەنگییەك باۆکاری ڕابەری حیزب دەهاتەپێشەوە.

دواجار کە هاوڕێ جەمیلم بینی مانگی ئابی پار، واتە ۲۰۱۰بوو. بەداخەوە لەوکاتەوە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووبوو چاوم پێی نەکەوتبوو، بەڵام ناوبەناو بە تەلەفۆن پەیوەندیمان هەبوو. تەنانەت لەو بارە ناخۆشەشدا کە تووشی بووبوو، هەرکاتێك قسەم لەگەڵ دەکرد ئەو لەمن زیاتر محیبەتو میهرەبانی نیشان دەدا. کاتێك بینیم، من دوای ٦ ساڵ تازە گەڕابوومەوە بۆ سلێمانی، لەبەردەم باخچەی گشتی لەگەڵ تیمێکی حیزبدا کەخەریکی بڵاوکردنەوەی ئۆکتۆبەر بوون، وەستابووم. هات بۆلامو باوەشمان پەیەکداکرد. بەڵام ئەوکاتە هاوڕێ جەمیل نەخۆش بوو، ئەو مرۆڤەی کە نەیدەزانی ماندووبوون چییە، سیمای ماندو و جەستەی لاواز بوو. لەناخەوە زۆر دڵتەنگ بووم، بەڵام لەگەڵ ڕووی خۆشی پڕ لەئومێدی ئەودا منیش هەروەکو جاری جاران کەوتمە قسەو ماوەیەك لەلامان وەستاو دواتر بەڵێنی ئەوەم پێدا کە سەردانی بکەم بۆ ماڵەوە.

دواجار کە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد نزیکەی ۱۵-۲۰ڕۆژێك لەمەوبەر بوو. ئەو بەداخەوە ساتەکانی کۆتایی تەمەنی دەژمارد، بەڵام زۆر بە دڵی خۆشو ئومێدو هیواوە قسەی لەگەڵ دەکردم. من هەستم دەکرد کە ماندووەو نەخۆشیەکەی بڕستی لێبڕیوە، بۆیە هەستم بە شەرمەزاری دەکرد کە ماندوو دەکەم بەوەی ناچاری دەکەم قسەم لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو تەئکیدی دەکرد کە نا زۆرباشم. بەڕاستی سەرباری هەموو ئەو وەسفانەی کە لەسەرەتاوە ئاماژەم پێداوە، کەسی وا خۆڕاگرو خاوەن ئیرادەی بەهێزم نەبینیوە. ئەو ئەوەندە ئینساندۆست بوو کە تەنانەت ئازارە سەختەکەی شێرپەنجەکەشی کە بە قورسترین دەرمان بۆ ساتێك هێوردەبوەوە، لە نزیکەکانی دەشاردەوە تا دڵگران نەبن! کێ هەیە ئەوەندە ئیحساسی مرۆڤانەی هەبێ!؟ ئەگەر مرۆڤدۆستی کاتێك قابیلی ئەندازەگرتن بێت کە مرۆڤ بتوانێ بەرامبەر بە کەسانی دیکە هاوکاریو میهرەبانیەك نیشانبدات، بەڵام جەمیل لەوکاتەشدا کە خۆی پیویستی بەهاوکاریو میهرەبانی بوو، پڕاوپڕ بوو لە میهرەبانیو دڵسۆزی بۆ غەیری خۆی. نمونەی جەمیل زۆرنین، بۆیە بە لەدەستدانی جەمیل هەموومان دەزانین کە چ خەسارەتێکمان لێکەوتوە!

*بەڕێز سەمیر نوری، هاوڕێی سیاسیو لەمێژینەی جەمیل لە وتارێکی تایبەتدا کە بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە بەمجۆرە سەبارەت بە هاوڕێ جەمیل دەدوێ:*



بە هێمنی و ڕاوەستاوی نزیکەی چوار دەیە لە خەبات!

لەیادی جەمیل ئەمیندا یەکێك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقدا!

سمیر نوری
٢٧ی ئەیلولی ٢٠١١

جەمیل ئەمین یەکێک لە خەباتگێڕو تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوو کە وەک سەربازی وون وابوو. بەهۆی زۆر ووردەکاری ژیانی سیاسی ئەوەوە جێگاو ڕێگەی ئەو لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هەقی خۆی پێنەدرا. من وەکو یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەو بە ئەرکی خۆمی دەزانم هەندێک لە ژیانی ئەو ئینسانە بخەمە ڕوو لە دووتوێی یادگاریەکانمدا لەگەڵ هاوڕێ جەمیلدا.

ئێمە خەڵکی یەک گەڕەک بووین لە شاری کەرکوک ئەویش گەڕەکی شۆریجەیە. ئەم گەڕەکە هەژارنشینە هەمیشە یەکێک بووە لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوک کە ملی نەداوە بە سیاسەتە کۆنەپەرستو ملهوڕەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. هەمیشە لەناڕەزایەتیو ڕووبەڕووبوونەوەدا بووە و وێرانکردن لەلایەن حکومەتە ناسیونال فاشستەکانەوە هەمیشە بەشی بووە.ئەم گەڕەکە شوێنی ئینسانە کۆمۆنیستەکان و چەپەکانی شاری کەرکوک بووە. کەمنین ئەو کەسایەتیە بەناوبانگانەی چەپ کە لەم گەڕەکەدا نەشونمایان کردوە. جەمیل یەکێک بوو لە ناسراوترین ئینسانی مارکسیست و چەپ لە گەڕەکەکەدا. بە دوای ئیفلیجبوونی حزبی شیوعی عێراقیو سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێی چەپ لە عێراقدا، جەمیل یەکێک بوو لە ڕابەران و کەسایەتیە ناسراوەکانی بزوتنەوەی چەپی هەفتاکان. نەک تەنها لە گەڕەکەکەی خۆی ناسرابوو، بەڵکو لەئاستی کەرکوک و کوردستاندا بەرجەستەو یەکێک بوو لە کەسایەتیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی حکومەتی بەعسو بۆ یەک ڕۆژ ملی نەدا بەسیاسەتە دژی ئینسانیەکانی ئەو حکومەتە.

من کاتێک جەمیلم ناسی کە ئەو تازە خەتی دابوو _ دیارە ئەو چەند ساڵێک لەمن گەورەترە _ لاوێکی باریکەڵەی لاوازو گورج وگۆڵ بوو. تازە ماڵمان هاتبووە کەرکوک لەژێر تەهدیدی تەعریبکردنی ناوچەکەمان و دێکەمان هاتبووینە شاری کەرکوک. من مێردمنداڵێکی دوانزە ساڵە بووم لەبەر هەژاری لەسەر سینی کێک و لوقم و ئەو شتانەم دەفرۆشت. ڕۆژانە پێش ئەوەی بچم بۆ قوتابخانە دەچومە سەر دیواری ئامادەیی شۆرجە و لە کاتی پشوودانا شتەکانم بە قوتابیەکان دەفرۆشت. ئەو ڕۆژە لەسەر دیواری قوتابخانەکە بووم لە پڕ هەموو قوتابیەکان لە پۆلەکانیان هاتنە دەرەوە بۆ ناوەڕاستی قوتابخانەکە. هێشتا شەڕ دەستی پێنەکردبوو لەنێوان پارتی وحکومەتی بەعسدا پێش ئاشبەتاڵ. بەڕێوە بەری قوتابخانەکە و یاریدەدەرەکەی بەرەو ڕووی قوتابیەکان هاتن. ئەوەی کە هیچ کاتێک لەبیرم ناچێت ئەوە بوو جەمیل ئەو لاوە تازە هەڵچووە ڕووبەڕووی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووەوە کە ئەو کات ئەحمەدی مەلاکەریم بوو، ڕاوەدوی جمیل کەوتبوو و

بە دارێکەوە ڕاوی دەناو جەمیلیش لە قسەکردن نەدەکەوت! من ئێستاش نازانم ئەو مانگرتنە لەسەر چی بوو بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو من جەمیل ببینمو بە تەواوەتی بیناسم. من لەو کاتەوە جەمیل وەک یەک ئینسانی سیاسی دەناسم بۆ یەک ڕۆژیش ئەم بیستوە ئەو دەستی لەکاری سیاسی هەڵگرتبێ.

جەمیل هەمیشە لە بۆنە و مەسایلەکانی ناو کۆمەڵگە دەخیل بوو بەتایبەتی لە دیفاع لە خەڵکی هەژار و زوڵملێکراو. لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا کە خێزان و منداڵان و ژنان و پیاوانی ڕاکردوو لە دەست زوڵم و زۆری حکومەتی بەعس و لە کاتێکدا لەترسی زەبروزەنگی حکومەتی بەعس خەڵک نەیاندەتوانی نزیکترین کەسەکانی خۆیان بگرنە خۆو بیانپارێزن، جەمیل یەکێک لەو کۆمۆنیستە چاونەترس و شیلگیرانە بوو کە دەستی دایە کۆمەک کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی ئەنفال لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێ ودۆستەکانی.

ئێمە لەیەک ڕێکخراودا کاری سیاسیمان دەکرد. کاری ژێرزەمینی کارێکی قورسو پڕ مەترسی بوو. پاراستنی خۆتو دەوروپشتەکەت یەکێک بوو لە وەزیفەکانی سەرشانت. من پێموایە جەمیل لە هەموومان مولتەزیمتر بوو. من بیرم نایەت کەسێک بەبۆنەی جەمیلەوە یان بەهۆی سەهلەنگاری ئەوەوە یان بەهۆی خۆدەرخستنی ئەوەوە توشی مەترسی بووبێ. ڕابەرایەتی ڕەوتی کۆمۆنیست چی پێبووتایە ئەو وەکوخۆی جێبەجێی دەکرد. سەردەمانێک کە چەپ مۆدی بوو لەبەر کردنی پانتۆڵی کاوبۆ بە تایبەتی شڕو بەدەستەوەگرتنی تەزبیحێکی درێژو جوتێک کڵاشی شڕ مۆد بوو. هەرکەسێ تەماشای بکردایە دەیزانی ئەوە چەپەکانن، کە دیارە جەمیل لەو سونەتە بەدەر نەبوو. من ئێستاش شێوەی ئەو کاتەیم لەبیرە. لایەنێکی مەسەلەکە ئەوە بوو، بۆ ئەوەی بە خۆت بڵێی چەپ دەبوا جلوبەرگی شڕ وهوڕ لەبەر بکەی، بەڵام ڕەوتی کۆمۆنیست داوایان لە جەمیل کرد کە دەبێ قاتی پانتۆڵ و چاکەت لەبەر بکاتو بۆینباغیش ببەستێتو لەم شێوە خۆ گۆڕینە دەست هەڵگرێ. بەتایبەت کە دەکەوتیتە ناوخاڵی پشکنینەوە ئیتر ڕووبەرووی مەترسی زۆر دەبوویتەوە. بەڵام جەمیل ئەتوت خراوەتە ناو قەفەسەوە تەنها لە خاڵەکانی پشکنین بۆینباخی دەبەستو یەکسەر کە تێدەپەڕی بۆینباغەکەی دادەکەن و فڕێدەداوە ئەو لاوە.

جەمیل ئامادەی هەموو بەرپرسیارێتیەک بوو کە بۆی دابنرایە، ئێمە چوار کەس بووین( صادق عزیزو جەمیل و من و نادر عبدالحمید )کە بەرپرسیارێتی ڕێکخستنەکانی ڕەوتمان لەسەر شان بوو لە کەرکوک و هەولێر. نادر ئێمەی پەیوەست دەکرد بە مەرکەزی ڕەوتەوە. جەمیل کەرکوکی بەجێهێشت بۆئەوەی خانویەک بگرێت لە سلێمانیو فەزایەکی کۆمەڵایەتی بۆ دانیشتنەکانمان دروست بکەین. جەمیل ئەم مەسئولیەتیەی گرتە ئەستۆ تا ١٩٩١ ماڵی ئەو شوێنی دانیشتنەکانمان بوو. پیرێژنێکی دراوسێمان هەبوو، ئێمە پێمان وابوو زۆر ئەمنیەتی خۆمان پاراستوە و پێمان وابوو پیرێژن نازانێ ئێمە خەریکی چین، بەڵام هەر کە حکومەتی بەعس لە سلێمانی دەرپەڕی، دوای کۆبونەوەکەمان بینیمان پیرێژن دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە دوعای خێرمان بۆ دەکات! ئەو لەو سەری مەسەلەکەوە دەهاتەوە.

جەمیل ئینسانێکی زۆر هێمن بوو تا ڕادەیەکیش شەرمن بوو. ئێمە لە کۆبونەوەکاندا دەبوا هەرچیمان کردوە و هەر هاورێیەک چی ئەنجام داوەو کێ بوە بە ئەندام سەرگوزەشتەی هەمووی بۆ هاوڕێ نادر بگێرینەوە، ئەویش گوێی دەگرتو دواتر قسەو باسمان لەسەر دەکرد. بەڵام هەمیشە لە سەرەکەی هاوڕێ جەمیلدا لەبەرئەوەی زۆر بە هێمنیو وورد وورد قسەی دەکرد هاوڕێ نادر خەوی لێدەکەوت! هاوڕێ جەمیل هەندێ جار سوور دەبوەوە و منو صادقیش بزەخەنەیەکمان دەکرد. ئەو بەهێمنی قسەکانی نەدەبڕیو لە ڕووشی نەدەهات نادر هەڵسێنێ لەخەو. دیارە لەوەش خۆشتر ئەوە بوو نادر کە بەخەبەر دەهات دەیزانی ئێمە چیمان گێڕاوەتەوە،

یەکسەر بۆچوونی خۆی دەدا لەسەر بابەتەکان، ئەتوت ئەو ئەبوە خەوی لێکەوتووە!

جەمیل چەند خەسڵەتێکی هەبوو کە زۆر هاوڕێیانە و کۆمۆنیستی و لەخۆبوردوو بوو. بۆ یەک جاریش ئەمبینی ئەو کێشەی مەوقعیەتی تەشکیلاتی هەبووبێ. هەمیشە هەرکارێک پێی دەسپێرا دەیکرد. بۆی مهیم بوو کارەکە ئەنجام بدات. خەسڵەتێکی تری مەخفیکاری ئەو بوو. ئەو لەبەر ئەم خەسڵەتەی دووەمیان لە تەقسیمکاری ناو ڕابەرایەتی ڕەوتدا بەرپرسیارێتی چاپ و چاپخانەی ڕەوتی بەرکەوت، کە زۆر مەخفی بوو، هەتا ئێمە کە ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی ڕەوت بووین نەماندەزانی لە کوێیە. جەمیل زۆر بەدڵسۆزیەوە شەوانە چەندان سەعات کاری دەکرد بۆ چاپ کردنی "بۆ پێشەوە " و ئەشریاتەکانی ڕەوت. دیارە شەرتی ئەم کارە ئەوە بوو کە نەدەبوو هیچ هاوڕێ و خزم و کەسوکارێکت ماڵەکەت بزانن و هاتوچۆت بکەن. ئەمەش تەئسیری سەلبی لەسەر جەمیل دانابوو لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوەو لەو ڕووەوە زۆر زەرەری لێکەوتبوو، بەڵام بێباکانە ئەم کارەی ئەنجام دەدا.

بە دروستبوونی حزبی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق جەمیل وەک هەمووان لەبەشداری دامەزراندنی ئەو حزبەدا جێپەنجەی دیار بوو، بەڵام بە هێمنی لە مەخفیگاداو لە ناو چاپکردنی بەیاننامە و ئەدەبیاتەکانی حزبدا، بەبێئەوەی ناوی بەهیچ پارچە کاغەزێکەوە بووبێ، شەونخونی و ماندوو بوونی ئەو لە هاوڕێکانیشیەوە دیار ئەبوو. ئەو بەقەد هەرکەسێکی تر لە حزبەدا کاری دەکرد بەڵام بێ ناو ، سەربازی ون بوو، ئەو شەرەفەی بۆخۆی تۆمار کرد.

جەمیل یەکێک لە ڕابەرە سیاسی یە کۆمۆنیستەکانی سەردەمی ئێمە بوو. هەقی بوو ناوی لە ڕیزی ڕابەرانی حزبەوە بنوسرایە و وەک یەکێک لە ڕابەرانی ئەو حزبە جێگاو ڕێگای خۆی پێبدرایە، بەڵام مەحفەلیزم ئەوی خستە پەراوێزەوەو لە هیچ ئورگانێکی ڕابەری ئەو حزبەدا جێگەیەکی پێنەبرا، لە کاتێکدا گرنگترین و پرماندووبوون ترین کاری ئەنجام دەدا و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەو نەیدەتوانی هەتا دایکی بباتە ماڵەکەی خۆی بە هۆی کارەکەیەوە کە جەمیل زۆر دایکی خۆشەویست. بۆیە من دەمەوێ ئەوە ڕابگەیەنم کە جەمیل ئەمین یەکێک بوو لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی سەردمی ئێمە، تا ئاخر ڕۆژەکانی ژیانی خۆی بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و یەکێك لە مودافیعانی سەرسەختی چینی کرێکار دەزانی. بە مەرگی ئەو یەکێک لە ڕابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقمان لەدەست دا.

ئەمری و سەربەرزی بۆ هاوڕێی هەمیشە زیندوو جەمیل ئەمین!

*هاوڕێ بەیان ئەمین خوشکی هاوڕێ جەمیل، لەمەراسیمی ڕێزنان لە گیانی هاوڕێ جەمیل لەلەندەن وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد، لەو وتەیەدا هەستی خۆی وەکو خوشکێکی بچووکی جەمیل خستەروو کە ناوی جەمیل چ مانایەکی هەبوەو هەیە بۆ ئەوان‌و بەتایبەتی بۆئەو. ئەم وتارەی هاوڕێ بەیان لەسەربنەمای ئەو وتەیەی ئامادەکراوە. لەلایەن منەوە کەمێک دەستکاری ئیملایی‌و ئاڵوگۆڕی هەندێ ووشەی تێداکراوە.*



بۆ ئەو کەسەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێ!

بەیان ئەمین ٢٠/٨/٢٠١١

بۆ ئەو گوڵەی لە باخەکەی دایە نەعیمە وەکو گوڵاڵە سورە ئەدرەوشایەوە، زۆر زۆر بە هێمنی گەشەت ئەکرد، لە سەرخۆ بووی، میهرەبان بووی، دڵگەورەو دڵفراوان بووی، بەلام گوڵێك بووی کە لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بە یەکجاری هەڵوەریت‌و بەجێتهێشتین. تۆ ڕۆشتی‌و ئێمەت بەتەنها جێهێشت، وەکو مۆمیکی زۆر بەتین‌و شەوق لە ژیانماندا کوژایتەوە! ئاخر چیبکەم چۆن ژیان بکەم کە تۆیان لێکوژانمەوە!؟ تۆ باوک بووی، تۆ برا بووی، تۆ ماموستاو هاوڕێم بووی.

لە ساڵی حەفتاکاندا من هێشتا زۆر منداڵ بووم کە باوکمان لە دەست دا. تەمەنم تەنها دوو ساڵ بوو، تۆش زۆر گەورە نەبووی، گەنجێکی پانزە ساڵ بووی کەباری ژیانی نۆ منداڵ (پێنج خوشک و چوار برا) کەوت بەسەر تۆدا. شان بە شانی دایە گیان ئەرکی سەرپەرشتی‌و بەخێوکردنی ئێمەت گرتە ئەستۆ. زۆر میهرەبان‌و دڵسوزانە لەگەڵ هەریەک لە خوشک و برا و دایە گیاندا هەلسوکەوتی خۆت ئەنواند. هەمیشە بزەیەکی زۆر جوان لەسەر لێوت ئەبینرا. قەت قەت لە بیرناچیتەوە ئەی (جەمیل گیان)!

ئەو کاتانەی لە بەغدا لە کۆلیجی ئەندازیاری دەوامت ئەکرد، زۆر زۆر جیگەت دیار بوو لە ماڵەوە، بەڵام کە پێنجشەممەو هەینی ئەهات هەموو چاوەڕوانی تۆ بووین کە بێیتەوە بەرەو ماڵ. ئاخ هەزار جار ئاخ کە ئێستا بە یەکجاری ماڵئاواییت لێکردین‌و بەجێتهێشتین. دڵی گەورەت لە لێدان کەوت‌و چاوەگەشەکانت بۆهەمیشە لێکنا. بەڵام جەمیل گیان تۆ هەمیشە لە دڵمدای، لە هەناسەو خەیاڵمدای، ئاخ سەد خۆزگە بەو کاتەنەی کە منداڵ بووم گیتاریکت بۆ کریبووم. زۆر حەزت ئەکرد فێری یەکێک لە ئامێرەکانی مۆسیقا بم. زۆر باش بیرمە من خۆم بچووک بووم، گیتارەکە بۆم گەورە بوو، پەنجەکانم زۆر بچووک بوون‌و زۆر بە قورسی پەنجەم لە سەر تاڵەکان دا ئەنا. تۆش ئەوەت زۆر بەزەحمەت دەست کەوتبوو چونکە لەوە بچوکتری نەبوو!

جەمیل گیان زۆر باش بیرمە هەر کۆڕێك، شانۆگەری یا خود پیشانگەیەک هەبوایە ئیمەت ئەبرد. زۆر حەزت ئەکرد بخوێنینەوە. کتێبخانە خنجیلانەکەت لە گۆشەی ژوورەکەی ماڵی دایە گیانە وەکو خۆی ماوە، هەر ئەمێنێ‌و کتێبیشی بۆ زیاد ئەکەین. ئەو ساتانەم قەت بیرناچێ کە تۆ دەرسی جەبرو هەندەسەت پێ ئەوتمەوە. فێرتکردم کە چۆن کوردی بنوسم و بخوێنمەوە. فێرتکردم کە من

چۆن بم و چۆن بیربکەمەوە. ووشەی کۆمۆنیست لە تۆوە فێربووم، بۆیە منیش حەزم نەکرد کۆمۆنیست بم.

ئەو رۆژەم قەت بیر ناچێ کە حکومەتی بەعسی جەلاد خۆیان کرد بە ماڵدا بۆ گرتنی تۆی خۆشەویست. بیرمە تۆ زۆر نەبوو گەشتبویتە ماڵ، هاتی لای من دانیشتی‌و ماچی سەر روومەتت کردم، پاش چەند سائێك شەو شادت کردو رۆشتی بخەوی، بەڵام بەکرێگیراوانی دەزگای ئەمنی بەعسی فاشیست نەیانهێشت چاو لە یەک نێی، ئەو خەوە خۆشەیان لێسەندی‌و لە ماڵ بردیانیتە دەرەوە بۆ ژووورە تاریکەکانی دائیرەی ئەمن.

جەمیل گیان کە تۆم نەبینی هەڵسوکەوتت لە گەڵ دۆستو برادەران، خزم و کەس‌و دراوسێکان، چەند موحیبەت و خۆشەویستی‌و رێزت لێنەگرتن، بۆیە منیش زۆر حەزم نەکرد وەکو تۆ بم.

تۆ لە دڵمای، قەت لە بیرم ناچیتەوە، خۆشم ئەوێی جەمیل گیان....



وێنەی خێزانی، لەراستەوە، ریزی دواوە: دڵشاد، ژیان، محمد، جوان، پەیمان
ریزی پێشەوە: نەعیمە خان، بەیان، سەیران، جەمیل... ساڵی ١٩٧٦

*لە مەراسیمی ڕێزنان لە گیانی هاوڕێ جەمیل لەلەندەن، هاوڕێ صادق عزیز، هاوڕێی لەمێژینەو بەردەوامی هاوڕێ جەمیل یادەوەریەکانی خۆی لەگەڵ جەمیلدا بەوە دەست پێکرد کە چۆن یەکەمجار جەمیلی ناسیوە. ئەم وتەیەی سادق لەلایەن منەوە کراوەتە نوسینو هەندێ دەستکاری بچوکی کراوەو ئەم سیاغەیەی ئیستای ڕەزامەندی هاوڕێ سادقی لەسەر وەرگیراوە.*




صادق عزیز
٢٠/٨/٢٠١١

سەرەتای ساڵی ١٩٧٨، ئێوارەیەك، لە یەكێك لە بەشە ناوخۆییەكانی زانكۆی بەغدا، كوڕێكی هێمن هاتەژوورەوە، خۆی پێناساندین؛ جەمیل ئەمین! لەوكاتەوە ٢٤ ساڵ لە ژیانی سیاسیو كۆمەڵایەتیمان لەگەڵ جەمیلدا دەستی پێكرد. ٢٤ ساڵ لە خەباتی كۆمۆنیستیو كرێكاری، لە خۆشەویستیو فیداكاری، لە دڵسۆزیو وەفای هاوڕێیانە..

ژیانی جەمیل پڕە لە شەهامەتو لەخۆبووردوویی. ئەو٢٤ ساڵە لە هاوڕێیەتی جەمیل بۆ من جێگای شانازییە. ئێمە لە جەمیلەوە زۆرشت فێربووین. چ لە رووی كۆمەڵایەتیو چ لە رووی كاری سیاسیو ڕێكخراوەییەوە. جەمیل لەباری سیاسیو ڕێكخستنەوە زۆر بەتوانا بوو. ئێمە دەورانێك لەگەڵ كۆمەڵێك ئەڵقەو گروپی ماركسیستی كە لەناو خوێندكاراندا هەڵدەسوڕان كارمان دەكرد. جەمیل زۆر خێرا دەیتوانی خەڵك ڕێكبخاتو زۆر زوو لەگەڵ خوێندكاراندا پەیوەندی كۆمەڵایەتیو هاوڕێیانە دابمەزرێنێو بەوجۆرەش نزیكایەتی سیاسییان لەگەڵدا دروست بكات.

ئەو دەورانەی كە لەناو "ڕەوتی كۆمۆنیست"دا كارمان دەكرد، توانای ڕێكخستنی جەمیل وایكردبوو كە ١٩ خەتی سیاسی- ڕێكخراوەیی هەبوو، لەكاتێكدا بۆ كەسانی وەكو ئێمە دروستكردنی دوو پەیوەندی سیاسی-ڕێكخراوەیی كارێكی ئاسان نەبوو. بێجگە لە پەیوەندیەكانی لەناو خوێندكاراندا، جەمیل پەیوەندی سیاسی- ڕێكخراوەیی لەناو كۆمپانیای نەوتی كەركوك، كارگەی چیمەنتۆو زۆرێك لە كارگا ئەهلیەكانی وەكو كارگەكانی"دورین- خیاطة" هەبوو. خۆشی ژیانی خۆیو خێزانەكەی بە كرێكاری دەبرد بەڕێوە.

لەكاتی كۆبوونەوەكانی ڕێكخراودا سەرەی قسەكردنی جەمیل لە هەموومان درێژتر بوو، چونكە راپۆرتی كارو چالاكیەكانی بەشێكی بەرچاوی ڕێكخراوەكەی لە شاری كەركوك دەخستەروو. دەتوانم بڵێم كە نزیك بە زۆربەی ڕێكخستنەكانی ڕەوتو پەیوەندیە سیاسیەكانمان لە كەركوك لای جەمیلەوە بوون.

جەمیل لەژیانی كۆمەڵایەتیدا كۆمۆنیست بوو. ئەوەی كە بڕوای پێی بوو لەژیانی شەخسیو كۆمەڵایەتیدا پیادەی دەكرد. كۆمۆنیزم بۆ جەمیل كۆمەڵایەتی بوو.

جەمیل خۆپەرست نەبوو. باوەری بەوە نەبوو کە خاوەنی شتێکە، هەرکاتێك پێویستت بە هاوکاریو کۆمەکی جەمیل بوایە ئەو بە دڵفراوانیەوە بەرەوپیرت دەهاتو هەرچی داوات لێبکردایە پێشکەشی دەکردیت.

دوای ساڵی ١٩٩١ بۆماوەی ٣ ساڵ بەرپرسی چاپخانەی رەوتی کۆمۆنیستو دواتر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو. ئەوکاتە کارەبا زۆر کەم بوو. جەمیل بەردەوام چاوەرێی ئەوەبوو کە کەی گڵۆپەکان دادەگیرسێن تا بچێتو دەستبەجێ بە سود وەرگرتن لەو دەرفەتەی کارەبا هەبوو، کاری چاپەکەی بکاتو "بۆپێشەوە"و بڵاوکراوەکانی رێکخراوو حیزب چاپ بکات..

جەمیل لەرادەبەدەر بەرپرسانە بەرامبەر بە دارایی رێکخراو مامەڵەی دەکرد. ئەو بەهۆی ئەوەی بەرپرسی چاپخانە بوو، لەلایەن رەوتەوە ژیانێکی سادەی بۆ دابینکرابوو. هەر پارەیەکیشی سەرفبکرادیە بۆ کاروباری چاپ بە لیستی زۆر وورد ئامادەی دەکرد. جارێکیان لەناو لیستەکەیدا نوسیبووی(١ دینار) بۆ فەقیر! دیاربوو فەقیرێك هاتبوە بەرماڵەکەیو داوای کۆمەکی کردبوو. بەمنی ووت کە ئەوکاتە بەرپرسی دارایی رەوتی کۆمۆنیست بووم، ووتی:" ئەو دینارەم داوە بە فەقیر ئەگەر تۆ پێتوایە نااکرێ لەناو لیستی مەسروفاتی رێکخراودا بێت، ئەوا لە کۆمەکی مانگانەکەی خۆمی ببرە!"

ئەوەی جەمیلی دەناسی دەیزانی کۆمۆنیستە. جەمیل مەیلی فکریو سیاسی خۆی لەخەڵك نەدەشاردەوە. بەڵام لەباری کاری سیاسی-رێکخراوەیەوە کەم کەس هەبوو وەکو ئەو رەچاوی نهێنیکاریو پاراستنی نهێنەکانی هاورێیانو رێکخراوەکەی بکات. خۆشەویستی جەمیل لای هاورێیانو لای خەڵکیش هەرئەوەبوو کە کۆمۆنیستێکی ماندوونەناسو کۆمەڵایەتی بوو.

من شانازی بەوەوە دەکەم کە جەمیلم ناسی. لای من جەمیل زیندوە، چونکە ئەو کۆمۆنیزمەی جەمیل بە ئێمەی ناساند کۆمۆنیزمی کۆمەڵایەتیو کرێکاری بوو.

*بەڕێز ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، هاوڕێیەکی دێرینی هاوڕێ جەمیلەو ئەویش بەم وتارە یادەوەرییەکانی دەربارەی جەمیل دەگێڕێتەوە:*

## جەمیل ئەمین، پیاوێک لە ئەڵماس!




٢/٩/٢٠١١

ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

نازانم لەکەیەوە کاک جەمیل ئەناسم، بەڵام ئەزانم لەقۆناغی سەرەتاییەوە ئاشنای بووم. لەسەرەتای حەفتاکاندا لەقوتابخانەی سەلاحەدینی سەرەتایی کوڕان لە شۆریجەی کەرکوک قوتابی بووم. کاک جەمیل چەند ساڵێک لەپێش منەوە بوو، وابزانم ئەو لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بوو. بێگومان من لەم چرکەساتەی نووسینداو بە ئاگایی ئێستاوە قسە ئەکەم و ئەگەڕێمەوە بۆ رابردوویەکی دوورو باس لەناسینی ئەو ئەکەم، ئەگینا من لەو کاتەداو بەو تەمەنە بچکۆلەیەوە مانای یەکترناسینو هاوڕێتیم نەئەزانی.

روخساری سەرەتایی ئەوم بەلێڵی دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی باش لەبیرمە مامۆستا ئەمینی باوکێتی کە لەپۆلی سێیەمی سەرەتاییدا لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١ وانەی پێ ئەوتین. من و وشیاری برام لەگەڵ هەردوو برای کاک جەمیل: محەمەد و ئەکرەم هاوپۆل بووین. بیرم دێ جارێکیان من و وشیار لەناو پۆلداو لەکاتی وانەی مامۆستا ئەمیندا هەر پێئەکەنیین. بیرم نایە بەچی پێئەکەنیین، بەڵام پێکەنین بەری نەئەداین. ئەگەرچی مامۆستا ئەمین ئاگاداری کردینەوە کە بێدەنگ بین. لەحاڵەتی وادا زۆرجار بەجۆرێک پێکەنین ئەتگرێ ناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت، مەگەر دۆخێکی تر بتوانێ پێکەنینەکەت پێ بوەستێنێت. ئیتر مامۆستا ئەمین بەشێوەیەکی زۆر خراپ کەوتە لێدانی من و وشیار. زۆری لێداین، بەچەشنێک بەگریانەوە بەرەو ماڵەوە رۆشتینەوە، کەچی لەرۆژگارەکانی دواتردا قینمان بەرامبەر کاک جەمیل هەڵنەگرت، بەپێچەوانەوە خۆشمان ویست، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو دڵنەوایی کردین.

دواترو لەنیوەی دووەمی حەفتاکانەوە هاوڕێتیمان زۆر بەتین بوو. ئێمە گروپێک بووین زۆربەی کات پێکەوە بووین و لەشەقامی جمهوری پیاسەمان ئەکرد. کتێبی کوردی و رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیانمان ئەکڕی. زۆربەمان بەئاراستەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بیرمان ئەکردەوەو هەندێکمان پەیوەندیمان بە کۆمەڵەوە هەبوو. برادەرانی ئەو گروپە بریتی بوون لە کاک جەمیل، نازادی برام، مستەفا گەرمیانی، فایەق سەعید، کەریم پەرەنگ، کەریم عەبدوڵڵا، عیزەدین مەجید، غازی عاصی، ئیبراهیم عەلی، ئاراس رەشید، سەمەد ئەحمەد، سەلاح حەسەن پاڵەوان، ئەدیب نادر، نەجات حەمید، عەلی عومەر و من و هەندێ کەسی تر بیرم نەماوە. دواتر مارف عومەر گوڵ، ئەحمەدی مەلاو عەبدوڵڵا قەرەداغیمان ناسی و ئەوانیش هەر لەو گروپە بوون. بەردەوام بابەتی ئەدەبیمان ئەخوێندەوەو گفتوگۆمان ئەکرد. من لەچاوپێکەوتنێکدا کە لەژمارە (٤١) ی ساڵی ٢٠٠٢ی گۆڤاری (ئاینده)(*)و دواتر لە کتێبی (ئەزموونی خوێندنەوە)دا بڵاو کراوەتەوە، باسی کاک جەمیل و ئەم گروپەم کردووە کە چەندە کاریگەری ئیجابییان لەسەر ئێمە هەبووە. (بڕوانە پەراوێز)

تا دواڕۆژی ژیانی بڕیاری دابوو کەسێکی لەخۆبردوو بێتو هەمیشە یارمەتی پێشکەش بکات. ئەوەی لە کاک جەمیلدا ناکارێکی سەیرو دەگمەنە، ئەوەیە کە هەموو کەسێکی خۆشدەویستو هەموو کەسێکیش ئەویان خۆشدەویست. ئەمە هاوکێشەیەکی زۆر قورسە. زەحمەتە تۆ لەژیاندا بتوانیت هەموو کەسێکت خۆش بوێتو هەموو کەسێکیش تۆی خۆش بوێت. زەحمەتە تۆ لەهەموو قۆناغ و حاڵەتێکی ژیانتدا بەهەمان ڕۆح و بەهەمان حەماس ڕەفتار بکەیت. ڕۆژێك کەس لێت زویر نەبێت و دڵی کەس بریندار نەکەیت. دڵی هەموو کەس ڕازی بکەیت، ئەمە هونەرێکی نێجگار قورس و زەحمەتە، کەچی لە کاک جەمیلدا ئەم سیفەتە بەدی ئەکرا. هەر من وانالێم، بەڵکو لەزۆربەی هەرە زۆری هاوڕێکانی تری کاک جەمیل ئەم قسەیەم بیستووە.

بێگەردی و میهرەبانی و جدییەتی کاک جەمیل بەرەو چەندین ڕێگەی برد کە سەرجەمیان لەخزمەتی مرۆڤدۆستیدا بوون. یەکێك لەو ڕێگەیانە خەباتی کۆمۆنیستی بوو. ئەو لە حزبی کۆمۆنیستدا کاری کردو ڕۆڵێکی دیاریشی هەبوو.



لەڕاستەوە بۆ چەپ : ڕیزی یەکەم؛ مستەفا گەرمیانی، جەمیل ئەمین، عەبدوڵلا قەرەداغی، ئەنلسراوە ، ڕیزی دووەم : ئەوزاد ئەحمەد، مارف عومەر گوڵ، ئازاد ئەحمەد.. لەباخچەکەی ماڵی کاك جەمیل ساڵی ١٩٨٠

---

پەراوێز:

لێرەدا ڕۆشنبیرێکی دیکە هەیە کە لەشۆڕیجەدا دەورێکی گەورەی لە پێگەیاندنی وەچەی ئێمەو وەچەی دواتریشدا هەبوو: (جەمیل ئەمین)، ئەم ناوە لای من زۆر گرنگە. لەژیانمدا پیاوێکی وەك ئەو ڕۆشنبیرو لەخۆبردوو و ڕاستگۆو ئەخلاقی بەرزو جدیم نەبینیوە. ئەگەرچی هیچی نەدەنووسی و تا ئێستاش ناتوسێت و ئەیشی ویستووە وەك نووسەرێك دەربکەوێت، بەڵام بەقەدەر سەرجەمی ئەدیبان و نووسەرانی کەرکوك تەئسیری لە خۆپێگەیاندنو خۆرۆشنبیرکردنی ئێمەو وەچەکەی ئێمەدا هەبووە. ئێمە لە شۆڕیجەدا کۆمەڵێ گەنج بووین جەمیل ئەمین بەردەوام بیری تازەو کتێبی فیکریی تازەی پێدەبەخشین و هانی دەداین بخوێنینەوەو موناقەشەی ناوەڕۆکی کتێبەکان بکەین. خۆ ئەگەر بشێ ئەو کۆمەڵە گەنجەی شۆڕیجە بە گروپ ناوبەرین ئەوا من حەز دەکەم ناوی (گروپی جەمیل ئەمین)ی لێ بنێم. جگە لە من کەسانی وەکو کەریم پەرەنگ، ئازاد ئەحمەد، فایەق سەعید، ئیبراهیم عەلی (بڵند)، مەهاباد قەرەداغی، مستەفا گەرمیانی، سەمەد ئەحمەد، سەلاح حەسەن پاڵەوان و دواتر عەبدوڵلا قەرەداغی و هەندێ کەسایەتیی سیاسیی دیکە کە ئێستا لەناو بزووتنەوەی چەپدان. دەتوانم بڵێم وەچەی ئێمە یان برادەرانی ئێمە لەگروپی خوێنەرانی شۆڕیجەی کەرکوك هەر هەموومان قەرزاری هاندانە بەردەوامەکانی جەمیل ئەمینین."

زۆر کەسی هێنایە سەر ڕەوتی چەپ و وایلێکردن باوەڕ بەبیری پێشکەوتنخوازی بهێنن‌و بیری چەپیان خۆش بوێت. من یەکێك بووم لەوانەی کاریگەریی کاك جەمیلم لەسەر بوو بۆ بیرکردنەوەو ڕەفتارکردن بەئاراستەی چەپگەرایی، چونکە زۆر بەنەرمی و دوور لە توندڕەویو دۆگما باسی مارکسیزم و بیری چەپی دەکرد، بەڵام هەموو ژیانی کاك جەمیل تەنها لەناو حزبی کۆمۆنیست و بیری کۆمۆنیستیدا قەتیس نەکرابوو، وەك هەندێ لە کۆمۆنیستەکان وای نیشان دەدەن. واتە کاك جەمیل وەك کاری سیاسی و بیرکردنەوەو ڕەفتاری ژیانی بەتەنها کۆمۆنیستانە نەبوو، وەك هەندێ کەس لەپاش مردنی وایان نیشان داو کاك جەمیلیان لەحزبی کۆمۆنیستدا کورت کردەوە. بێگومان ڕۆڵی ئەو لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا نکوڵی لێناکرێت، بەڵام کارو ڕەفتارەکانی ئەوەندە بەرین بوون سنووری بۆ پەیوەندی و کارو چالاکییەکانی دانەدەنا. ئەمەوێ بڵێم لەبیری کۆمۆنیستیدا کەسێکی توندڕەو و دۆگما نەبوو کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا زۆربەی کۆمۆنیستەکان بەو شێوەیە بوون. بەپێچەوانەوە کاك جەمیل هەمیشە کەسێکی کراوە بوو بۆ بیری ترو بۆچوونی ترو پەیوەندیی تر. لەبەرامبەر بیربۆچوونی جیاوازدا هەڵنەئەچوو، بگرە زۆر بەنەرمی وەرینەگرت و گفتوگۆی ئەکرد، بێئەوەی ئەو بۆچوونە جیاوازانە بە بورژوازی یان بورژوازی بچووك تاوانبار بکات.

لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا جەمال کۆشش و عەبدوڵڵا سلێمان( مەشخەڵ)و من، گروپێکی ئەدەبیی کۆمۆنیستیمان دروست کرد بە ناوی (حەڵقەی ئەدیباتی کۆمۆنیست)، وابزانم لەساڵی ۱۹۸۷ یان ۱۹۸۸دا بوو. گۆڤارێکمان دەردەکرد بەناوی (رابەر). بەدەست دەماننوسییەوەو بە کاربۆن کۆپیمان دەکرد. هەموو ژمارەیەك نزیکەی ۲۵ دانەمان لێ کۆپی دەکردو بەسەر هەندێ لەهاوڕێکانماندا دابەشمان دەکرد. بێگومان هەموو جارێ من دانەیەکم دەبرد بۆ کاك جەمیل. ئەویش زۆری پێ خۆش بوو و هانی ئەداین بەردەوام بین. بەپێچەوانەی هەندێ کەسی دی کە دەیانوت ئێستا کاتی نووسینی شۆرشگێری و خەباتی شۆڕشگێڕییە نەك بابەتی ئەدەبی. من تەنها لە سێ ۳ ژمارەی گۆڤارەکەدا بەشداریم کردو دوای ئەوە دەستم لەکار کێشایەوە. لەو سێ ژمارەیەدا نامیلکەیەکی لینینم وەرگێڕا دەربارەی ڕۆمانەکانی تۆلستۆی، ناوی نهێنیم (هۆشەنگ)بوو، ئێستا هیچ یەکێك لەو ژمارانەم لەلا نەماوە، چەند حەز ئەکەم ژمارەکانم دەست بکەوێتەوە.

هەر لەسەرەتادا ناکۆکییەك لەنێوماندا سەری هەڵدا سەبارەت بەوەی گروپەکەمان سەربەخۆ بێت یان سەر بە "ڕەوتی کۆمۆنیست" بێت. بێگومان من زۆر داکۆکیم لەوە دەکرد کە گروپەکەمان سەر بەهیچ حزب و ڕەوتێکی سیاسی نەبێت بۆ ئەوەی بەئازادی بنووسین و رای خۆمان دەرببڕین، بەڵام جەمال کۆشش مەیلی ئەوەی هەبوو گروپەکە سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیست بێت. مەشخەڵ هەندێ جار هەمان بۆچوونی منی هەبوو و هەندێ جاری تریش لایەنگری جەمال کۆشش بوو. ئەمە یەکێك بوو لە ناکۆکییەکان. ناکۆکیەکی تر ئەوە بوو جەمال کۆشش هەندێ بابەتی بڵاو کردەوە من پێم وابوو زۆر توندن و کەمتر دەچنە نێو بابەتی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لەسەر شێرزاد حەسەن دەینووسی و ئەو بۆچوونانەی لەسەر ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراج و حسێن عارف هەیانبوو. ئەدەبی ئەوانیان بە ئەدەبی بورژوازی و وردە بورژوازی وەسف دەکرد.

جگە لەمانە من لەهەندێ مەسەلەی دی دوودڵ بووم؛ بۆ نموونە پێداگرتن لەسەر ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیزم، یان جەختکردنەوە لەسەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. بەو پێیەی مەرج نییە ئێمە هەر هەموومان لەناو ئەو سنورەو ئەو چوارچێوەیەدا بنووسین، سەرجەمی ئەمانە ناکۆکییەکانی نێمەیان قوڵتر کردەوەو من دەستم لەکار کێشایەوە. بابەتێکم لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەم نوسیو ئەوانیش لەژمارەی دواتری گۆڤارەکەدا بڵاویان کردەوە. دواتر جەمال کۆشش بە وتارێك وەڵامی دامەوە بە ناونیشانی (هۆشەنگ و هۆشەنگیزم). بیرم نەماوە لەکام ژمارەی رابەردا بڵاوی کردەوە، بەڵام هەمیشە منیان بە کەسێکی رارا و بورژوازی بچوك ئەناساند، بەتایبەتی کە لەو دەمانەدا من بابەتم لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و گۆڤاری ڕۆشنبیری

نوێدا بڵاو دەکردەوە. بابەتەکانی من بەقەولی ئەوان دوور بوون لە ئەدەبی پرۆلیتاری.


بێگومان ئەم ناکۆکییانە هەرگیز نەبوونە هۆی ئەوەی پەیوەندیمان بپچڕێت یان زویر بین لەیەکتر، بگرە پەیوەندیمان هەر وەکو جاران بوو. بەداخەوە ئێستا ناوەرۆکی بابەتەکانی گۆڤاری رابەرم لەیاد نەماوەو زۆر حەز نەکەم ژمارەکانم دەست بکەون. چەند حەز ئەکەم جارێکی تر جەمال کۆشش و مەشخەڵ ببینمەوەو دەربارەی ئەو رۆژانە بیرەوەری بگۆڕینەوە. بێگومان من بەردەوام کاک جەمیلم لەو رووداوانەی ناو گروپەکە ئاگادار ئەکردەوە. ئەویش بەو هێمنیە ناسراوەی خۆی گوێی لێ ئەگرتم و هانی ئەدام سارد نەبمەوە. زۆر جاریش لایەنگری بۆچوونەکانی منی ئەکرد کە دەبێ ئەدەب سەربەخۆ بێت بەڵام گیانێکی هیومانیستی و پێشکەوتنخوازی بەبەردا بکرێت.

کاک جەمیل، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، لەئاستی فیکرو بیرکردنەوەدا، کەسێکی زۆر کراوەو هیومانیست و لیبراڵ بوو. حەزی دەکرد لەهەموو چالاکییە رۆشنبیرییەکاندا بەشداری بکات، بێئەوەی بەناوی بیری کۆمۆنیستییەوە هیچیان رەت بکاتەوە. هەموو بابەتێکی ئەدەبی و هونەریی دەخوێندەوەو سەردانیی کۆڕەکان و پێشانگە شێوەکارییەکان و نمایشە شانۆییەکانی دەکردو قسەی لەسەر دەکردن. بەهۆی ئەو چالاکییانەوە خەڵات کراو زۆر بەخۆشحاڵییەوە خەڵاتەکەی وەرگرت. زۆریشی پێ خۆش بوو کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا هەواڵەکە بە وێنەوە بڵاو کرایەوە. کاتێکی زۆریشی تەرخان کردبو بۆ ئەوەی منداڵەکانی هان بدات چیرۆك و بابەتی رۆشنبیریی هەمەجۆرو هەمەڕەنگ بخوێننەوە. لەوە ئەچێ کاك جەمیل لەم چەند ساڵەی دواییدا پەیوەندیی بە حزبی کۆمۆنیستەوە مابێت. ئەگەر تا ئەو کاتانەش کۆمۆنیست بووبێت، ئەوا کۆمۆنیستێکی زۆر کاڵو کراوەو نەرم و سەردەمیانە بوو.



لای راستەوە؛ شێرزاد حەسەن، ئەوزاد ئەحمەد، هیوا قادر و جەمیل ئەمین

*بەڕێز نادر عبدالحمید هاوڕێی سیاسیو لەمێژینەی هاوڕێ جەمیل لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستو ساڵانی سەرەتای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا لەوتارێکدا کە بەتایبەتی بۆ نیمەی ناردووەو بۆڕێزگرتن لەیادی هاوڕێ "جەمیل نەمین"، بەمجۆرە یادەوەریەکانی خۆی دەگێڕێتەوە:*



نادر عبدالحمید

٢- نۆکتۆبەری ٢٠١١

کۆتایی هەفتاکان کە خوێندکاری زانکۆی بەغدا بووین یەکتریمان ناسی، بەڵام نایەتەوە خەیاڵم کە چ ساڵێك بووە. لە خانەی خوێندکاران (قسم داخلی / دار الطلبة) هاتوچۆی یەکتریمان دەکرد، وەك هاوڕێ سادق عەزیز نەگێڕێتەوە جارێکیان هاوڕێ جەمیل، هاوڕێ سادقیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆ لای من، کە من و سادق هێشتا یەکتریمان نەناسیبوو تا ئەو کاتە.

لەو سەردەمەدا، لە بەغدا نیوارە کۆڕ تەرخان دەکرا بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتی نەدەبی یان خوێندنەوەی شعر، ئەوەش بۆنەیەك بوو کە خوێنداکارانی کورد کۆدەبوونەوە و یەکتریان تیا دەبینی. زۆر زەحمەت شوێنی دانیشتن بەردەکەوت لەبەر قەرەباڵغی و زۆری نامادەبوان. دێتەوە خەیاڵم کە لەتیف هەڵمەت و هێمن موکریانی یادی بەخێر، و شاعرانی تریش.... شعریان لەو کۆڕانەدا دەخوێندەوە، کە بەجۆرێکی پڕ لە تەموژ و ڕەمزاویش دژایەتی نیستیبدادی بەعس و باسی نازادی لە شعرەکانیاندا هەبوو، وە نیمەی لاوی خوێنگەرمیان دەخستە هەیەجان و ووروژانەوە و دەمانکردە چەپڵە ڕێزان بۆیان.

یادی بەخێر پار هاوین (نوگەستی ٢٠١٠) شەوێك کە لای هاوڕێ جەمیل، لە ماڵیان بووم باسی یادگارەکانی ئەو سەردەمەمان دەکرد، ئەویش ئەلبومی وێنەکانی هێناو چەند وێنەیەکی نیشاندام کە لەوانە منیش لەناو وێنەکاندا بووم، بۆی باس دەکردم کە ئەوانەی لەوێنەکەدا لە دەستی ڕاست یان دەستی چەپ ڕاوەستاون، فڵان و فڵان کەسن کە لە فڵان کۆلێژ و فڵان زانکۆ بوون.

لە کۆتایی هەفتاکانەوە هاوڕێ جەمیلم نەبینیەوە تا لەبەریەکترازانی ڕێکخراوی "کارگەران" و سەرهەڵدانی "ڕەوتی کۆمۆنیست". هاوڕێ جەمیل ئەندامێکی کۆمیتەی شاری کەرکوکی ڕێکخراوی "کارگەران" بوو. کاتێك ئەم ڕێکخراوە لەبەریەکترازا ئەو کۆمیتەیە لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا

هات کە دواتر بە "ڕەوتی کۆمۆنیست" ناسرا. ئەو سەردەمانە من بووم بە بەرپرسی کۆمیتەی کەرکوك و هاوڕێیان جەمیل و سادق عەزیزم بینیەوە. لەوانەیە یان کۆتایی ١٩٨٤ یان سەرەتای ١٩٨٥ بووبێت.

شەخسیەت، سروشتو ناکارو ڕەوشتی هەر لەو سەردەمانەدا کە من ناسیم تا کاتی گیان لەدەستدانی (ئۆگۆستی٢٠١١) هەروەك خۆی وابوو؛ کەسێکی لەسەرەخۆ، نارام، مەنگ و پڕ، زۆر گوێگر و کەم دوو بوو. جەمیل کادرێکی کەمتر تیۆریو کۆمۆنیستێکی بەمانای واقعی وشە کۆمەڵایەتیو پراتیکی بوو. ئەو بەرلەوەی سەرنجی نیشانەکانی دەوروبەری بە قسە بۆ لای خۆیو هەڵوێستی سیاسی ڕابکێشێت بە ناکار و هەڵسوکەوتی هێمنانەی بە شەخسیەتی کۆمەڵایەتی و ڕێزێك کە هەیبوو بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

هەر ئەم شەخسیەتە یونیکەی ئەو بوو کەوای کردبوو ببێتە کەسێکی ڕێکخەری حزبی زۆر پرۆفیشناڵ و ئەو خەتە ڕێکخراوەی کە لای هاوڕێ بوو لە هەموو خەتەکانی تری ڕێکخراو ژمارەی ئەندامانی زۆرتر بوو. نەك هەر ئەوەش بە هۆی ئەو سروشتو شەخسیەتەوە کەهەیبوو، پەیوەندیەکی زۆری کۆمەڵایەتی هەبوو بە هەموو لایەنە سیاسیەکان و گروپ و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە.

بەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا، کە ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" هەم هێزی چەکداری کردەوەو هەم کۆروکۆمەڵێکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی چەپو کۆمۆنیست پێوەی پەیوەست ببوو، وای پێویست کرد کە ڕابەرایەتی ئەو ڕێکخراوە بەرفراوان بکرێت. ئەوە بڵێم تا ئەو کاتە (لە ١٩٨٥ وە تا بەهاری ١٩٩١) تەنها سێ هاوڕێ [مونەیەد، ئەمجەد و نادر] لەڕابەرایەتی ئەو ڕێکخراوەدا بوون. من بەهۆی ئەوەی کە بەرپرسی کۆمیتەی کەرکوك بووەو لەنزیکەوە هاوڕێ جەمیلم ئەناسی، پێشنیاری هاوڕێ جەمیلو هاوڕێ سادق عەزیزم کرد بۆ ڕابەرایەتی "ڕەوتی کۆمۆنیست". بەم شێوەیە لە بەهاری (ئەپریلی) ١٩٩١دا هاوڕێ جەمیل هاتە ناو کۆمیتەی ناوەندی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە.

بەدوای کۆبونەوەیەکی ئەو کاتەی "کۆمیتەی ناوەندی ڕەوت"دا، کە یەکتریمان تیا ناسی، هاوڕێیانی تر ڕەخنەیان لە من گرت کە هاوڕێ جەمیل لەو ئاستەدا نیە کە ببێت بە کۆمیتە ناوەندی ڕەوتو من لە هەڵسەنگاندا بەهەڵەدا چووەو ئەدەبوا هاوڕێ جەمیل پێشنیار بکەم بۆ کۆمیتە ناوەندی. شایەنی باسە کە هاوڕێیان [مونەیەد و ئەمجەد] پێشتر لە نزیکەوە هاوڕێ جەمیلیان ئەدەناسیو لەڕێگەی دەنگوباسێك کە من لە کۆمیتەی کەرکوکەوە بۆم دەگێڕانەوە، زانیاریان لەسەر هاوڕێ جەمیل هەبوو. پێوانەی ئاستی تیۆری لەو سەردەمانەدا پێوانەیەکی ئەسڵی بوو، بۆ بەرزکردنەوەی کادرێك بۆ ئەڵقەی ڕابەرایەتی هەر ڕێکخراوێك نەك پێوانەی کاریگەری کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستانە لەسەر دەوروبەری کۆمەڵایەتی و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

دوای پێکهاتنی "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"یش لە ١٩٩٣ دا کادرێکی هەڵسوڕاوی ئەو حزبە بوو.

بەرز و بەڕێز بێت یادی هاوڕێ جەمیل ئەمین.

*بەڕێز ئەحمەد ڕەسوڵ هاوڕێی دەورانی گەنجیی جەمیل لەم دێڕانەی خوارەوەدا کاردانەوەی خۆی بەرامبەر بە مەرگی هاوڕێی گیانبەختکردوو نیشاندەدات:*



ئەحمەد ڕەسوڵ
ئابی ٢٠١١

ڕۆژی حەڤدەی ئاب کاتێ هەواڵی گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیلم بیست، لە دیواری فەیسبوکەکەمدا چەند دێڕێکم نوسی، هەموو دێڕەکانیش لە ناخی دڵمەوە بوو، ئەم دێرانەبوون :
کاک جمیل ئەمین، مرۆڤێکی هێمن و جوان و پاک، وەک پەرەسێلکە بەو باڵە چکۆلانەی لەسەر ماڵە قوڕەکانی شۆرجە، بە ئەسپایی دەنیشتەوە، بە دەنگێکی هێدی باسی لە ژیانێکی بەرز بەرز دەکرد. خەون و خەیاڵەکانی دواڕۆژی شیدەکردەوە. مردنیش بەشێکە لە ژیان یان مردن ئاکامی ژیانمانە، بەشداری خەمی هاوڕێ و دۆست و خوشک و براو خێزان و منداڵەکانیم، ئاوەتەخوازم هەمیشە یادکردنەوەی بەرزڕابگیرێت.

دوێنێ لە ڕێکەوتی بیست و حەوتی ئابدا لە شاری ستۆکهۆڵم، مەراسیمێک بۆ ڕێزلێنان لە کۆچی هاوڕێ جەمیل سازکرا. من وەک کەسێکی ئاسیاو یان خەڵکی گەڕەکمان، چەند دەقیقەیەک قسەم کرد، کە بەهیچ شێوەیەک خۆم ئامادە نەکردبوو بۆ قسەو باسەکەم . هەرچەندە قسەو باسەکانم جێگای ڕەزامەندی ئامادەبوان بوو، هەمو ئەوانەی کە کاک جەمیلیان دەناسی زۆر بە داخ و پەژارەبون بۆی. قسەو باسەکەی من زۆر جیاوازبوون دەربارەی هاوڕێ جەمیل .

ئیمە هەمومان دەتوانین هەریەکەمان لە گۆشەیەکەوە بڕوانینە هاوڕێ جەمیل. بیرەوەریم لەگەڵ هاوڕێ جەمیلدا زۆرە، بەبێ ئەوەی بۆ یەک جاریش لەژیانمدا دوو دەقیقە قسەم لەگەڵ کردبێت. کاک جمیل کەسێکی ئاسراوی خەباتی ژێر زەمینی بوو. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا جاروبار دەمبینی لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانمدا یان لە کۆڵانەکانی شۆرجەدا، بەهێمنی هێدی هەنگاوی دەنا. لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئێستا ئەم هاوڕێیە قسەو باسێکی تازەی پێیە، دەچێت بۆ دیداری هاوڕێیان. یا لە فەنتاسیاو خەیاڵەکانی ئەوکاتم دورکەومەوە .

دەسەڵاتی ڕژێمی سەدامی وەک وەحشترین دیکتاتۆری سەدەی ڕابردوو، بەری بە هەمو ئازادییەکو ئینسانیبوونیکی گرتبوو. لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ سەدەی ڕابردوودا، تەمەنی ئازادیو ئەمانی دیکتاتۆری لە شاری کەرکوک دا چەند ڕۆژێک بوو. لەو ڕۆژانەدا خەڵکو هێزە چەکدارەکان بەشێکی زۆریان خەریکی تاڵان و دزی بوون .هێزە شکاوەکەی سوپای عیراقیش لە دووری چەند کیلۆمەترێکەوە لە باشووری شاری کەرکوک لە سەربازگەیەکی ئاسراو بە ناوی سەربازگەی خالد مابوونەوە، بە بەردەوامی بۆردومانی شاری کەرکوکیان دەکرد. ڕۆژ تا ئێوارە خەڵکی شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بە ئۆتۆمبیلی پڕ لە چەکدارەوە دەسوڕانەوە. لە گەرمەی ئەم فەوزاو ترس و مەرگەدا، لە گەڕەکی گاور باخی لە یانەی کرێکاراندا کەئەم شوێنەو لەم گەڕەکەدا، کە هەنووکە مێژووەکەیم لە یاد نیە گەورەترین خۆپیشاندانی کرێکاری

نەم شیعارانە نوسرابوون؛ کراوە، لە دیوارەکانی یانەی کریکاران دا، بە خەتی جوان و سوور، "ئازادی ، بەرابەری، حکومەتی کریکاری!" "یەکسانی ژن وپیاو" و دەیان شیعاری تر. لەسەر بینایەی یانەی کریکاران ئاڵاو ئارمی "ڕەوتی کۆمۆنیست" دەشەکایەوە. کە چوومە ژورێ هاوڕی جەمیل لە بارەگاکە بوو. هەندیک بڵاوکراوەم هیناو چەند پۆستەریکی ڕەوتم هیناو چەسپاندم بە سەیارەکەمانەوە. بە بینەوەی ڕەوتی کۆمونیست بین خۆمان بەڕەوت دەزانی لەبەر خۆشەویستی هاوڕی جەمیل. هەمان پۆستەر لەهەولیر ڕۆژنامەنوسەکان بە سەرنجەوە وینەیان دەگرت و لەگەڵماندا وتوویژیان دەکرد.

دە ساڵیک لەمەوبەر لەگەڵ یەک دوو هاوڕیدا سەردانی ماڵی هاوڕی جەمیلم کرد لە شاری سولیمانی، بەڵام بەداخەوە نەمبینی نەو لە ماڵ نەبوو. نەم دوایەش کە گەڕامەوە کەرکوک لە ڕاستیدا وامدەزانی کە لەسلیمانیە. بەڵام جیگای داخە، کەسیک بوو هەمووکەسی خۆشیدەویست و هەموانیش نەویان خۆشدەویست. هەتا نەم چرکەیە بۆ یەک جاریک گویم لێ نەبووە کەسیک بە خراپی باسی کردبیت.

کاتێ کە لەکەرکوک بووین لەگەڵ شورای شورجەدا بوین، بەڵام پۆستەری ڕەوت هەر بە سەیارەکەمانەوە بوو. کاتێکیش کەرکوکمان بەجێهێشتو چووینە هەولیر، لە نزیک بینایەی پاریزگای هەولیر کە بارەگای ڕەوت لەوێ بوو، ئیمە پینج چەکدار بووین ،خۆمان کرد بە مەقەڕی ڕەوتدا. گووتمان هاتووین ببین بە پێشمەرگەی ڕەوت. کوڕێکی خویندەوار تەنانەت فەرمووی لیمان نەکرد، چوە ژورەوە، دیاربوو هەتا ئامادەگی تیدانەبوو پێشوازییمان لێبکات! ئیمە نەم کەسانە بوین؛ کاوەی سید حەسەن، فاروق عبدالکریم کە بە فلە سور ناسراوە، موفەق ڕەسول، فەرهاد برایم و خۆمیش نەحمەد ڕەسوڵ.

هەموو جاریک کە بۆ سەردان دەچمەوە بۆ کەرکوک برادەریک هەیە دەڵی بیرتە ڕەوت نەبویت پڕوپاگەندەت بۆ ڕەوت دەکرد! هیچ وەڵامیم نەداوەتەوە، بەڵام نەگەر نەم بابەتە بخوینیتەوە بۆی دەردەکەویت بۆ ڕەوتمان خۆشدەویست!

*هاوڕێ لەیلا، هاوسەری هاوڕێ جەمیل باسی یادەوەریەکانی خۆی دەکات کە چۆن جەمیلی ناسیوەو دواتر ژیانی هاوسەریو هەڵسوڕانی سیاسیيان پێکەوە، تادەگاتە دەورانی نەخۆشی جەمیل. ئەم گێڕانەوەیە هاوڕێ لەیلا زۆر یادەوەری شیرینی تێدایەو لایەنی ژیانی خێزانی جەمیل نیشان دەدات کە چەند کەسێکی مۆدێرنو یەکسانیخوازبووە. هاوڕێ لەیلا بەوجۆرە دەست دەکات بە گێڕانەوەی یادەوەریەکانی ژیانی لەگەڵ هاوڕێ جەمیلدا:*



لەیلا موحەممەد
نۆڤەمبەری ٢٠١١

نازانم لەکوێوە دەست پێبکەمو لە کوێدا کۆتایی پێبێنم، چونکە یادەوەریم ئێجگار زۆرە. من لێرەدا تەنها دەتوانم بەشێکی زۆر بچووکی بنووسم و یادەکان کۆتای‌یان نایەت. جەمیل ئەمین راستە هاوسەرم بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا نزیکترینو خۆشەویسترین هاوڕێشم بوو.

یەکترناسینم لەگەڵ جەمیل گیاندا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی ساڵەکانی هەشتاکان، ئەویش بەهۆی برایەکمەوە بوو کە پێکەوە لەگەڵ جەمیل هاوڕێی نزیکی یەکتربوون. پێشنەوەی لەگەڵ جەمیل گیاندا زەواج بکەم، پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەبوو. ئەوەی هەبوو تەنها پەیوەندی هاوڕێیەتی بوو. بەزۆری بینینی من لەگەڵیدا بەڕێکەوت بوو. هەمووجارێك پێم ئەووت: "کاك جەمیل ئەزانی بینینی منو تۆ وەکو فلیمی هیندی وایە!" زۆرجار جەمیلم لە نەخۆشخانەکان سودفە دەکرد! کە ئەمبینی پێمدەوت:"ها خێرە دیسان لە نەخۆشخانەی!؟" ئەویش ئەیووت:" ئەوە لەگەڵ خزمو کەسوکار هاتووم." ئەو خزمانەیان کە لە لادێکانەوە دەهاتن بۆ کەرکوك بۆچارەسەری نەخۆشی ئەم دەیبردن بۆلای دکتۆر. ئەویش دەیوت :" ئەی تۆ خێرە لێرەیت!؟" منیش هەمان وەڵامی ئەوم دەدایەوە! زۆرجاریش لەناوبازار یان لە کاتی ڕۆشتن بۆ بازار لە مەوقیفی پاسەکان سودفەم دەکردو هەرلەوێ بۆماوەیەك لەگەڵ یەکتر رادەوەستاینو گفتوگۆمان دەکرد. یان لە کتێبخانەی(جەبار ئاسق) تووشی یەکتر دەبووین. لەوێدا یادگاریەکانی من دەستی پێکرد. ئەوە بوو بۆم دەرکەوت کە کەسێکی چەپەو رەخنەگری بەردەوامی ناسیۆنالیزمو دینو دیموکراسی بوو.

بەراستی کە لەماڵ دەردەچووم زۆر زۆر حەزم دەکرد تووشی جەمیل ببم. دوایی ئەویش هەمان ئیحساسی درکاند. ئەیوت :"کاتێك کە لەماڵ دەرئەچم دەڵێم تۆبڵێی لەیلا ئەبینم!" ئەم پەیوەندیەمان بووە هۆی نزیکبوونەوەمان لەرووی بیرو بۆچوونمانەوە. ئەمەش وای لێمان کرد زیاتر لەیەکتر نزیك بینەوەو زیاتر ئاشنای یەکتر بین. ئیتر وام لێهات خۆشەویستیم بۆ ئەم هاوڕێ ئەزیزەم رۆژبەرۆژ زیاتر ئەبوو. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە نزیك بوو لە بیرو باوەڕەکەم. زۆرجار گفتوگۆکەمان لەسەر وەزعی سیاسی عێراقو گۆڕانی نیزامو هەروەها باسی ئەدەبی بوو. لەهەمووی خۆشتر ئەوەبوو کە هەرگیز جەمیلم بەدەستی بەتاڵ نەدەبینی. یان زۆرجار لە هاوینداا چاکەتی لەبەردەکرد! هەمیشە بەستەیەك گۆڤاری لەبنباڵدا بوو. دوای زەواجکردنمان بۆم دەرکەوت کە ئەوەی لەبنباخەڵی بووە نوسراوەی مارکسیو مەنسوری حیکمەت بووە کە لەناو ئەو گۆڤارانەدا دانابوون تا کەس گومانی لێنەکات، بەتایبەتی کە وەزعی کەرکوك زۆرخراپ بوو.

هەمیشە حكومەتی بەعس بەدوای ئەو كەسانەوە بوو كە لە دژی كاریان دەكرد، جائیتر هەرلایەنێك بونایە!

ئەوەبوو لە ٢٩-١٢-١٩٨٩ دا ژیانی هاوسەریمان پێكەوەناو دوای ئەوە من خۆشەویستیم بۆ جەمیل دەستی پێكرد. وامنەزانی هەر لە منداڵیەوە پێكەوە ئەژین. رۆژبەرۆژ خۆشەویستیم بۆی زیادی دەكرد. دوای پێكەوەنانی ژیانی هاوسەریو دانانی ماڵی خۆمان، جەمیل پێی وتم:" من لە ماڵەوە هەر ١٥ رۆژ جارێك لەگەڵ كۆمەڵێك هاورێمدا كۆبوونەوەمان هەیەو ژیانێكی تایبەتیم هەیەو خەریكی كاری سیاسیم". من پێموت:" ئەی بۆچی لە پێش زەواجدا پێت نەووتم؟" ئەویش لەوەڵامدا ووتی:" چۆن هەڵەی وا ئەكەم. ئەگەر تۆ بەمن رازی ئەبوویتایە، لەوانەبووتوشی گرفتێك بوومایە. بەڵام دوای ئەوەی بەچاكی لە تۆ تێگەیشتمو دەمزانی ئەو وەزعەی منت قبوڵە. بۆیە ئێستا ئەو مەسەلەیەت لەلا ئەدركێنم!" یان دەیوت:" ئەگەر دەتەوێ دەتوانی لەرۆژی كۆبوونەوەدا بچیتەوە بۆ كەركوك، یان ئەگەر پێتخۆش بێتو پێت گران ئەبێ ئەتوانی لەگەڵمان بیت." منیش دەموت :"نەخێر وانیە، پێمگران نیە، بەڵكو پێمخۆشە ماڵم لە خزمەتی خۆتو هاورێكانتا بێت، چونكە خۆم ئەم بیرەم پێ قبوڵە." چەند شانازیە كە خزمەتی هاورێیانی ماركسی خۆم بكەم. ئەوەی بۆی تێدەكۆشن یەكسانیو دیفاعكردنە لە مافەكانی ژنان و منداڵان.



زۆرجار من لەجیاتی جەمیل نوسراوەكانم دەبرد لە سلێمانیەوە بۆ كەركوك و لەناو گیانمدا دەمشاردنەوە. یان هەندێجار نامەیەكی بچوكیان دەدامێ تابیگەیەنم، بەڵام جەمیل زۆر دڵی لەلام بوو هەتا دەگەشتمە كەركوك. داوای دەكرد كە بەزووترین كات ئاگاداری بكەم كە بەسەلامەتی گەیشتووم، چونكە دوای ئەوەی نامەكەی دەدایە من زۆر غەمباردەبوو، لەبەرئەوەی من لەجیاتی ئەو كارەكەم كردبوو. ئەویش كارێكی زۆرسەختو ترسناك بوو. ئەو نیگەرانی سەلامەتیو ژیانی من بوو.

دواتر کارەکانی جەمیل قورستر بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە بەرپرسیاریتی چاپخانەی "ڕەوتی کۆمۆنیست"ی گرتە ئەستۆو دەبوایە زۆر بەنهێنی کاری بکردایە. ئەوەبوو تەنها منو خۆی دوو هاوڕێی دیکە ماڵەکەیان دەزانیو نەدەبوو کەسی تر هاتوچۆی بکردایە و بیزانیایە کە ئێمە لەو شوێنەین. ئەو دوو هاوڕێیەش موحسین کەریمو صادق عەزیز بوون. کە صادقیش بەزۆری لەگەڵ ئێمە دەژیا. ئەمکارە زۆر حەساس بوو، لەلایەک لەبەر وەزعی سیاسیو لایەنی ئەمنی کاری چاپخانەکەو لایەنێکی دیکەش هاتوچۆ نەکردنی کەسوکاری هەردولامان بۆماڵەکە، چونکە ئەوە قورسایی لەسەر هەم نهێنیکاری چاپخانە دروست دەکردو هەم بۆچوونەپێشی کارەکان کاریگەری هەبوو. ئێمە ناچاربووین کەهەرجارە بیانویەك دروست بکەین بۆئەوەی کەسوکار قانیع بکەین کە سەردانمان نەکەن. ئەوەش بێگومان کارێکی یەجگار سەخت بوو لەباری کۆمەڵایەتیەوە. هەڵبەت کەسوکار گومانیان دەکرد کە ئێمە کارێکی سیاسی بکەین وە ناچارین لەوانی بشارینەوە بۆیە ئەوانیش زۆر فشاریان بۆ نەدەهێنایین!



منیش ئەوکاتە کاری تایپم دەکرد، بەڵام نەدەبوو پرسیار لە شوێنی چاپخانەکە بکەم و بزانم لە کوێیە. دیارە لەناو هەمان ئەو ماڵەدا بوو کە تێیدا دەژیاین، بەڵام من شوێنەکەیم نەدەزانی. کاتێک پرسیارم بکردایە چاپخانەکە لەکوێدایە لەوەلامدا جەمیل دەیوت:" تۆ بۆت نیە پرسیاری شوێنی چاپخانەکە بکەیت، چونکە ئەوە پەیوەندی بەکاری تۆوە نیە. تۆ بەپرسی لەکاری خۆت." من ئەوکاتە بڵاوکراوەی بۆپێشەوەو نامیلکەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەتایبەتی نوسینەکانی مەنسوری حیکمەتم چاپ دەکرد کە بە کوردیو عەرەبی بڵاودەکرانەوە. هاوکاتی من هاوڕێیەکی دیکەش کاری تایپکردنی دەکرد لە جێگایەکی دیکە کە من نەمدەناسی. دیارە ئەویش زۆر زۆر ماندووبونی دەکێشاو من دەستخۆشی لێدەکەم. *

---

*لێرەدا بەپێویستی دەزانم کورتەیەك لەسەر چاپخانەی ڕەوت باس بکەم ئەوکاتەی کە هاوڕێ جەمیل بەرپرسی بوو وە هاوڕێ لەیلا کاری تایپی دەکرد.

ئەوکاتەی هاوڕێ جەمیل کرایە بەرپرسی چاپخانەی ڕەوت لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا بوو. وەکو هاوڕێ لەیلاش باسی دەکات دەبوایە شوێنی چاپخانە نهێنی بوایە، لە دوو بارەوە. یەکەم؛ باروذۆخی سیاسی دیارنەبوو کە چی بەسەردێ. مەسەلەی گەڕانەوەی بەعس بۆ کوردستان ئەگەرێك بوو کە هەموو کاتێك ئەگەری روداني هەبوو. بۆیە پاراستنی نهێنیکاری چاپخانەکە کە ڕەوت لە ساڵی ١٩٨٨ەوە لەو شوێنەدا و بەشێوەیەکی زۆر حساب بۆکراو دروستی کردبوو کارێکی یەجگار گرنگ بوو بۆ ئیدامەکاری سیاسی. هەروەها خاڵی دوەم ئەوەبوو کە دەبوایە لەچاوی دەسەلاتدارانی کوردایەتی بەدور بگیرایە، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو کە هەڵبکوتنە سەری.ئەوکات بێجگە لە هاوڕێیان جەمیلو لەیلا، تەنها من و هاوڕێ صادق عزیز لە کۆمیتەی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست هاتوچۆی ماڵەکەمان دەکرد. دیارە

جەمیل لەکارەکانیدا زۆر راستگۆ بوو، زۆر جدی بوو، هیچکات هەستی بە ماندووبون نەدەکرد. دەیوت ئەوکاتانە هەست بە ئیسراحەت دەکەم کە چاپخانەکە لەکار ئەکەوێتو گۆڤارو نوسراوەو نامیلکەکان بەدەستی خەڵك بگات.

جەمیل کەسێکی رووخۆش‌بوو، هەمیشە دەم بە پێکەنین و چالاکو پڕ هیواو گەشبین و پڕ لە خۆزگەو ئاوات بوو. هەروەها کەسێکی ماندوو نەناس بوو لە هەموو بوارەکاندا، چ لەبواری سیاسیو چ لە بواری کارکردندا لە کۆمپانیای ئاسیا سێڵ. زۆر بە دڵسۆزی کارەکانی جێبەجێ دەکرد. هەروەها لە ژیانی شەخسیدا چ لەگەڵ خۆمو چ لەگەڵ منداڵەکاندا زۆر کەسێکی یەکسانیخوازبوو. مافی تەواوی بە منداڵەکان دەدا. منداڵەکان وایان هەست دەکرد کە لەگەڵ هاورێی خۆیاندا دەژین. بەهیچ شێوەیەك بێدڵی نەکردوون. لەهەمانکاتدا ئەگەر هەڵەیان بکردایە زۆر لەسەرخۆ رەخنەی لێدەگرتن و رێگای بۆیان دادەنا. فێری دەکردن کە چ کارێك باشەو چ کارێك هەڵەیە. زۆر لەسەرخۆ بوو. بەهێمنی دەجوڵایەوە لە گەڵیاندا.



جەمیل و لەیلای هاوسەری لەگەڵ زاریاو بڕوا لە ئەستەمبوڵ تورکیا ٢٠١١

لەبەرئەوەی جەمیل کاری دەکرد، من زیاتر کاری بەخێوکردنی منالەکانم لەئەستۆ گرتبوو. بۆیە بەناچاری دەبوایە زۆربەی کاتەکان لەماڵەوە بم، بەلام مامەڵەی ئینسانیو یەکسانی جەمیلو خۆشەویستیم بۆ جەمیل وای لێکردم هەست بە ماندووبونو نارەحەتی ماڵەوە نەکەم. بەڵام هەمووجارێك ئەو پێی دەووتم": ژیانی خۆت لەناو مەتبەخدا تەواو مەکە!" زۆرکات سەرباری ئەو هەموو کارەی ئەنجامی دەدا، دەچوو بۆ چایخانەی شەعب بۆئەوەی ئاگاداری هەواڵە هونەریەکان

---

تەنها ئێمەو جەمیل شوێنی چاپخانەکەمان دەزانی، کە لەژێر یەکێك لە ژوورەکاندا دروستکرابوو، هەموو پێداویستیەکی کارەباو هەوا گۆڕینی بۆ دروستکرابوو. هەروەها مەسەلەی دەنگبڕینی بەتەواوی بۆدابینکرابوو. لەوێدا دوو فۆتۆکۆپی کاری دەکرد کە هاورێ جەمیل بەرپرسی ئەو کارە بوو وە خۆشی سەرپەرشتی باری هونەریەکەی دەکردن.

بێجگە لە هاورێ لەیلا، هاورێ ئەستێرە فاتح، لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ هاورێ حەمە غەفور، کاری تایپی دەکرد. زۆربەی کات ناوابوو کە هەریەکەیان بەشێك لە بابەتەکانی بۆپێشەوەیان چاپ دەکرد کە ئەو دەمە بە تایپ(طابعە) دەکرا، بۆئەوەی بتوانرێ زوو بابەتەکان ئامادە بکرێن. من و صادق کاری مۆنتاجەکەمان تەواو دەکرد و هاورێ جەمیل کاری کۆپی کردنەکەی ئەنجام دەدا.(موحسین کەریم)

بێت کەلەسەر لەوحەی ئیعلاناتی چاپخانەکە دەنوسران. دەیوت :" دەچم بزانم لە لەوحەی ئیعلاناتدا چ ئاگادارییەك نوسراوە، بزانین کۆڕی شیعری و شانۆگەریو کۆنسێرتی مۆسیقا هەیە" ئەگەر هەرشتێك ببوایە زوو تەلەفۆنی بۆ ئەکردمو ئەیوت فلان ڕۆژ شانۆگەریە یان کۆنسێرتی موسیقا هەیە ئەگەر دڵی خۆت ئامادەبکە پێکەوە دەچین ئەگەر مەجالت هەبێ.

ئەوکاتانەی کە لەگەڵی دەرۆشتم بۆ ئەو چالاکیە هونەریانە وامدەزانی دنیا هەمووی خۆمە. ئەو ڕۆژانە خۆشترین ڕۆژەکانم بوون. بەڵام بەداخەوە ئەخۆشی بواری ئەدا لەوە زیاتر بەردەوام بێت. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ دا تووشی گیرانی بۆڕی خوێنی دڵی بوو. ئەوەبوو لە ٧-١-٢٠٠٣ لە بەغدا بۆڕی خوێنی دڵیان گۆڕی. دوای ئەوە بەردەوام لەژێرچاودێریدا بوو. دەبوایە بەردەوام پارێزی بکردایە لەخواردن. دەبوایە لەناو ماڵدا جەوی بێدەنگی بۆ دروست بکرێ. ئەدەبوو شتومەکی قورس هەڵبگرێ. سەرباری ئەمە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا تووشی ئەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاس بوو. بۆچارەسەری ئەخۆشیەکەی ٣ مانگ لە ئوردون مایەوە. لەوماوەیەدا ئەشتەرگەری بۆ کراو دەرزی کیمیاوی لێدرا بۆ چارەسەری ئەخۆشیەکەی. دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ عێراق. دوای ئەوە لە ئەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی بەبەردەوامی خرایە ژێر چاودێری و وەرگرتنی عیلاجی کیمیاویەوە. بۆ نزیکەی ٦ ساڵ بەم ئەخۆشیە مایەوە تا لە ساڵی٢٠١١دا ئیتر ئەخۆشیەکەی بەرەوخراپی ڕۆشتو ئازاریشی زیادی کرد. شایانی ووتنە تا ئەوکاتە بەردەوام کاری دەکردو کارەکەی جێنەهێشت، بەڵام ئەوەبوو دکتۆر پێی ووت کە دەبێ لە کارەکەی بۆماوەیەك پشووبدات. دوای ئەوە ئیتر ئەیتوانی بچێتەوە سەرکارو بەهیچ شێوەیەك کاری ئەکرد.

لەمدواییانەدا کە باری ئەخۆشیەکەی بەرەو خراپی دەرۆیشت، دەیوت:" ئەزانی لەیلا حەز بەمردن دەکەم." منیش دەموت:" بۆ؟" ئەیوت:" تۆم تووشی ماندووبونێکی زۆر کردوە. ئازارەکەشم بەرەو زیادبوون ڕۆیشتوە لەوە دەچێ ئیتر ئەتوانم بەرگەی بگرم." کەوای دەوت ئەچووم ئاوچەوانیم ماچ دەکرد و پێمدەوت:" جارێکی تر ئەڵێی تۆم ماندوو کردوە. بەپێچەوانەوە ئەو کاتانە ماندوو نابم کە خزمەتی تۆ ئەکەم. هەتا هێز لە پەنجەکانمدا بمێنێ خزمەتت دەکەم لەبەرئەوەی خۆشم ئەوێیت."

جەمیل کە یەکەمجار تووشی ئەم ئەخۆشیە بوو ئەیوت:" من شەڕی لەگەڵ دەکەمو تا توانا لە لەشمدا بێ بەئاسانی خۆم نادەم بەدەستەوە." زۆربەی کاتەکان کە ئازاری هەبوو جەوی دەگۆڕیو دەچووە دەرەوە. جا یا سەرێکی لەچاپخانەی شەعب دەدا یان دەچوو بۆ شانۆگەریو پێشانگای کتێبو کۆڕو سیمینار. بەڕاستی ئەوەی ئەم دەیکرد زۆر لە توانای خۆی زیاتربوو. کەم کەس ئەتوانێت ئەوەندە خاوەنی ورەو ئیرادەبێت. بۆنمونە لەم دواییانە ئازارەکانی ئەوەندە زۆربوو دەگریا، کەچی ئەگەر لەوکاتانەدا تەلەفۆنی بۆ بهاتایە، خۆی گورج دەکردەوە، بۆئەوەی بەجوانی قسە بکاتو بەرامبەرەکەی هەستی پێنەکات کە ئازاری هەیە. دەیگوت:" من زۆرباشم ئەی بۆ دیارنین دە دەرکەون!"

لەمانگی ٦ی ئەمساڵدا چووین بۆ تورکیا لەگەڵ منداڵەکاندا بۆئەوەی سەردانی دکتۆریکەینو منالەکانیش جێگایەکی نوێ ببینن. دەیوت:" ئەزانی زۆر ئەم سەفەرەم پێخۆشە. ئەزانم ئەمە دوا سەفەرمە لەگەڵ تۆو منالەکاندا." لەوێ لەگەڵ مێردی ئامۆزاکەم کەناوی(حیلمی)یە چووین بۆلای دکتۆر. پشکنینی بۆکرا، بەڵام هەموو فەحسەکانی خراپ بوون. دکتۆر ووتی:" ئەم پیاوە ئەبوایە پێش چوار ساڵ بمردایە. بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە کە بەم ئەخۆشیە قورسەوە تەحەمولی کردوە تا ئێستا، بەڕاستی مرۆڤێکی زۆر گەورەیە." ئەوەبوو هیچی بۆ ئەنووسیو ووتی:" بچنەوە بۆ سلێمانی بۆلای دکتۆرەکەی خۆی ئەو دەزانێت چی بۆ ئەکات!"

هەر لەمانگی ٦دا گەڕاینەوە بۆ سلێمانیو چووینە لای دکتۆرەکەی خۆی. ئەویش پشکنینی بۆکردو ئاکامی پشکنینەکە زۆرخراپ دەرچوو. دکتۆر بانگی کردم و بەتەنیا پێی ووتم:" ئیتر کۆرسی دەرزی کیمیاویەکە ئەوەستێنم، لەوە ناچێ ئیتر سودی هەبێت و لە دەسەڵاتی دکتۆردا نەماوە مردنی نزیك بۆتەوە." ئەم قسانەی دکتۆر نوسینی لەسەر پەرەی کاغەز زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوکاتە بۆ من زۆر سەخت بوو. ئیتر لەو رۆژەوە دەمزانی بەمزوانە جەمیل بەجێمان دەهێڵێ!

لەرۆژی ١٧-٨-٢٠١١ کاتژمێر ٤.٤٠ بەیانی جەمیلی هاوڕێو هاوسەرم دڵی لەلێدان کەوتو چاوەکانی بۆ یەکجاری لەیەکناو بۆهەتاهەتایە جێی هێشتین. وای لەورۆژە سەختە! خۆزگەی ئەوەم دەخواست منیش لەگەڵی بوومایەو کۆتایی ژیانم لەگەڵ ئەودا بوایە، چونکە دەمزانی ژیانم دوای ئەو چەند سەختو قورس دەبێ، چونکە کەسێکی خۆشەویستو باشترین هاوڕێم لەدەستدا. یادی بەرزو بەرزتر بێت. وتەی پایەداربێت. منداڵەکانم زاریا ١٩٩٤ و بروا ١٩٩٥ و گوڵی ٢٠٠٢ تەمەندرێژبن. ئەوان تەنها یادگاری ژیانی جەمیلن کە بۆم ماونەتەوە!

لە کۆتاییشدا دەمەوێ لە ناخەوە سوپاسی ئەو هاوڕێ ئازیزانەمان بکەم کە بەردەوام لەناردنی دەرمان بۆ جەمیل هاوکارییان کردمو بەشێك لە زەحمەتی نەخۆشی جەمیلیان لەگەڵ بەشکردم. ئەوانیش: ڕێبواری شێخ موحەمەدو ئازەی هاوسەری لە کەنەدا، دکتۆر کامەران لە ئوستراڵیا، جوانو ئازاد لە ئەڵمانیا، دەشتیو بەیان لە بەریتانیا..



جەمیل ئەمینو لەیلای هاوسەری لەکاتی سەردانی پێشانگای هونەریدا

*بەڕێز عەبدوڵای شەریفی، یەکێك لە کادرەکانی رابەریی پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، کە لەکاتی مەئموریەتی حیزبیدا لەگەڵ جەمیلدا ئاشنابوە، کاتێك هاوڕێ جەمیل، لەسەر داوای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی دەکرد، بەمجۆرە لەسەر هاوڕێ جەمیل یادەوەریەکانی دەگێڕێتەوە. وتارەکەی عەبدوڵلا بە زمانی فارسی نوسرابوو وە بەتایبەتی بۆ ئێمەی ناردبوو، لەلایەن هاوڕێ حەمە غەفور، کادری حیزبەوە لە هۆڵەندا، کراوەتە کوردی. لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی هاوڕێ حەمە غفور بکەم بۆ هاوکاریەو ماندووبونی.*



## بۆیادی هاوڕێ جەمیل ئەمین

عەبدوڵلا شەریفی ١٠ سێپتیمبەر٢٠١١

مردن، کۆتایی ستەمگەرانەی ژیانە. ئەڵێن ئەمە یاسای سروشتە. هەقم پێیە ئەگەر بڵێم کە من نەفرەتم هەیە بەرامبەر ئەم یاسا زاڵمانەیە، چونکە ئەم دیاردە ئەگریسە ژمارەیەکی زۆر لە نازیزانو دۆستانی منی بە کامی مەرگ گەیاندووەو لەم جیهانەدا، هەموو کەسێکی لەگەڵ دەردو خەمو پەژارەدا ئاشنا کردووە.

ڕۆژی ١٧ئابی ئەمساڵ هەواڵی لەناکاوی مەرگی هاوڕێ جەمیل ئەمین دڵی پڕکردم لە خەمو پەژارە. ئەو دەرگیری ئەخۆشی ئەگریسی شێرپەنجە بوو، بەداخەوە لەم ڕۆژەدا هاوڕێ جەمیل لە ڕووبەڕووبوونەوەو خەباتێکی چەند ساڵە لەگەڵ مەرگدا، دەرەنجام دڵی پڕ لە میهرەبانیی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

من سەبارەت بە ووردەکاری ژیانی ڕابردووی هاوڕێ جەمیل ئاگاداریەکی زۆرم نیە، بەڵام تەجروبەی یەک دەیە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو، شوناس یان نیشاندەری ئینسانێکی خەباتکارو وەفادارە کە داتاو بەڵگەی پێویست بەدەستەوە ئەدەن کە نابێت دەربارەی تایبەتمەندیە بەرجەستەو ئینسانیەکانی ئەو بێدەنگ دانیشین، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدرێت هەتا زیندەگی سادەو شەرافەتمەندانەو لە هەمان کاتدا دەوڵەمەند بە تێکۆشان لەڕاستای ڕزگاریو وەستانەوە بەرامبەر بە ستەمگەریەکان بە هەر شێوازێکی گونجاو و مومکن بۆ ڕای گشتی بگوازرێتەوە.

لەبیرمە کە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ لە یەک پیلانگێری هاوبەشی سوپای پاسدارانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان(حزبی جەلال تاڵەبانی)، لە واقعدا بە دەستووری سوپای پاسداران، چەکدارانی یەکێتی نیشتمانی، دەستیانکرد بە هێرشی چەکدارانە بۆ سەر بارەگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە شاری سلێمانی. پێنج کەس لە کۆمۆنیستەکان لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەستدا وە بەدوای ئەوەدا، بنکەی بەرگری لە مافەکانی منداڵانو بەرگری لە مافەکانی ژنان، بە فەرمانی ڕەحیم سەفەویو لەژێر سەرەنێزەی هێزی چەکداری حزبی جەلال تاڵەبانی داخران. نووسینگەو جێگاکانی کۆمۆنیستەکانو ئازادیخوازان داخرانو هەڵسوڕانیان قەدەغەکرا. فەزای ترسو تۆقاندن بەسەر

شاری سلێمانیدا سایەی کردبوو. هێزەکانی ڕژێمی ئێران بە ئاشکرا شاری سلێمانیان کردبووە مەیدانی تەراتێنی خۆیان. هەزاران خەباتکارو کۆمۆنیستی ئەم شارە لەنێو ئەم فەزای تیرۆرو تۆقاندنەدا لەژێر گوشاردا بوون.

پاییزی هەمان ساڵ، کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بڕیاریدا کە دوای ڕاوەستانێکی کورت، کاروبارەکانی خۆی بۆ کوردستانی عێراق دەستپێبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە من چووم بۆ شاری سلێمانی. لەپێناو پەیداکردنی ئینسانێکی جێگامتمانەدا هاوڕێ جەمیلیان بە من ناساندبوو. من یەکەمین جارم بوو کە ئەوم ئەبینی، هەر لە یەکەم ساتەکانی ئاشنابوونم لەگەڵی لە ڕوخساری ئارامو ڕاوەستاویەوە تێگەیشتم کە ئەم کەسە ئینسانی دەورانە سەختەکانەو کەسایەتیەکی جێگاباوەڕە. وەک مەشهورو باوە، دۆستانی واقعی دەبێ لە بارودۆخی سەختو دژواردا بناسیت.

ماوەیەک کە پێکەوە بووین لە باسو خواسەکانو دیدگای ڕەخنەگرانەو مەسئولانەیەوە، ڕەخنەی بابەتی ئەو لە ناسیونالیزمو ئایینو خورافات، ئینسان سەرنجی بۆلای ڕۆحیەو باوەڕی قووڵی ئەو بە مەسەلەی ڕزگاری مرۆڤایەتی رادەکێشرا. هەرچی زیاتر لەگەڵ ئەودا کاتم ئەگوزەراند سەرنجڕاکێشتر ئەبوو لەلام. ئەو لەو ماوەیەدا بە هەوڵو تێکۆشانی بێدریغی خۆی تەواوی گیرو گرفتەکانی ئێمەی چارەسەر کرد.
ساڵی دواتر کە جارێکی دیکە بۆ مەئموریەت ڕۆشتمەوە بۆ کوردستانی عێراق، ڕێک هاوکات بوو لەگەڵ کارەساتی ١١سێپتێمبەر٢٠٠١، ئەو دەسبەجێ تەلەفۆنی بۆم کردو پرسیاری کرد کە ئایا مەنسور حکمەت لەوبارەوە بیروڕای چی بووە؟

هەرچەند هاوڕێ جەمیل وەک سروشتی خۆی کەمدوو بوو، بەڵام قسەکانی سەرنجی گوێگری بۆلای قسەوباسی وردو هەڵسەنگێندراو ڕائەکێشا. هەر بەم هۆیەشەوە خستنەڕووی پرسیارەکانی زۆرجار پەیوەست بوون بە مەسەلەکانی جووڵانەوەی کۆمۆنیستیو چارەنووسی کۆمەڵگاوە. هەر بۆیەش دەبوایە پرسیارەکانی بەهەند وەربگیرایە. من عەسرەکەی لەگەڵ خۆمدا کۆپیەکی چاوپێکەوتنێکو ووتارێکی مەنسور حیکمەتم بۆ برد بۆ ماڵەوە، کە تازە بڵاوکرابۆوە، لەژێر ناونیشانی"کۆتاییهێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە" وە ووتاری"جیهان دوای ١١سێپتەمبەر، بەشی یەکەم، جەنگی تیرۆریستەکان." ئەو بە ئاسەوە ووتارەکانی لێوەرگرتمو ووتی وەرە با پێکەوە بیانخوێنینەوە. پاش خوێندنەوەیان بەهەمان حاڵەتی ئارامیو پڕ لە بڕوایەخۆبوونەوە ووتی؛ ئەمزانی کە" مەنسور حکمەت ئەم ڕووداوە شوومە بەم شێوازە جوانە بە ئێمە ئەناسێنێت. چەند باشە کە ئەومان هەیە".

بەڵام لەو ڕۆژانەدا مەنسور حکمەتیش لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە دەستو پەنجەی نەرم ئەکرد، وە هەمووومان کەوتبووینە ناو نیگەرانیی جددیەوە. هاوڕێ جەمیل ووتی؛ "ئەگەر ئەم ئینسانە بەڵایەکی بەسەردا بێت، جووڵانەوەی ئێمە دەبێت چی کارێک بکات؟" نیگەرانی ئەویشو ئێمەش واقعی بوو. دوای ئەو یەکتربینینەمان جاروبار سەردانیم ئەکرد. وە هەموو جارێک کوڵێک قسەوباسمان ئەکردو بە سەبرو خۆڕاگریەوە تەگەرەی عەمەلی بەردەم کارەکانی پەیوەست بە هەڵسوڕانی ئێمەی چارەسەر ئەکرد.

چەند ساڵێک دواتر دیسانەوە یەکترمان بینیەوە. ئەم دواییانە کە دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووبوو لە هاوڕێیان هەواڵیم ئەپرسی وە لە قووڵایی دڵمەوە نیگەران بووم بۆی.

بێگومان ئەم نامە کورتە ناتوانێت زەحمەتو تێکۆشانی چەندین ساڵەی هاوڕێ جەمیل بگرێتەخۆ.

ئەمە گۆشەیەکی بچووکە لە یادەوەری، لەگەڵ ئەو بوون، هەوڵێکە بۆ ناساندنی جێگای مێژوویی ئینسانگەلێکی دەروون خەڵکیو واقعی لە چەشنی هاوڕێ جەمیل کە ژیانی سادەو شەرافەتمەندانەی خۆی خستبووە پێناو جەماوەریکردنی کۆمۆنیزمو ئامانجە ئینسانیەکان. ئەم جۆرە مرۆڤانە قارەمانانی خامۆشو بێدەنگی چینی کرێکارن کە بەشێوەی واقعیو سروشتی میحوەری ئینسانیی جەماوەری بوونی کۆمۆنیزمو مەسەلەی ڕزگاری مرۆڤایەتین، کە دەبێ یادیان بەرزو بەڕێزو تەجروبەکانیان پڕبایەخ بسەلمێنین.

یادی ئازیزی ئەو لە ناو دڵماندا بۆ هەمیشە زیندووە!

بە بیستنی هەواڵی مەرگی ئەم هاوڕێ میهرەبانە من ئەم پەیامەی لای خوارەوەم نارد بۆ چەند کەسێک لە هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو هاوسەرو خانەوادەکەی.

بەداخەوە هەواڵی مەرگی هاوڕێ جەمیل ئەمینم لەڕێی ماڵپەڕەکانەوە خوێندەوە. ئەم هەواڵە دەردناکە سەرتاپای جەستەمی هێنایە لەرزینو دڵی پڕکردم لە ئەسەفو پەژارە.

هاوڕێ جەمیل مرۆڤێکی شەریفو هاوڕێو هاودەمێکی پڕئەجابەتو وەفادار بوو، ئەو لە ناخی دڵیەوە ئومێدی گرێدابوو لەگەڵ مەسەلەی ڕزگاری ئینسانو خەباتی کۆمۆنیستی. ئەم ئینسانە شەریفە لە مەترسیدارترین ساتەکاندا بە خۆڕاگرییو دڵگەورەییەوە لەپێناو هاوکارییو هاوڕێیەتی کۆمۆنیستەکاندا درێغی نەئەکرد. من ڕوخساری میهرەبانو سارێژی پڕ لە دڵپاکیو ویقاری ئەو وە تێکۆشانو هاوکاری بێدریغی لە ڕاستای مەئموریەتەکانم لە کوردستانی عێراق هیچ کاتێک فەرامۆش ناکەم.

بەبۆنەی ئەم خەسارەتە گەورەیەوە من پرسەو سەرەخۆشی خۆم بە نیوەو هاوسەری ئەو- لەیلا-و ئەوەکانی وە بە تەواوی دۆستانی هاوڕێ جەمیل لە قووڵایی دڵمەوە ڕادەگەیەنم. یادی ئازیزی بۆ هەمیشە لە نێو دڵی منو هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو هاوڕێیەمان ئەناسی بەرزو بەڕێزو سەرفراز بێت.

زەحمەت بکێشنو ئەم نامەیە بگەیەنن بە دەستی هاوسەری.

دڵسۆزتان

عەبدوڵڵا شەریفی

٢٠ئاب٢٠١١

*عیزەدین مەجید (جەمال ئەیوب)، هاوڕێی لەمێژینەو هاوخەباتی سیاسیو حیزبیی هاوڕێ جەمیل سەرگوزەشتەی پەیوەندی نێوان خۆیو جەمیلو کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو بەمشێوەیە باس لێدەکات:*



جەمال ئەیوب

نۆڤەمبەری ٢٠١١

هاوینێکی گەرمی ساڵی ١٩٧٨ بوو. گەرما بڕستی لە ئینسان بڕیبوو. بوتڵێک ئاوی بچوکو کتێبێکی مەدرەسەم پێبوو، لەگەڵ ئەوزاد ئەحمەدی تازە هاوەڵ لە گۆڕستانێکی چۆڵ و وشکوبرنگی گەڕەکی شۆرجەی کەرکوک لە توله ڕێیەکی بیست مەتری وەکو پەندۆل هاتووچۆمان دەکرد. سەرم لەسەر کتێبەکەو نیگام لە دووتوێ ی دێڕەکان چەقیان بەستبوو. لە پەنامەوە بە چەند مەترێک ئەولاوەتر ئەوزادی هاوڕێم من ئاسا لەمن پەرۆشتر ئەیڕوانیە پەرتوکەکەی بەردەمی. خۆمان بۆ تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری پۆلی سێی ناوەندی ئامادەدەکرد.

جارجارە بۆ پشوودان بەمەبەستی زانیاری گۆڕینەوە وچانێکمان دەداو بۆ ناوکێشێکیش باسەکەمان تێکەڵ بە ئەدەبو هونەروڕۆشەنبیری دەکرد. ئەوەش کە زیاتر ماندووبوونمانی دەحەساندەوە ئەوەبوو کەکەسێکی دیکە بهاتباو چەلەحانەکەی لێمان گەرمتر کردبا .

لەیەکێک لەڕۆژەکانی ئەو هەفتەیە کە ئێمە سەرقاڵی دەرسو دەوری خۆمان بووین، کوڕێکی کورتەباڵای سپیکەلانەی بارێکی مووکاڵ، کە دیاربوو ئەوزادی هاوڕێم پێشوتر لە ڕێگەی ئازاد ئەحمەدی برایەوە دەیناسی، بەرەو ئێمە هەنگاوی دەنا. پاش سڵاو و هەواڵپرسین ئەوزاد بەیەکتری ناساندین. بەڵێ ئەو گەنجە ئارام و خوێن شیرینە کاک جەمیل بوو.

هیچ کات بۆ منی ئەوجەوانی پانزە شانزە ساڵە کە تازە پێم نابووە ژیانی گەنجێتیەوە بەخەیاڵمدا نەدەهات پەیوەندیو هاوڕێیەتیم بەم کەسەوە زیاتر لە سێ دەیە درێژەی بێتو دواجار بە ڕوداوێکی ئاوەها تراژیدی هاوڕێی دێرینو خۆشەویستم لەدەست بدەم. ئەمدەزانی کە ناسینم بۆ ئەم کەسە کۆلۆمبس ئاسا کیشوەرێکم لە زانستو مەعریفەو ڕەوشتو هەڵسوکەوتی ئینسانی بۆ کەشف دەکات. قامەتی لاوازو پەنجەی ناسکو گفتی شیرینو نیگای ووردی جار لەدوای جاری یەکتر بینین هێماو دەرسی نوێ بوون بۆ من.

ئەودەمەی من بە جەمیل ئەمین ئاشنا بووم ئەو لەناو گەنجانو نوسەرانو ڕۆشەنبیرانو ڕوناکبیرانی ئەو شارە بەزمانو نەتەوە جیاوازیەکانیەوە پەیوەندیەکی فراوانو ئاشنایەتیەکی پتەوی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. چ ئەوکات وە چ دواتر کەس نەبوو لەو شارە جەمیل ئەمینی نەناسیبێ. ئەو لەناو چەپ و ڕۆشەنبیرو خوێندکارو مامۆستاو گەڕەکو شار خۆشەویستو ناسراو بوو .

لەو ساڵانە کە من بە کاک جەمیل ئاشنایەتیم پەیدا کرد هەلومەرجی فیکری و سیاسی شاری کەرکوک خرۆشانێکی گەرمی بە خۆوە گرتبوو. سەرباری ئەوەی کە ڕژێمی بەعس لە ڕاوەدونان‌و گرتن‌و ترساندنی هەموو جوڵانەوەیەکی فیکری‌و سیاسی دریغی نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کەرکوک لەباری جووڵانەوەی فکری‌و ڕۆشەنبیری‌و سیاسییەوە لەکێبڕکێدا بوو لەگەڵ شارەکانی بەغداو بەسرەو سلیمانی‌و شارەکانی دی عێراق. تەیفێکی فراوان لەنووسەرو ڕۆشەنبیرو شاعیرو چیرۆک نووس، هونەرمەندو ڕۆماننووس ...تا دەگات بە تەیفیکی فراوان لە خوێنەرو موتەلەقی کە هۆڵی شانۆو کتێبخانەکان، گەلەریەکانی هونەری تەشکیلی، ئێوارەکۆڕەکانی شیعرو چیرۆکیان پڕکردبوو، ڕۆژانە کۆڕو جوڵانەوەی فکری‌و ئەدەبی‌و هونەری سیمای شاریان ئەخشاندبوو .ئێمە لەگەڵ هاوڕێ جەمیل ئەمین لەهەموو ئەوکۆڕو کۆمەڵ‌و جوڵانەوە هونەری‌و ڕۆشەنبیریانەدا بەشداریمان بوو. سەخت بوو لەو ڕۆژگارانەداو لەو فەزایەدا ئینسان بیتوانیایە ئەو سەرکێشییە بکاو خۆی بخزێنێتە ئێو ئەم مەیدانەوەو بەردەوام بیت لەسەری. ئەگەر دڵسۆزی‌و دانایی‌و ئەمنیەتکاری ئەو هاوڕێیانەمان ئەبوایە مەحاڵ بوو ئەو ڕێگایە تەواو بکەین. کاک جەمیل یەکێک بوو لەو کەسانەی کە نەک هەر بۆمن، بەڵکو بۆهەموو ئەوانەی وەکو من شەرەفی ناسینی ئەویان بەرکەوتو بۆ ئەو جیلەی کە لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتن، ئەو زەمانەتەی بۆ دەستەبەر کردبووین.



لە ڕاستەوە: عیزەدین مەجید،کەریم عەبدوڵا، ئازاد ئەحمەد ئەسوەد، شێرزاد عەبدولواحید، جەمیل ئەمین، ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فایەق سەعید.

کتێبخانەکانی کەرکوک هەر لەوەی "چەپاری ئاسۆ"وە بگرە تا "گەل" ، "هەندرین"، "ئەتلەس"، "سوق عەسری"و " داروەتەنی".. تا دەگات بە هۆڵەکانی شانۆو هونەری تەشکیلی، لەوێوە بۆ "شوکور ئەجاڕ"و چاخانەکانی شارع جمهوری، لە ڕێی بەغداوە بۆ کۆڕنیش، لەوێشەوە بۆ شۆرجەو حوڕییە، ئەمانە جێژوان‌و جێکۆبونەوەو شوێنەکانی سەرگەرمیمان بوو .من ئەوەنەی بە خۆمانەوە پەیوەندی هەبوو گروپێکی ڕۆشەنبیر بووین کە خولیامان ئەدەب‌و هونەرو ڕۆشەنبیری و چالاکی فیکری و سیاسی بوو .ئەم گروپە بە بیروباوەڕ پێشکەوتوخوازو داکۆکیمان لەبیری پێشکەوتووخوازی دەکرد. بەشێک لەو هاوڕێیانەم کە ئێستا وەک شاعیرو نوسەرو هونەرمەند ناسراون بەشێکشیان لە بوارەکانی دیکەی سیاسی فیکریدا خۆیان جێخستوە.ئەگەرچی هەموو لە

یەک جیلو لەیەک تەمەندا نەبووین، بەڵام هەموو پێکەوە لە باسوخواس و کۆڕو کۆبونەوەکاندا کۆک بوین. جەمیل ئەمین ئەک ئەندامێکی ئەم گروپە بەڵکە چارەیەکی ناسراوو خۆشەویستی هەموان بوو. هەموو ڕێزی تایبەتمان بۆ دادەناو گوێمان لێدەگرت. ئەوەندەی بیرم مابێ پێم خۆشە ناوی ئەو هاوڕێیانەم لێرەدا بهێنم . مارف عومەرگوڵ ، فایەق سعید ، ئازاد ئەحمەد، ئەوزاد ئەحمەد، ئەحمەدی مەلا،ئەدیب نادر. کەریم پەرەنگ ، عبدوڵڵا سلێمان، تاهیر ڕەحیم ، غازی عاسی ، بڵند ئەحمەد، فاتیمە ئەحمەد، موستەفا گەرمیانی، موهاباد قەرەداغی، ئەجیبە ئەحمەد، جەمیل ئەمین ، سالار عومەر ، خالید محمد ناسراو بە سەمیر نوری، ئیسماعیل محمد، ئەمانەو چەندین ناوی تر کەداوای لێبوردن دەکەم کە ئێستا بەفکرمدا نایەن.

ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم زاتە هەر زوو قۆناغبەندی تێپەڕاندو ڕیتمی ئاسایی بەزاند. یەکەم بینینم لەگەڵ دووەم بینینم بۆی زۆری جیاواز بوو. کەمنەبوون ئەو باسوخواسانەی کە لە نێوانماندا شرۆڤە کران. سەرەتا بە دەرسو مەکتەب پاشان بۆ هونەرو ئەدەب، دواتر بۆ باسوخواسی ڕۆشەنبیری‌و گۆڕینەوەی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە. هەر زوو لەو تەمەنەی لاوێتیم لەسەر دەستی کاک جەمیل خێرا بە فەلسەفەو بنەماکانی مارکسیزم نزیکایەتیم پەیدا کرد.

کۆتایی حەفتاکان من زیاتر بەبیری مارکسی ئاشنابووەو زۆرتر لەگەڵ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کە دواتر بوو بەکۆمەڵەی ڕەنجدەران ئاشنایەتیم پەیداکرد. ئەودەم کاک جەمیل لە ڕێکخراوی "یەکێتی تێکۆشانی کارگەران"دا کاری دەکرد. من ئەگەرچی پەیوەندیەکانم لەگەڵ هاوڕێیانی ئەو گروپە هەر بەردەوام بوو، کە تاکو ئێستاش لەگەڵ زۆرێک لەو هاوڕێیانەم کە بیری جۆراوجۆرمان هەیە هەر لە پەیوەندیدام ، بەڵام بیرکردنەوەم زیاتر بۆ کاری سیاسی دەچوو. جەمیل ئەمین سەرباری ئەوەی میتۆدی بیرکردنەوەی لەمن جیاواز بوو، بەڵام وەک گەنجێکی مارکسی لێی دەڕوانیمو هەمیشە باسوخواسمان بوو. کتێبمان دەگۆڕیەوەو نوسراومان بەیەکتر دەدا. هەرشتێک دەرچوایە لە نوسراوی ئاشکراو نهێنی باسمان لەسەر دەکرد. بۆ مێژوو دەڵێم ئەو هەمیشە تەئسیری بووە لەسەرم کە قۆناغ قۆناغ مەراحلی بیرو بۆچوونم گەشە پێبدەم. ئەگەرچی هیچ کات تا پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق منو جەمیل ئەمین لە یەک ڕێکخراودا کۆ نەبوینەتەوەو کاری ڕێکخراوەیمان پێکەوە نەکردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەمیشە پەیوەندی سەمیمانەمان پێکەوە بووە. ئەوراقمان لەیەکتر ئاشکرا بووە. کاتێک کە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانم جێهێشت، وەک هەڵسوراوێکی کۆمۆنیست هەر ماوە چارێک لە یەکێک لەو گروپ و ڕێکخراوە چەپانە درێژەم بە کار داوە، جەمیلیش لە "کارگەران"ەوە بۆ "ڕەوتی کۆمۆنیست".

جەمیل ئەمین زۆر متمانەی بەمن هەبوو ، دیارە من زیاتر .تەنانەت لەناو هاوڕێکانی ڕێکخراوەکەی خۆیدا منی بە ئەرشیفەکە ناساندبوو، چونکە بەحەقیقەت هەرچیەک لەو ساتو زەمانە دەربچوایە لای من پەیدا دەبوو. لە بەیانێکەوە تاتەواوی نوسراوە نهێنیەکان. ئەمە جگەلەوەی هەرچیەکم دەست بکەوتایە بە چەند نوسخە لەبەریم دەنووسیەوە. بۆیە هەرچیەکی بویستایە بۆم پەیدا دەکرد. وەختێک من لەگەڵ "کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار"، "کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"،"حەڵقەی ئوکتۆبەر"، "دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا"و تا "سەرنجی کرێکار" عەلاقەمەندبووم، جەمیل هەر لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیستدا بەردەوام بوو. سەرباری ئەوەی لەیەک گروپ نەبووین، بەڵام بۆ هەموو شتێک ئەزەرو بۆچوونمان دەگۆڕیەوە.

کاتێک ئێمە لە زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم لەوانە سالار ڕەشید، سەمیر نوری،

سادق محمد، جەزا،خۆشناو جەمال، ئەکرەمو زۆرێکی تر لە هاوڕێیانم لەزانکۆو پەیمانگاکانی دیکە لە سەرپەرستیکردنی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاو قوتابخانەکانی کوردستان بەشداریمان کردو لیژنەیەکمان بە ناو لیژنەی کاتی خوێندکاران پێیک هێنا، چەندین بەیاننامەمان لەوبارەوە دەرکرد، جەمیل ئەمین یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی لە وردو درشتی ئەوکارەدا هاوکاری دەکردینو پەنەزەرو بۆچوونەکانی خۆی بەشداری دەکردین.

مێژوویەکی سی وسێ ساڵی بۆ ناشنایەتیو یەکترناسین ناستەمە بە چەند دێرێک کۆبکرێتەوە. چی بنوسم لە یادەوەری گەورەی ئەم ئینسانەدا ناتوانێ هێندەی دڵۆپێک لە دەریا بێت. حەزدەکەم برێک لەسەر کەسایەتی ئەم مرۆڤە مەزنە قسە بکەم.

جەمیل ئەمین کەسایەتیەکی زۆر ئارامو لەسەرخۆی هەبوو. هیچ کات هەڵەشە نەبووە لەژیانیدا. هێند ئارام و بەتەحەمول بوو، زۆربەهێمنی لەسەرخۆ قسەی دەکرد، کەگوێت لێدەگرت ووشە بە ووشە قسەکانیت وەردەگرت. جەمیل کەم پێدەکەنی، زۆرتر خەندەی دەکرد. من لەژیاندا جەمیلم نەبینیوە قاقا بکات. زەردەخەنەیەک ئارامو نەرم هەمیشە سەرلێوەکانی گرتبوو. جەمیل لەسەرنجو بۆچوونەکانیدا زۆر ووردبین بوو، ئەزیاد نە کورت شتی نەدەوت. سەرنجی خۆی لەهەموو بارێکەوە دەخستە ڕوو. ئەو تەجروبەی زۆری بوو. سەرباری ئەوەی کە زۆر گەورەتر نەبوو لە ئێمە لەباری تەمەنەوە، بەڵام زۆر زوو کەوتۆتە ناو ڕووداوەکانی ڕۆژو هەر لە منداڵیەوە چووەتە ناو کاری سیاسیو پاشان تووشی ڕاکردنو گرتنو ئەشکەنجە بۆتەوە. بۆیە تەجرەبەی لەژیان زۆربوو. دەیویست تەجرەبەی دروستی خۆی بۆ بەرانبەرەکەی بگوێزێتەوە .خەسڵەتێکی دیکەی ئەم کەسە ئەوەبوو زۆرتر گوێی لێ دەگرتیت. بە هەموو حەواسەکانیەوە گوێگرت دەبوو، قسەی پێ نەدەبڕیت. هێندەی کە پێی خۆشبووە بزانێ تۆ دەڵێی چی، دوو بەرابەر دەیویست لەتۆوە شت فێربێت.

جەمیل ئەزەری موخالیفی بە سنگ فراوانیەوە وەردەگرت. هیچ خەسڵەتێکی دەمارگیری نەبوو، لەگەڵ هەموو کەسێک هەڵیدەکرد. چ ئەوکاتەی ئێمە ئەو گروپەمان بوو کە لە خەڵکی جیاوازو ئەزەری جیاوازو بیرکردنەوەی جیاواز پێکهاتبوو، چ ئەو کاتەی کە لەیەک بزووتنەوەدا پێکەوە کارمان دەکرد، هەمیشە ناکۆک بووینە لەباری میتۆدی فیکری، بەڵام هەمیشە عاملی گەورە بووە بەوەی پەیوەندی درێژە پێ بدات. هیچ کاتێك بە هیچ جۆرێ لەسەر خراپی بیرکردنەوەت، خراپی لەفزو گفتت شعوری بریندار نەدەکردی. تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەم ئینسانە نهێنی پارێزیەکەی بوو. ئێمە لەوەوە زۆر شت لەبارەی نهێنی پارێزیەوە فێربووین. ئەو خۆی تەجرەبەی گرتنو زیندانی بوو، بۆیە زۆر بەووردی لەباری ئەمنیەوە هەڵسوکەوتی دەکرد. دەیزانی پاراستنی گیانی هاوڕێکانی لەپاراسنی نهێنیەکانیاندایە.

جەمیل ڕوحی کۆمەکو یارمەتی زۆر بەرزبوو. بەدەم هەموو کەسێکەوە دەچوو گەر یارمەتی پێویست بوایە. خەسڵەتێکی ئەو ئەوەبوو هەمیشە حەزی دەکرد کۆمەک بکات. کۆمەکی لەکەس وەرنەدەگرت، بەڵام کۆمەکی بە هەموو کەسێک دەکرد. جەمیل لە خۆشیو ناخۆشی لە سەرداندابوو. لەهەموو کەسێکی دەپرسیەوە، بۆیە ئەوە جەمیلی لای هەموان خۆشەویست کردبوو.

جەمیل هەرزوو لەتەمەنی گەنجیەوە کە هێشتا ژیانی هاوسەرگیری پێک نەهێنابوو، بوو بە باوک! پاش مەرگی باوکی، جەمیل جێگەی باوکی لە خێزانەکەیدا گرتەوە. برایەکی گەورەو باوکێکی

میهرەبان بوو بۆ خوشکو براکانی. هەموو بەقسەیان دەکرد. هەموو خۆشیان دەویست. کە هاوسەرگیریشی کرد، دوو بەرابەر بەکردەوە باوکێکی میهرەبانو بەسۆزبوو بۆ منداڵەکانی، هاوڕێو هاوسەرێکی دڵسۆزو خۆشەویست بوو بۆ لەیلای هاوسەری.

جەمیل لەژیانی خۆیدا زۆر خزمەتی گەورەی بە کۆمۆنیزمو بیرو باوەڕەکەی گەیاندووە. هەرکارێک بەو سپێردرابێ بە تەواوی ئەنجامی داوە.هیچ کارێک نەبوە ئەو بەرپرسیارەتی هەڵگرتبێو ئەنجام نەدرابێ. کەسێکی زۆر بەپرەنسیپو جیدی بوو لەژیانی شەخسی خۆیدا. بەڕاستی لەهەر گۆشەیەکەوە بروانیتە ئەم ئینسانە شتی نوێیو سیفاتی نوێی لێ دەبینیتەوە. من لە ژیانی شەخسیو سیاسی خۆمدا زۆر خۆم بە قەرزاری ئەم هاوڕێیەم دەزانم. بە گیان لەدەستدانی ئەو، ئێمە هەر هەموو، خانەوادەکەی ، بزووتنەوەکەمان، هاوڕێیان و ئازیزانی ئەو، بەرەی ئازادیخوازیو یەکسانیخوازی خەسارەتێکی گەورەی لێ کەوت.

هەرکەسێک بێت مێژووی شاری کەرکوکو کۆمۆنیزم لە عێراقو کوردستان بنوسێتەوە، بێ دەورو کاریگەری جەمیل ئەمین لە ڕوداوەکانی، بێ گەواهیدان بەم مرۆڤە مەزنە، کەلێنێکی مێژوویی گەورە جێدیلێت. ئیتر بۆئەوەی ڕوخساری ناسراوو خۆشەویستی جەمیل ئەمین بمێنێتەوە، دەبێت ناوی شەقامو گۆڕەپانو یانەکانو هۆڵەکانی کتێبخانەو شانۆو هونەر بەناوی جەمیل ئەمینەوە بێ .

زۆر بەداخەوە ئەخۆشیەکی کوشندە ژیانی ئەم مرۆڤەی بۆ هەتایە لێسەندین، بەڵام باوەڕەکەی، ڕەوشتە بەرزەکانی بۆ هەمیشە لەدڵماندا زیندوو دەمێننەوە .

یادی هەمیشە بەرزو بەڕیز دەبێت.

*جەبار محمد، کادری حیزبو هاوڕێی لەمێژینەی سیاسیو شەخسی جەمیل سەبارەت بە جەمیل و کەسایەتیی ئاوازەیو یادەوەریەکانی لەگەڵ هاوڕێ جەمیلدا دەڵێ:*

## جەمیل ئەمین؛ ئەو کەسەی کە دڵنیایی پێدەبەخشیت!



جە بار محمد- ئیتاڵیا
نۆکتۆبەری ٢٠١١

پێشئەوە ی لە نزیکەوە جەمیل بناسم زووزوو لە شارع جمهوری لە شاری کە رکووک، زیاتر لە ناو مەعرەزی رە سمو کتێبفرۆشیەکان ئەمبینی. ئەوەی لای من سە رنجراکیش بوو ئەوەبوو کە ئەو لەگەڵ خەڵکێکی زۆر چاکوچۆنی دە کرد. بەبینەوەی بیناسم خۆشم ئەویست.

لە ساڵی هەشتاو هەشت یەکەم دیدارم بەرە سمی لەگەڵ جەمیل ئەوەببوو کە ئێمە چەند ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستی، نامەیەکمان بۆ "رەوتی کۆمۆنیست" نووسیبوو بۆئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەینو چاوەڕێی ئەوە بووین کە یەکێکیان ببینین. بەڵام بەداخەوە بەهۆیەکەوە کە ئێمە نەماندەزانی چیبوو، ئەو دیدارە دوا کەوت. ئێمە وەماندەزانی ئەوە سیکتاریسمی رەوتە کە دیدارەکەی دواخستوە. ئاگامان لەوە نەبوو کە رەوتی کۆمۆنیست هاوری جەمیلیان بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردبوو، هاوری جەمیلیش ئەوکاتە تازە هاوسەرگیری کردبوو وە لە "شهر العسل" بوو.

دوای گەرانەوەی پەیوەندیەکە دروست بووو کەوتینە قسەوباس. لەپێشدا رایگەیاند کەهۆکاری دواکەوتنی دیدارەکە بەهۆی سەفەری ئەوەوە بووە، نەک شتێکی دیکە. دوای دیدارەکە هەر زوو بەشێوەیەکی زۆر سادەو کۆمۆنیستی هاتینە سەرئەوەی کە خۆمان ئیعلان بکەین وەک بەشێک لە رە وتی کۆمۆنیست.

شتێکی هاوڕێ جەمیل کە سەرنجی راکێشابووم ئەوەبوو کە هەرکاتێك سەردانی دەکردم هەموو هەواڵەکانی دنیای لە رادیۆکانو جەریدەکانەوە بەکورتی باس ئەکرد. بە بیرم دێت جارێکیان جەمیل هات بۆ ماڵمان، ئەوەبوو ئەوکاتە دایکم نەخۆش بوو. ئەوەبوو جەمیل بەبێ ئاگادارکردنی ئێمە چووە دەرەوەو بە بڕێك دەرمانەوە گەڕایەوە ماڵەوە. دایکو باوکم هەموو جارێ هەواڵی ئەویان لێمدەپرسی.

کاتێک کە من لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بڕیاری دەستگیرکردنم درابوو وە بەشوێنمدا دەگەڕان، من لەترسی دەسگیرکردن خۆم شاردبۆوەو نیگەرانی ئەوەبووم کە چۆن خۆم بپارێزم بۆئەوەی نەکەومە دەست دەزگا سەرکوتگەریەکانی رژێم. هاوڕێ جەمیل زۆر ئاگای لێم بوو و هاوکاری دەکردم. هەروەها پێمی دەگوت کە شتێکی ئاساییە تۆ دژ بە سیستەمێک راوەستاویو ئەو سیستەمەش ئەوە ی لەدەستی بێت بۆسەرکوتی تۆ ئەیخاتەکار. هەربۆیە ئەیگوت ئەبێ هەم ئاگامان لەخۆمان بێت کە دەسەڵات زەفەرمان پێنەباتو هەم ووریای خەباتەکەشمان بین.
هاوڕێ جە میل بۆخۆی ئەزموونێکی وەهای هەبوو، ئەیدەویست ئێمە دەقاودەق ئەزموونەکەی ئەو

دووپات بکەینەوە. ئەو دەیویست هەم ئیرادەی ئیستەکان ئەرۆخێو هەمیش دریژە بە هەلسوراتی سیاسی خۆمان بدەین. دیاربوو من مەسەلەکەم زۆر بە گرانیو سەختی وەرگرتبوو، هاوڕێیەکیش ئەو وەزعەی منی بۆ جەمیل گێرابووەوە. ئیتر جەمیلیش بەردەوام ئاگاداری بارودۆخی من بوو. هەم رێنمایی دەکردم بۆ خۆپاراستنو هەم هەوڵی دەدا وورەم بەرزبکاتەوەو بتوانم بەرگەی ئەو هەلومەرجە تازەیەی ژیانو خەباتم بگرم. ئەوەبوو دوای ماوەیەك من توانیم کە لەگەڵ ئەو بارودۆخە تازەیەدا خۆم رابێنمو ئەوسا وتی دەی بابرۆین رێکخستنی کەرکوك سازبدەینەوەو کارمان رێك بخەینەوە.

من ئەوکاتە بۆ پاراستنی خۆم کەرکوکم جێهێشتبوو و لەهەولێر دادەنیشتم. ئەو خۆی هاتو تەکسیەکی گرتو پێکەوە چووینەوە بۆ کەرکوك. ئەو ویستی کە ئەوە بسەلمێنێ کە دەبێ خوراگربین، چونکە تەنها لەوبارەدا دەتوانین درێژە بە چالاکیو هەڵسوراتی سیاسیمان بدەین. بەراستی من شانسم هەبوو کە هاوڕێ جەمیلم ناسی، چونکە بەهۆی ئەوەوە بروام بەوە هێنا کە مرۆڤ خاوەنی چ ئیرادەیەکی مەزنو گەورەیە. ئەو بەکردەوە نیشانیدا کە ئینسانی سیاسیو کۆمۆنیست چەند دەبێ وورەی بەرزبێت تا بتوانێ لە قۆناغە مەترسیدارەکاندا درێژە بە چالاکی کۆمۆنیستی بداتو کۆڕی خەباتو تێکۆشان جێنەهێڵێ. بەراستی جەمیل بۆ من نەك هەر هاوڕێیەک، بەڵکو کەسێکی خاوەن ئەزمونو کەسێکی کۆمەڵایەتیو خاوەن پایەیەکی بەهێزبوو لەناو خەڵکدا کە سوودم لە ئەزمونو شەخسیەتی ئەو وەردەگرت.

دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوەوە پەیوەندی رێکخراوەیم لای ئەوەوە گوێزاریەوە بۆ لای هاوڕێیانێکی دیکە، هەمیشە کاتێك هاوڕێ جەمیل دەبینی پرسیاری وەزعی خۆمی دەکردو حەزی دەکرد کە ئاگاداری ئەوەبێت کە من لەگەڵ هاوڕێیانی تازەدا خۆشحاڵمو دەتوانم کارەکانم بەرەو پێشەوە یان نا، چونکە ئەو هەم چوونەپێشەوەی کارە سیاسیەکانی بۆ گرنگ بوو هەم دڵخۆشیو مورتاحبونی خۆشمی بۆگرنگ بوو لەکارەکانماندا. هەڵبەت ئەو هەمیشە ئەوەی پێدەوتم کە هاوڕێیانی تازەم کەسانی جێی متمانەنو لە خۆی باشتر دەتوانن لە بردنەپێشەوەی کارە کۆمۆنیستیەکاندا یارمەتیم بدەنو هاوکاریم بکەن.. جەمیل کەسێکی یەجگار خاکیو مەتەوازع بوو. یەجگار دڵسۆزی هاورێکانیشی بوو.

دوای هاتنم بۆئەوروپا، هەرکاتێکیش دەگەڕامەوە بۆ کوردستان سەردانی ئەوم دەکرد. بەراستی هەر سەفەرێکم ئەوم تێدا نەبینیایە وامدەزانی کە کە لێنێکی گەورە لە سەفەرەکەمدا بووە. من بەراستی ئەوکاتانەش هەستم بە پێویستی ئەو دەکرد. هەندێ جار پێمدەوت کەسانێك لە ئەوروپا دەپرسن ئایا عێراق وایە کە کەسانی ئازادیخوازو کۆمۆنیستی تێدابێت!؟ منیش هەمیشە لەچاوی تۆوە (واتە جە میلەوە) وەلامی ئەو پرسیارە دەدەمەوەو نمونەی تۆ دەخەمە بەردەستی ئەو کەسانەی ئەو پرسیارەیان دەکرد. من باسی کەسایەتی جەمیلم بۆ ئەو کەسانە دەکرد کە ئەو جۆرە پرسیارەیان دەکردو پێمدەوتن بەڵێ عێراقیش کەسانێکی تێدایە کە چەندین ساڵە لەپێناو ئازادیو یەکسانیدا خەباتی سیاسیو کۆمۆنیستی دەکەن. کەسانی وای تێدایە کە ئینسانذۆستیو مافی ئینسانو مافی ژنو منال بۆیان مەسەلەی سەرەکییەو دەیان ساڵ لە ژیانی خۆیان لەوپێناوەدا تەرخان کردوە. لای من جەمیل نمونەکە بوو... جا من بە جەمیلم ئەگوت کە من نمونەی تۆ دەهێنمەوە. پێمدەگوت کە تۆ رەمزی ئینسانذۆستی و دونیای باشتری. جە میل هەمیشە وەلامەکەی ئەوەبوو کە ئێوە خوتان باشن جە بار.هەندێجار بیرم لەو وەلامە دەکردەوە بۆچی جەمیل وا دەڵێ. دواتر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە مەبەستی جەمیل ئەوەیە کە کۆمۆنیزم لەهەر شوێنێك بێت لەوێ ئینسانذۆستیو مافی ئینسانو حورمەتی ئینسان زیاتر دەبێ.

جە میل هیواو ئومیدی بە هاوریکانی زۆرزۆر بوو.هەریەکە لە هاوریکانی لا گرنگ بوو.

جارێکیان داوام لە جەمیل کرد سەردانی ماڵێك بکات کە پێویستیان بە یارمەتی بوو. دەمزانی کە تەنیا جەمیل دەتوانێ رۆحی ئەو خێزانە بەرزرابگرێو بەهێزو بەئیرادەیان بکات. جەمیل بە خۆشحاڵیەوە داواکەی جێبەجێکردەو سەردانیانی کرد. من دڵنیا بووم کە لە خوم باشتر ئەو کارەی دەکرد کە پێویست بوو. جەمیل دڵنیایی بە ئینسان ئە داو ئەو هەستەی لا دروست دەکردی کە خۆت لەو شوێنەیتو ئەو کارەی کە پێویستە دەکرێت. من چەند جارێك لەسەفەرەکانما بۆ کوردستان جەمیلم بینو سەردانیم کرد ئەوەبوو وێنەی هاورێ مە نسوور حیکمە تی لە ژورەکەیدا هەڵواسیبوو. دەیوت من قەناعەتی تەواوم بە کۆمۆنیزمی کۆمەڵایەتی مە نسوور حیکمە ت هەیە.

جەمیل ئەو کاتەش کە نەخۆش بوو نەخۆشیەکەی لە ئێمە نەشاردەوە تا لە نیگەرانی ئیمە کەمکاتەوە. زۆر کەس یادگاری خۆشیان لە جەمیل هەیە، بەڵام دواجار من هەست ئەکەم کە یادگارەکانی من لە گەڵ جەمیل خۆش نەبووە، چونکە ئەوکاتانەی کە منو جەمیل زۆرپێکەوە بووین لەکاتی سەختی خەباتی ژێرزەمینیدا بووەو بەداخەوە ئەو دەرفەتە نەبوە کە دوور لەو کەشوهەوایە یادەوەریەکی پر لە خۆشی لەگەڵ ئەو هاورێ دڵسۆزەمدا تۆماربکەم. من زۆر هەوڵم دا کە داوەتی بکەم بۆ ئیتاڵیا تا لێرە کەمێك لە ژیانی سەختی کوردستانیش دوور کەوێتەوەو بتوانم پر بە دڵ میوانداری بکەم و وەکو ئینسانێکی مەزن کە چەند دەوری هەبوە لەسەر رێرەوی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی من وەفایەکی هاورێیانەی دڵسۆزانەی پێشکەش بکەم، بەڵام بەداخەوە دواتر زانیم کە نەخۆشیەکەی رێگای نادات سەفەری لەوجۆرە بکات. بەداخەوە ئەوە بۆمن زۆر سەخت بوو کە نەمتوانی قەرەبووی خۆشەویستیو هەستبەرزی ئەو هاورێیەم بکەمەوە و بە مەرگی پێشوەختی ئەو فرسەتەم لەدەستچوو! لە کۆتاییدا ئە بێ بڵێم ئەو قسەیەی تایەر حەسەن زۆر راستە کە دەڵێ: جەمیل دڵێک بوو هەمووماني تیا جێئەبوەوە و چاوێک بوو کە هەمووماني ئە بینی.

*ئێوارەی هەمان ڕۆژی گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیل، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد، هاوڕێی لەمێژینەی سیاسیو حیزبیی هاوڕێ جەمیل هەستی خۆی بەرامبەر بە گیان لەدەستدانی لە وتارێکدا بەیان دەکات:*

## نمونەیی لە ئینسانیەت و میهرەبانی!



به بۆنەی مەرگی جەمیل ئەمینی ئازیزەوە

ڕێبوار ئەحمەد
١٧ی ئۆگەستی ٢٠١١

بەداخێکی زۆرەوە ئەمرۆ ١٧ی ئابی ٢٠١١، جەمیل ئەمین کەسایەتی ناسراوو خۆشەویستو کۆمۆنیستی تێکۆشەر، دوای چەند ساڵ کێشمەکێشو شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، لە شاری کەرکوک گیانی لەدەستدا. مەرگی جەمیل زیانێکی گەورە و بۆشاییەکی گەورە لە کۆمەڵگاو لە بزووتنەوەکەماندا دروست دەکات. بە بیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشە، دەستم لە ئاست هەموو کارو چالاکیەك بەسترا، ئیتر دەستم نەچوە هیچ کارێك بەدەر لەوەی باسی ماتای ئەو زیانو بۆشاییە گەورەیە بکەم کە بە مەرگی جەمیل دروست دەبێت. هەڵبەت پێموایە لەم بارەیەوە هەرچیەك بڵێم، بەبێنەوەی بچوکترین زیادەڕۆیی بکەم لە وەسفی ئەودا، تەنها دڵۆپێکە لە دەریایەك.

جەمیل ئەمین لە حەفتاکانەوە وەکو مارکسیستێکی لێبڕاو پەیگیرانە لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیدا هەڵسوراوە. کادرێکی چالاکی ڕێکخراوی "یەکێتی تێکۆشانی کارگەران"و پاشان کادرێکی ڕابەری ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست"و دواتریش کادرێکی بەرجەستەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوو. هاوڕێ جەمیل لەماوەی نزیکەی چوار دەیە هەڵسوڕانی سیاسیو کۆمۆنیستیدا، خزمەتی گەورەی بە کۆمۆنیزم کردوە. هێزی زۆری بۆ کۆمۆنیزم پەروەردە کردوە. کەسانێکی زۆر لەسەر دەستی فێری مارکسیزم بوونو بە ڕیزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیەوە پەیوەست بوون. خۆم یەکێك بووم لەوانەی کاریگەریم لەو وەرگرتوە بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە. جەمیل کۆمۆنیستێکی پەیگیر بوو، لە ژیانی سیاسیو ڕێکخراوەییدا بەرپرسایەتیو پۆستی جۆراوجۆری لە ئەستۆ گرتووە. هەمیشەش لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانیدا ئەوپەڕی پەیگیری نواندوەو کاری خۆی زۆر بە تەواوی ئەنجامداوە. جەمیل بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کێوێك بوو لە ئینێرجیو لە بەرامبەر هیچ ئەرکو مەهامێکی سیاسیدا ڕانەماوەو سڵی نەکردوەتەوەو دەستەوەستان نەبووە. جەمیل بە واقعی هەمیشەودایم، شەووڕۆژ، تەنانەت بە لەشساغی و بە نەخۆشی، ئامادە باش بوو بۆ هەر کارێك کە بزووتنەوەو حیزبەکەی پێی سپاردبێت.

کاتێك ئەم دێڕانە دەربارەی جەمیل ئەنوسم ناتوانم باسی دەورو بەشداری هاوسەری هاوڕێ جەمیل، لەیلای ئازیز نەکەم. لەوکاتەوە ژیانی هاوبەشیان دەست پێکرد ئیتر لەیلا بووە هاوڕێو هاوکارێکی جەمیل لە تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەییشدا. ئەوان کە خۆیان لەژێر باری ژیانێکی سەختدا بوون، هیچکات بیرم نایەتو نەمبیستوە، هیچ داواکاریەکی حیزب ڕەتبکەنەوە یان تەنانەت

ساردی بنوێنن لە بەرامبەریدا. ماڵی ئەوان هەمیشە ماڵو پەناگای حیزب بوو. دوو پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندیو چەندین کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیو نورگانە رابەرییەکانی حیزب لە ماڵی ئەوان گیراوە. ماڵی ئەوان جێگای هەرە ئەمنو هەرە بەپێزی رابەری حیزب بوو.

بەراستی هەرچییەك دەربارەی كەسایەتیی سیاسی هاوڕێ جەمیل بڵێم وەسفی تەواو و كەماڵی ئەوم بۆ ناكرێت. بەڵام كۆمۆنیست بوونو هەڵسوڕاوی سیاسی بوون، تەنها بەشێكو لایەنێك بوو لە كەسایەتی عەزیمی جەمیل. ئەو بەڕاستی دەریایەك بوو لە ئینسانیەت، لە دڵسۆزی بۆ دەوروبەرەكەی، لە خەمخۆری بۆ بەشەر، لە دڵپاكی، لە خۆشویستنی ژیانو خۆشی بۆ هەمووان... بە دڵنیاییەوە دەڵێم جەمیل هیچكات دڵی كەسی نەرەنجاندوەو قینی لە كەس نەبووە. باوەڕ ناكەم جەمیل قورسایی بەسەر كەسەوە بوبێو زۆر هەستیار بوو بەرامبەر بەوەی بچوكترین قورسایی بخاتە سەر كەس، بەڵام هەمیشە بۆ هاوكاری هەموو كەس ئامادەبوو. جەمیل خاوەن نەفسیەتێكی بەرز بوو ئامادەنەبوو تەنانەت لە سەختترین هەلومەرجدا هیچ تەنازولێك بۆ هیچ شتێك بكات. بەراستی جەمیل ئینسانێكی عەزیم و تایبەت بوو، لە دڵسۆزی و دڵپاكیو لە خۆبوردوییو هاوكاریو رێزداریو میهرەبانیو...دا ئینسانێكی نموونەیی بوو. ئەمە قسەیەك نیە كە من لە پاش مەرگی لەسەر بناغەی خۆشەویستی زۆرم، لە وەسفی ئەودا وەكو زیادەڕۆییەك بیكەم، دەمێك ساڵە لەزۆر جێگا جەمیلم وەكو ئینسانێكی نمونەییو تەنانەت بێوێنە لەو بوارانەدا وەسفكردوە. هاورێیەتی ئەو هەمیشە مایەی شانازی بووە بۆم.

بەراستی مەرگی ئەو زەربەیەكی زۆر گەورەبوو لە كۆمۆنیزم، لە ئینسانیەت، لە هەموو كەسوكار، لە ئێمە وەكو هاوڕێیانی نزیكی، وە لە هەموو كەسێك كە تەنانەت بۆ ساتێك لە نزیكەوە ئەوی ناسبێت، كە بێگومانم لەوەی پریشكی دڵسۆزیو میهرەبانی لە رادەبەدەری ئەوی بەركەوتووە. جێگای جەمیل هەرگیز پڕنابێتەوەو بۆ هەتا هەتایە لە نێوماندا جێگای خاڵیە.

لێرەوە پەیامی هاودەردی قوڵم بۆ هەموو كەسوكارو هاوڕێیانو دۆستانی هاوڕێ جەمیل دەنێرم. بە تاسەوە ئازیزانو خۆشەویستانی جەمیل، ئیناو ڕەواو گوڵیو لەیلا لە ئامێز دەگرم، جێگای ئەم ئازیزانە لەناو دڵی ئێمەدایە.

*هاوڕێ فوئاد سادق کادری حیزب لەیادی ٥٥ی ساڵەی لەدایکبوونی هاوڕێ جەمیلدا، دروست ئەوکاتەی کە جەمیل دەستەویەخە لەگەڵ شێرپەنجەدا لە کێشمەکێشدا بوو، وتارێکی نوسیبوو، ئەم وتارە لە ماڵپەڕی هاوپشتیدا بڵاوکراوەتەوەو ئێمە لەم کتێبەدا چاپمان کردۆتەوە.*

## جمیل ئەمین ئەو مرۆڤەی لە کەس ناچێ!
## (پێشکەشە بە یادی ٥٥ ساڵەی لە دایك بوونی)

فوئاد صادق
ئەیلولی ٢٠١٠



لەڕاستەوە: ئەسرەو عوسمان، جەمیل ئەمین، فوئاد صادق

خوێنەری ئازیز لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چەند دێرەدا بە ئەرك ئەبێ هەڵوێستەیەك بکەو بەم ناونیشانەی لای خوارەوە، ناو و ناونیشانی ئەو کەسەی کە لەم مرۆڤە مەزنەی هاوڕێم ئەچێ بۆم بنووسە، هەرچەندە زۆر دڵنیام بۆ هەتا هەتایە ئەو نامەیەم بە دەست ناگات؟!

چونکە زۆرن ئەو کەسانەی کە لە یەك لایەنەوە یان لە یەك مەیدان یان چەند مەیدانو لایەنێکدا نموونەی مرۆڤێکی چاك بن. لەوانەیە کەسانێکی زۆر هەبن، گیانی لێبوردنیان هەبێو کەسانی بەخشندە بن. یان کەسانێك هەبن، ئینساندۆست بنو ئینسانی بوون لە پێش هەر شتێکی ترەوە بێت لە لایان، بە دەگمەن ئازاری گیانو هەستو سۆزی کەسێکی تریان دابێت، باوەڕ بە مافەکانی ئینسانو مافی مناڵانو ژنانو هتد...هەبێ، یان کەسانێك هەبن بۆ هەمیشە لە پەرەی خەڵکدا بن. کەسانێك هەبن ڕاستگۆ و سەرڕاستو دەمڕاست بن، یان کەسانێك هەبن، ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازو یەکسانیخواز بن، لەم مەیدانەشدا لە مەحەکی پراکتیکدا دەرچوونیان لێدابێت. کەسانێك هەبن، هەست بە ئازارەکانی کەسانی دوورو نزیکی خۆیان کردبێو لە ژیانی تایبەتیدا برایەکی باش بووبێت بۆ خوشكو براکەی یان بۆ مام و خاڵ و پورەکەی، یان بە خەم هاوڕێ و برادەرەکانیەوە بێت. باوکێکی میهرەبانو چەتری خۆشەویستی بێت بۆ منداڵەکانی، بۆ هاوسەرەکەی جێگای ڕێزو خۆشەویستیەکی لەرادەبەدەر بێت. هەمیشە ئارام و لە سەرخۆ بن، هیچ کەسێکیان دڵگرانو زویر نەکردبێتو لە زۆربەی خۆشی و ناخۆشیەکانی خەڵکدا بەشدار بنو هاوخەمو هاوشادی بن.

کەسانێك هەن لە پەیوەندی شەخسیو ئینسانێکانیاندا بە هیچ جۆرێك نایەنو مەزهەبو نەتەوەو ئایدۆلۆژیاو فکرێك نابێتە بەربەست لە بەردەمیاندا. زۆر کەس هەیە بتوانی بوخچەی نهێنیەکانتی بۆ

بکەیتەوە، هەموو جۆرە نهێنییەك، دڵنیاش بیت لە سەدا سەد نهێنییەکانت پارێزراوە. زۆر کەس هەیە سکۆلار و مۆدێرن‌و هاوچەرخ، زۆر کەس هەیە ووشەیەکی ناخۆش و ناشارستانی لێی نابیستی. زۆر کەس هەیە نەك بە تەنها لە بەرامبەر بەرژەوەندی گشتیدا دەست لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەر دەدات، بەڵکو لە بەرامبەر بەرژەوەندی هاوڕێ‌و خۆشەویست‌و ئازیزان‌و تەنانەت خزم‌و دۆستەکانیدا دەست لە ویست‌و حەزو ئارەزووە تایبەتیەکانی خۆی بەرئەدات. زۆر کەس هەیە پەیڕەوی لە فەرهەنگی بەرز ئەکات لە سەرجەم پەیوەندیەکانیدا. زۆر کەس هەیە پێشێلکردنی هەرچی پلەو پایەو پوول هەیە بۆی گرنگ نیە لە سەر حسابی پێشێلکردنی کەرامەتی ئینسانی خۆی.

ئەگەر ئەم سیفات‌و ڕەوشتانە لە یەکێکیان زیاتر لە کەسێکدا هەبێت، بەڵام هەر هەموو ئەو سیفات‌و ڕەوشتانە سەرتاپایان (چەند شتی تریش حەتمەن من لە بیرم چووە) بە تەنها لە مرۆڤێکدا هەیە کە ناوی(جمیل امین)ە هەر بۆیە ئەو لە کەس ناچێ!!

چەند تێبینیەك:

1- ئەم چەند دێرە زادەی زیاتر لە ٤٥ ساڵ پەیوەندی ئەپچڕاومە لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم (جەمیل ئەمین).

2- بە تەنها باسی یەك لایەنی ئەوم کردووە کە لایەنی کەسایەتیی.

3- بە داخەوە ماوەی زیاتر لە ٦ ساڵە کاکە جەمیل گیرۆدەی نەخۆشی شێرپەنجەیە.

*دوای گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیل، هاوڕێ ڤوئاد صادق وتەیەکی سەبارەت بە مەرگی جەمیل نوسیوە کە لەوێدا هەست‌و ئیحساساتی خۆی نیشانئەدات بەناوی:*

### "چەند ووشەیەکی درەنگ کەوتوو بۆ جەمیل ئەمین"
فوئاد صادق ئۆکتۆبەری ٢٠١١

لێبووردەیی هەموو ڕۆژێك بە پارانەوەوە داوای لێبووردنی لێ ئەکرد. خۆشەویستی چەندینجار بە زەردەخەنەوە ئەیووت: ئەزانی من لە چاو تۆدا زۆر ڤین ئەستورو دڵڕەقم، قەت بۆڵە بۆڵەکانی میهرەبانیم لە یاد ناچێتەوە کە لە بەرخۆیەوە ئەیووت ئەمە چۆن وا ئەبێ هەرچەندە ئەرمی ئەنوێنم کەچی خەڵکی (جەمیل)یان لە لا ئەرم و ئیان ترەو ئامێزی (جەمیل)یان لە لا گەرمترە! لە پڕ مێژوو بە توڕەییەوە خۆی کرد بە ژووردا و ووتی: ڕاوەستن ئۆبەی منە باسی بکەم، هەر هەموویان بە سەرسامیەوە تەماشای حاڵی پەشێوی مێژوویان ئەکرد، مێژووش پۆل پۆل ووشە پەپولەییەکانی ئەهاتنە دەرێ، ووتی: جەمیل هەتا دوا هەناسەی لە یەك سەنگەردا بوو، ئەو یاخی لە دەسەڵات و هەناسەی شەمشەمە کوێرەکان، زۆرجار هەرەشەیان دەرژاند، گوله و شمشێرەکانیان ئەدواند، بەڵام ئەو زۆر لە سەرخۆ بە بنمیچی هەورەکاندا تێپەڕ ئەبوو، ئەو هەرگیز سروودی بۆ ئەهریمەن ئەووتووە، خوڵی بە چاوی خۆیدا ئەکردووە، هەمیشە لەگەڵ هۆزی بەشمەینەتاندا لەگەڵ بەرز کردنەوەی دەستی چەپدا بە هەموو هێزیەوە چریکاندوویەتی: ئێوە ئەزانن تەنانەت لە شایی‌و لۆغانی سەرەمەرگی ئەودا، ڕیزێك بارانی ووشك هەڵگەڕاو، ڕیزێك لە هەتاوی پارە پارە کراو، ڕیزێك لە خۆشەویستی، ڕیزێکیش لە ئازادی بەندکراو ڕاوەستابوون؟!

هەر ئەو ڕۆژەی مەرگ شەقی لە سەنگی عەدالەت هەڵداو بە شێرزەیی خۆی کرد بە شۆڕیجەدا و شمشێرەکەی بەرز کردەوە لەو حەشاماتە، کێ ناوی (جەمیل)ە دەست بەرز بکاتەوە! کاتێك مەرگ

سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان ئەوەندە دەست بەرز ببووەوە تەنها لە دەلاقەی پەنجەکانەوە تروسکایی ئاسمانی ئەبینی. لەو کاتەدا باران چەند دڵۆپێکی فڕێدایە سەر زەوی، بوو بە تابلۆیەك لێی نووسرابوو (هەی بێ ئابروو) من بە نهێنی و دەستە وەستان لە حزوری ئەودا بووم (بە ملی شکاو هاتی) منیش بەرە لەگەڵ خۆت! هەتاو خۆی کۆکردەوە؛ (بە خێر نەیەی) یان لەگەڵ ئەو ئەڕۆم یان شەرتە ئەم شارە بۆ هەتا هەتایە بە سەرتانەوە بە جێ بهێڵم. من لە بەر خاتری ئەو ئەبێ چی ئەکەم لەم شارە!؟ خۆشەویستی زۆر تورە بوو! کە ڕاست بووەوە لە جیاتی سەری هەزاران سەری لێ پەیدا بوو؛ ئەو بە تەنها ناڕوات. پێم لەگەڵ پێیدایە، بۆ هەر کوێیەك بیبەیت منیش دێم. ئازادی خۆی ڕاتەکان؛ بۆ کوێ ئەڕۆن؟ ئێوە هەموو کوڕ و کچی سرووشتن بە تەنها من منداڵی ڕاستەقینەی ئەوم، چۆن بە تەنها بە جێی ئەهێڵم؟ ئەگەر هیچ کەسێك ئەڕوا ئەبێ من هەر بڕۆم، ئێمە دوانەی یەکترین و لە یەك جیا نابینەوە.

جەمیل خۆی ئاسایی زۆر بە ئارام و لە سەرخۆ هەردوو دەستی بۆ حەشاماتەکە بەرزکردەوەو بە هەموو هێزی باوەشی کرد بە ئازادیدا ، ووتی؛ ( حەیاتەکەم ) من هەموو ژیانم بە تۆ بەخشی، چەند دارە دارەم پێکردی تا پێ بگریت . ئیستا چۆن ئیرە بە جێ دێڵی؟

ئازیزان جەمیل ڕۆی، بەڵام جەمیل لە دوای خۆی خەرمانێك لە یادگاریو گوڵزارێك لە زەردەخەنە و دەریایەك لە میهرەبانی و ئۆقیانۆسێك لە خۆشەویستی و زنجیرە چیایەك لە نەفس بەرزی و مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ بەجێ هێشتین.


*سیفەتێکی جەمیل ئەوەبوو کە زۆر پابەندی کات بوو. ئەو لەوکەسە کەمانە بوو کە لەسەر وەختدا کاری خۆی تێدەپەڕاندو وەکو چۆن لە هەر بوارێکدا بەڵێنێکی بدایە جێبەجێی دەکرد بەبێ دواکەوتن، ئاواش لە مەوعیدی لەگەڵ هاوڕێکانیو خەڵکدا یەکجار موڵتەزیم بوو. لەو ڕووەوە بەڕێز عەلی کاکە، هاوڕێی دێرینی جەمیلو برای هاوڕێ لەیلای هاوسەری جەمیل، لەمەراسیمی لەندەندا سەبارەت بەو سیفەتەی جەمیل بەمجورە یادەوەریی خۆی دەگێڕێتەوە:*



ساڵی ١٩٨٦ بوو مەوعیدێکم هەبوو لەگەڵ جەمیل کاتژمێر ٥ی ئێوارە بوو لە کەرکوك بەڵام لەبیرم نیە لەکوێ بوو، بەهەرحاڵ کات نزیك بۆوە لە ٥ی ئێوارە جەمیل هەر نەهات ناچار بووم بڕۆم بەڵام دوای ٣٠ بۆ ٥٠ مەتر دوورکەوتمەوە، گوێم لێ بوو جەمیل بانگمی کردو وتی عەلی بۆ کوێ دەڕۆی؟! منیش وتم تۆ نەهاتیو بۆیە ئەڕۆم، ئەویش وتی ئێمە مەوعیدمان سەعات ٥ نیە؟ وتم بەڵێ، وتی کوا سەیری سەعاتەکەت بکە بزانە سەعات چەندە!! هەردووکمان سەیرمان کرد بە سەعاتەکەی من هێشتا ٣ خولەك مابوو بۆ ٥، وتی ئەوە نیە هێشتا ٣ خولەك ماوە بۆ ٥ ( هەر وابوو)، منیش زەردە خەنەیەك گرتمی لەدڵی خۆمەوە وتم ئەم کوڕە دیارە زۆر جدیە بەڵام کەسایەتییەکی جوانم بۆ دانا ئیتر لەو ڕۆژەوە ئاگاداری خۆم بووم.

*بەڕێز عەونی داودی، ساڵی پار، وتارێکی بەزمانی عەرەبی لە ماڵپەڕی الحوار المتمدن دا بڵاوکردبوەوە سەبارەت بە هاوڕێ جەمیل، وەکو ڕێزنانێك لە ژیانو خەباتی سەختی ئەو، بەتایبەتی ئەوکاتە هاوڕێ جەمیل لەگەڵ ئەخۆشی شێرپەنجەدا دەستوپەنجەی نەرم دەکرد. ئێمە لەو پاڵپەڕەوە وتارەکەیمان وەرگرتوەو هاوڕێ ئاراس ڕەشید، کادری حیزب لەکەنەدا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لەکۆتایی کتێبەکەدا وتارە عەرەبیەکە بڵاودەکەینەوە.*

## بۆ ئەو سەربازە وونەی لەلوتکەدا راوەساتوە!



بۆ هاوڕێم جەمیل ئەمین

عونی داوودی- سوئید

زستانی2010

جەمیل... ناوێک پڕ بەماناکەی خۆی...بەنەژاد کورد، خاوەن بیروباوەڕو ناسنامەی نێونەتەوەیی، لە گەڕەکی شۆریجەی شاری کەرکوک... لەوێ لە دایک بووە و گەورە بووە. بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کات گەڕەک و شاری لای بچوك دەبێتەوەو بەرەو پانتایی هەنگاودەنێ، بۆیە پێیەکی لە کەرکوک دەبێت ئەوی دیکەی لە بەغداو سێیەمیشی لە حاجی ئۆمەران. بیری خێڵەکی چوارچێوەی بیرو جیهانبینیی تەسك دەکردەوە، بۆیە بیری نێونەتەوەیی و مرۆڤایەتی کردە ڕێبازو باوەڕی. لە کاتێکدا بەرهەڵستیکردنی بیری تۆتالیتاری لەعیراقدا جۆرێك بوو لە خۆکوژی، لەوسەردەمدا جەمیل بەردەوام دەبێ لە ڕێبازی هەڵبژاردوی پشت بەستوو بە بیری ئینسکلۆپیدیاییو هەڵسوکەوتی بێ وێنەی لە نزیک کردنەوەی تیۆریو پراتیك، بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەک، بەبێ گوێدانە جیاوازیی تەمەن و لە دەورویەری خۆیدا.

جەمیل... بێنەوەی هەست بکەیت ناچارت دەکات بێفیز بیت، کڕنوش بەری بۆنەوکەسەی پێویستی بە یارمەتی مرۆڤانەی تۆیە، و ڕێنمایت دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کەمکردنەوەی ئازارو ناخۆشیەکانی ئەم یان ئەو بەبێنەوەی وورتەیەکیشی لە دەم بێتە دەر، بێنەوەی هەستی هەست ناسکانیش بریندار بکات!! یان بێنەوەی منەتێکیش بەسەر هیچ کەسێکدا بکات، بۆیە هەر ئەو لەپێشەوەو دەست پێشخەرە.

جەمیل... گیانی دەیان کەسی لە مەرگی مسۆگەر ڕزگار کردوە، لەڕۆژانێکدا کە مەترێکی دووجا لەم عیراقە گەورەیەدا، لەسەردەمی تاغوتی عیراق"سەدام"دا بۆ یاخیبوانو شۆڕشگێرانی بەرهەڵستکار لە ڕژێمی مافیایی کە گەیشتبووە ڕادەی ژماردنی هەناسەی هاوڵاتیانی عیراقی، بەر تەسک ببوەوە. ئەوەش لە ئەنجامی پەیوەندیە فراوانەکەیەوە بە زوربەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵەوە بوو لە شارو لە دێ، و لەباوەشگرتنی ئەوانەی پێویستیان بە خۆشاردنەوە هەبوو لە چاوی جەلادەکانی ڕژێم، کە توندوتیژیو زوڵموزۆری ئەو ڕژێمە سیمای مێژوویەکە بە خراپترین قۆناغی مێژوویی عیراق دەژمێردرێت لە دوای ڕووخانی خەلافەتی عەباسی لە سەردەستی هۆلاکۆ لە ساڵی ١٢٥٨ ی زایینیدا.

جەمیل...یان وەک ئەوەی ناومان نابوو"مام جەمیل" بەهۆی بێفیزیو حیکمەتو جورئەتی لەرادەبەدەریەوە لە وەستانەوە بەڕووی دەسەڵاتدا بەشێوەی تایبەتی خۆی، زانیاریەکی پێ دەدایت بێنەوەی هەست بکەیت کە دەرسێکت دادەدا، فێری بنەماو چەمکی عەشقی مرۆڤدۆستی دەکردیو بەبێ ڕێگری بەناو خوێنتا دەگەڕا.

جەمیل...چۆکی دانەدەدا و ڕۆژێک لەڕۆژان سازشی لەسەرئەوە نەکرد کە بڕوای پێبوو. توانایەکی بێوێنەی هەبوو لە خۆدەربازکردن لە چاوی موراقەبەچیو فزولیەکان، وەک جادووگەران غەیبی دەخوێندەوە، شەخسیەتی مرۆڤەکانی دەناسی، بەجۆرێکی وا کە جێگای سەرسوڕمانو ڕێزی بینەشانو تەنانەت ئەوکەسانەش بوو کە تەعەسوبێکی کوێرانەشیان هەبوو، جیاواز لە نەتەوەو دینو مەزهەبو ئایدیۆلۆجیایان.

جەمیل...بە گومانەوە لەکەس ناڕوانێ، تەنانەت ئەوانەشی کە لە رووی سیاسیەوە بە جیاواز لەو بیر دەکەنەوە. مامەڵەیەکی لۆجیکی دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەی هەڵە دەکەن، یان وەکو تاکێکی ناو مێگەڵ ڕێ دەکەن، ڕەچاوی هۆکارەکانی ژینگە، شوێنی ژیان، پەروەردە و هەلومەرجی گشتیی دەوروبەراوی ئەو کەسە دەکات. سەرەڕای ئەو میهرەبانیەی، بەرامبەرێکی سەرسەختە لە بەرامبەر چەمکەکانی زوڵم وستەم وسەرکوت و بیری شۆڤێنی و فاشیستی، لێبراوانە شەڕدەکات.

دڵشادو بەختەوەرە ئەوکەسەی لە نزیکەوە جەمیل دەناسێ، لە سەرچاوەی میهرەبانی ئەوەوە، لەتوانای خۆڕاگریی بەرامبەر ناستەنگەکان، هونەری سەرلێشێواندنی دەسەڵاتی سەرکوتگەرو دەرکردنو داهێنانی ڕێگاچارە بۆ ڕزگار بوون، بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەبات ئیلهام وەردەگرێ.

جەمیل...بێنەوەی هەست بکەیت وات لێدەکات کە ئازاری ناودڵی خۆتی بۆ بخەیتەروو، ئەوەش لە دوو لایەنەوە، یەکەمیان بۆ خاڵیکردنەوەی باری ئەوەی بەدەر لەئیرادەی خۆت بەسەرتا سەپێنراوە،و دووەمیان بۆ ئەوەی چیت پێویستە پێشکەشتی بکات تا ئەو ئازارەی دەرونت هێوربکاتەوە کە وەکو ئەوەی لەسەر ئاگردانێك بێت جۆشدەخوات.

لەتەجروبەی ژیانمدا بە هاوکێشەیەکی فانتازیا گەیشتوم، ئەویش ئەوەیە کە دایکو باوک بەبێنەوەی هەست بکەن ناوێک لە منداڵەکانیان دەنێن کە لە دوارۆژدا نزیکایەتی دەبێ لەگەڵ هەڵسوکەوتو ڕەفتاریان. بەنموونە؛ کەسێک دەناسم بە ناوی" هەور" سەرسام بووم کاتێك دەمبینی میزاجی ئەو مرۆڤە وەکو هەور دەگۆڕا. هەروەها ناوی هاوسەرەکەم" یوسرا" یە کەلە ئاسانەوە وەرگیراوە، هەرجارێک بە هەلومەرجێکی دژواردا تێپەڕیوم، ئەو لەو دژواریەدا ئاسانکاری بۆکردووم بە خەندە یان بە ووشەیەک، وەک ئەوە وابووە کە ئوقمی گۆمێک بووبەو ئەو هەڵیگرتبێتمەوە، نموونە زۆرن. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەمە کتومت بەسەر "جەمیل"ەکەمان، مام جەمیلدا دەچەسپێ بەبێ هیچ ریاکاریو یاریکردنێك بە ووشەکانەوە.

ئەم "مام جەمیل"ە کێشی 50 کیلۆ پتر نابێ، باڵاشی لە مەترێک وشەست سانتیمەتر تێپەڕناکات، بەڵام کاتێک بەتەنیشتەوە بوەستێ هەست دەکەیت کە پشتت بە کێوێکەوە داوە، هەرئەوەنا بەڵکو ئەو هەمیشە چیایەکی سەرکەشە.

مام جەمیل...کەسایەتیەکە ناچارت دەکات ڕێزی لێ بگریت، هەرچەندە پێچەوانەشی بێت.

مام جەمیل ئەندازیاری کارەبایە، هەرچی لە دەوروبەریدایە بارگاوی دەکاتو بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێ، کەسایەتیەکی کاریزمای هەیە. لە چوارچێوەی پسپۆریی خۆی لە کۆمپانیای گەیاندنی" ئاسیا سێڵ"دا کار دەکات. ساڵانێکە بە دەردی نەخۆشیەوە دەتلێتەوە، بەڵام لە کاتی نەخۆشیشدا ناسرەوێ، بەڵکو بێپەروا کاردەکات بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ئازارە ئەبڕاوەکانی. ماوەیەکی زۆرە

سەرقاڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی پزیشکی‌یە لەسلێمانی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێر پەنچە لە عیراق، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کۆمەک لە دەوڵەمەندانو لەسەرووی هەموویانەوە کاک فاروقی مەلا مستەفا خاوەنی کۆمپانیای ناوبراو، لەژێر ڕێنماییو یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

"مام جەمیل"م وەک مرۆڤێکی مارکسیو پاڵپشتی بێبەشانو پشتگوێخراوان ناسی، لەپێناوی ئەواندا جەنگاو ئێستاش بێپسانەوەو لێبراوانە بەردەوامە. تەنانەت بارودۆخی تەندروستیی ناڵەباری لەوەی دانەبڕیوە کە بیری ڕۆشنی بۆ خزمەتکردنی ئەڕادی مرۆڤ پێی بەخشیوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەڵێین...سەربازی وون!!؟؟ شتێکی بێوێنەیە، دەبێ گرێی تەلسیمەکەی بکەینەوەو لێکی بدەینەوە.

هۆ هاوڕێ جوانەکەم ماچت دەکەم، زۆر قەرزار بارتم، خۆشم دەوێی.

*بەڕێز "صدیق عەزیز"ی هونەرمەند بەمجۆرە وەسفی جەمیل دەکات:*



مەرگی پەپولەیەک، پەپولەیەک پڕ لەجوانیو پڕ لە عەشقو پڕ لەئارامی، دەشێت هەندێک مرۆڤ لە تەنها سیفەتێکی پەپولەوە نزیک بێتو لە تەنها لایەنێکەوە هەڵگری بەشێک لە جوانیەکانی پەپولەبێت، بەڵام جمیل ئەمین هەڵگری هەموو مانا پاکو سیفەتە جوانەکانی پەپولە بوو. لەقسەکردنو پێکەنینو هەڵسوکەوتو تەنانەت ڕۆیشتنو هەنگاوەکانیشی ناسک هەروەک باڵی پەپولەکان. هاوڕێو هاودەمی هەموو کەسێکو هەموو تەمەنێکی جیاواز هەر لەمنداڵو گەنجو پیر، هەروەک عەشقو هاوڕێیەتی هەموو کەسێك بۆ جوانیو بۆ ناسکی پەپوولە.

کاکە جەمیل چەندێک ناسک بوو وەک پەپولە، هێندەش خاوەن ئیرادەو خاوەن کەسایەتیەکی تایبەتیو خاوەن توانایەکی گەورە بوو. باوەڕبوون بە ئیردەو توانای خۆ یەکێک بوو لە سیفەتە جوانەکانی کاکە جەمیل. لە ناخۆشترین ڕۆژگارداو لەتاریکترین ساتەکانی ژیاندا، کاکە جەمیل بە ئیرادەیەکی گەورەو بە زەردەخەنەیەکی ناسکو بە چاوێکی پڕ لە ئەمەلەوە سەیری ژیانو دوارۆژی دەکرد. من زۆرجاران لە ژیاندا بێئەمەل بووم، بەڵام بەبینینی ئەم بەڕێزە بوومەتەوە بە کەسێکی خاوەن ئیرادەیەکی گەورە بەرامبەر بە ژیان. کاکە جەمیل کەسێکی زەحمەتکێشو خاوەنفکرو خاوەنبیرو باوەڕێکی پیرۆز بوو بۆ ژیانو بۆ ئازادیو بۆ دوارۆژێکی پرسەروەری بۆ مرۆڤ، بۆ خەباتکردن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەک دوور لە چەوساندنەوەی چینایەتیو ژیانێکی یەکسان و بەرامبەر بۆ سەجەم مرۆڤایەتی. سەری ڕێزو ئەوازش بۆ مەرگی ئەم بەڕێزە دادەنەوێنم. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی .

*وتەی زاریا(نینا)ی کچی جەمیل لە مەراسیمی چلەی باوکیدا لە کەرکوك کە لەلایەن کۆمیتەی کەرکوکی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو عێراقەوە رێکخرابوو..*



سەرەتا بەخێرهاتنی خزمانو هاورێیانو دۆستانی باوکی زۆر ئازیزم "جەمیل ئەمین" دەکەین، سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین. ئامادەبوونی ئێوە لە پاڵ ئێمەدا یارمەتیمان ئەدات لە کەمکردنەوەی خەمی نەمانی باوکی ئازیزماندا.

هاورێ جەمیل تەنها باوکمان نەبوو، بەڵکو هاورێیەكو دۆستێکی نزیکی هەر یەکێك بوو لە ئێمە. هەمیشە وای حەزدەکرد ئێمە باشترین بینو یارمەتی ئەداین لە سەرکەوتنماندا، وەکو خوێندنگایەکی رۆشنکەرەوە بوو بۆ ئێمە. راستە ئێستا کۆچی دوایی کردووەو ئێمەشی جێهێشتووە، بەڵام بیروراو هەڵسوکەوتو ئەزمونەکانی زیندووەو لەنێوماندایەو بە زیندویی دەمێنێتەوە. ئەو خاوەنی رێبازو بیرێکی مارکسیو یەکسانیخواز بوو. ئێمەش هەوڵ ئەدەین لەسەر ئەم رێبازە بەردەوام بین.

هاورێ جەمیل خاوەنی سامانێکی گەورەو بە نرخ بوو لە بەرگری لە ئینساندۆستیو ئازادیخوازیو بەرگری لە مافی منداڵانو یەکسانی ژنان و پیاواندا. هەمیشە ئامادەیەکاریبوو لەیارمەتیدانی کەسانی دەوروبەریو بەپیرەوەچوونی خێرای هەر گرفتێك کە دووچاریان بوایە. زۆربەی کات وەك هاورێیەك ئامۆژگاری دەکردین کە بەهێزبین بەرامبەر ئەو گرفتانەی کە لە ژیاندا دێتە رێمان. رێنیشاندەرمان بوو بۆ پشتبەستن بەخۆمانو هاوکاری یەکتربین. دەیگوت چونکە من تا کۆتایی ژیان لەگەڵتاندا نابم. کاتێك قسەی لەگەڵ دەکردین ئەیوت بۆ ئێستای ئێوە سێ شت زۆر گرنگە" خەو، خواردنو خوێندن".

باوکم ئارەزوومەندی هەمیشەی پێشانگاو کۆڕو کارە هونەریەکان بوو. هەمووکات پشتی ئێمەی گرتووەو نەیهێشتووە مافەکانمان لەبیربکرێ. ئێمە چەندێك لە یادگاریە بەرزەکانی هاورێو باوکی ئازیزمان باس بکەین کۆتایی نایەت، چونکە ئەو هێشتا لە بیرو دڵماندا زیندووە و دڵخۆشین بەوەی باوکمان بەم شێوەیە باسدەکرێتو ناوێکی گەورەی بۆ خۆیو بۆ ئێمەش جێهێشتووە.

زۆر بەپێویستو باشمان زانی کە لە دڵەوە زۆر سوپاسی دایکمان بکەین کە ئێستا ئەرکی دایكو باوك بۆ ئێمە دەبینێت، وە لەپێشتریشدا هاوکارو هاورێی باوکمان بوو، چ لە کاری سیاسی، چ لەکاری بەرێوەبردنی خێزانەکەمانو چ لە بواری نەخۆشیەکەیدا. ئێمە هەست بە ماندووبوونی دەکەین کە بۆ ماوەی نۆ ساڵە، کەباوکمان توشی نەخۆشی بوو، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ دا نەخۆشی دڵ وە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ نەخۆشی شێرپەنجە، دڵسۆزانە خزمەتی کردوە. مایەی شانازیمانە کە دایکێکی وامان هەیە. پێی دەڵێین دایکە نایەڵین رێبازی تۆو باوکم وون بێت وە لە کۆتاییدا دەڵێین خۆشماندەوێیت دایکە تەقدیری ماندووبوونت دەکەین.

هەروەها بە پێویستی دەزانین کەسوپاس‌و دەستخۆشی خۆمان بۆ بەڕێز فاروقی مەلا مستەفا بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاسیا سێڵ دەربڕین کە بەردەوام پشتیوانی لە باوکمان کردووە. ئێمە وەکو خێزانی هاوڕێ جەمیل ئەمین "لەیلاو زاریاو بڕواو گوڵی" زۆر سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەین کە هاوکاری باوکم بوون. هەروەها سوپاس‌و دەستخۆشی خۆمان بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری رادەگەیەنین کە ئەم مەراسیمی ریزلێنانەیان رێکخستووە.
دووبارە سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین....

*نامەی هاوکارێکی هاوڕێ جەمیل ئەمین بەناوی هەژارەوە کە باس لە کەسایەتی جەمیل دەکات لەسەرکارو مامەڵەی لەگەڵ هاوڕێیانی کارمەندو هاوکاریدا:*

کابرایەکی زۆرجدی لەکارەکانیدا هەبوو، خۆشەویست لای هەموان ئەویش جەمیل ئەمین بوو. ناسرابوو بە بەڕێوەبەری گەنجینەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ. هەردەم زۆرجدی بوو لەکارەکانیداو زۆرباش بوو لەگەڵ کارمەندەکانداو هەردەم لە هەوڵدابوو بۆ یارمەتیدان‌و گەشەپێدانیان، بەردەوام بەرگیکەر بوو لەماف‌و هیلاکبوونی کارمەندەکانی کە کاریان لەگەڵدا دەکردو لەهەوڵدانی بەردەوامدا بوو بۆیان. تەنها بەوەشەوە نەدەوەستا، هەمیشە سەردانی گشت شاکارە هونەریەکانی شانۆو موزیک‌و پێشەنگا شێوەکاریەکانی دەکرد. هەر لەکۆتایی تەواوبوونی دەوامی ئاسیاسێڵ یەکسەر خۆی دەگەیاندە ئەو شوێنانە هەربۆیەش سەرمێزەکەی لە ئۆفیسەکەی خۆیدا پڕبوو لەو ئامێلکە جوانانەی کە بەدەستی کەوتبون. جارجارەش کە پرسیاری لێدەکرا بەگوێرەی شاکارەکە وەڵامی دەدایەوە. هەربۆیە ناسرابوو بە هاوڕێی هەمیشەیی گشت شاکارەکان.

بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەنەوە ئەم کابرایە وایلێهاتبوو بەبەردەوامی بۆماوەی زیاتر لە ٤ ساڵ ببووە یەکێك لە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانی. زۆرلەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە ئەگەرایەوە بەکانیۆلاکەیەوە دەگەیشتەوە سەرمێزەکەی‌و دەستی دەکردەوە بەکار لەسەر کۆمپیوتەرەکەی. کاتێکیش پێی دەگوترا کاك جەمیل تۆ تازە گەڕاویتەوە لەنەخۆشخانەو چارەسەری کیمیاییت وەرگرتوە، قبوڵی نەدەکردو دەیگوت تکایە رێگاتان پێنادەم وابلێین، چونکە من نەخۆش نیمو زۆرباشم وە زۆر بەباشی دەتوانم کارەکانم ئەنجام بدەم! بەراستی ئەمەش هەمووی هێزو توانای ئەو پیاوە دڵسۆزە بێوێنەیە بوو لە ئیشوکارەکانیدا.

بەداخێکی زۆرەوە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ەوە کاك جەمیل ئەمین لەسەردانی نەخۆشخانە بەردەوام بوو وە نەخۆشیەکەی زۆری بۆ هێنابوو، نەیدەتوانی وەکو جاران بەردەوام بێت لە ئۆفیسەکەی. ئەوەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەی لەکارەکەی بۆماوەی زیاتر لە ٦ مانگ، بەڵام هەمیشە دڵی لای کارەکەی بوو وە هەمیشە بەبەردەوامی لەگەڵ هاوڕێکانی بەشی گەنجینەکان لەگفتوگۆدا بووو هانی دەدان کە بەردەوام دڵسۆزو دەستپاك بن لە کارەکانیاندا. بەڵام زۆربەداخەوە نەخۆشیەکەی بەسەریدا زاڵ بوو و دڵە گەورە مەزنەکەی لەکارخست. کەئەمەش بووە هۆی زیاتر خۆشەویستبوونی جەمیل ئەمین وە هەمووش پەیمانیان پێداوە کە هەمیشە دڵسۆزو راستگۆبن لە کارەکانیاندا و ئومێدەکەی بهێنرێتەدی.

بۆیە دەڵێین کاك جەمیل جێگەت دیارەو هەر لە دڵماندایت!

هەژار
کارمەندی هاوکاری جەمیل ئەمین
نۆڤەمبەری ٢٠١١

سەبیحەکانی پوری جەمیل بەبۆنەی گیان لەدەستدانی هاوڕێ جەمیلەوە هەستی خۆی بەشێوەی دووپارچە شیعر دەربڕیوە کە بەناوی دایکی هاژەوە بۆی ناردووین، لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.



(١)

جەمیل!

تۆمانگی تۆ هەتاوی

تۆ ئاگری تۆ ئاوی

وەکو مانگی ئاسمانی

ڕێگا ڕووناك کەرەوەی شەومانی

وەکو هەتاو سەرچاوەی وزەمانی

وەکو ئاگر گرنگترین شتی ژیانمانی

هەر وەکو ئاویش،

کوژێنەرەوەی کڵپوکۆی گرفتەکانمانی

تۆ مەزنی، تۆ جوانی

خۆشەویستی هەمووانی

ژیان مەحاڵە بێ تۆ، شەومان تاریکە بێ تۆ

دەوەرە بۆ کۆچ دەکەی بۆ

گوڵی بێ ناز مەکە، مەڕۆ

ئەی لەیلا چی لێ دەکەی

بۆچی بێ نازی دەکەی

زاریاو بڕوا پێویستیان بە تۆیە

ڕێگای ڕاستیان پیشاندەی لە کوێیە

نازانم تۆ فریشتە، یا پەپولە، یا گوڵی

خاوەنی گەورە ترین دڵی

(٢)

تۆغر بۆکوێ!؟

تۆغر بۆ کوێ ڕۆیشتی کاکی برا

دەودەرەوە خۆ من وا هەناسەم لێ برا

سەفەری دوورو درێژ بۆ دەکەی

ئەڵێی ئیتر نایەمەوە وا ئەکەی

لە دووری تۆ بەهار گوڵی نەماوە

بولبول دەنگە خۆشەکەی گۆڕاوە

ئاسمان تاریکەو زاری دەکات

ناڵە ناڵی کۆچی تۆ دەکات

دۆستانت فرمێسک دەڕێژن

منداڵ وگەورەو پیاوو ژن

ووشە شەرمەزارە لە وەسفی تۆ

یەك ووشە نییە پڕ بە پێستی تۆ

چی ووشەیەك، دەست پاك، ڕاست گۆ

ڕووخۆش، دڵگەورە، خۆبەخش،

پرسۆز، دڵسۆز، بەوەفا، بەڕێز،

دەست بڵاو، بە بەزەیی، ڕۆشنبیر، زانا،

تەگبیرکەر، نیشتیمان پەروەر، خزم دۆست

مەزن، سەرگەورە، سادە، بێ فیز،

ئەم ڕەوشتە جوانانە هەموی کۆکەرەوە

یەك دەرسەدی ڕەوشتەکانی تۆ ناکاتەوە

هەرچی بڵێم هێشتا هەر کەمە،

تۆ کەسێك نەبووی بۆ ئەم سەردەمە

تۆ ئەو هەوایە بووی من هەناسەم پێی دەدا

لە پاش تۆ هەناسەم توند دەبێ

تۆ ئەو ئاوە بووی تینوێتیمی دەشکاند

لە پاش تۆ قورگم وشك دەبێ

تۆ ئەو کەسە بووی خەممت دەڕەواند

لە پاش تۆ خەم وا سەوز دەبێ

هەموو چرکەیەك خەمێك سەرهەڵدەدا

وا خەریکە لەبن دەرم دێنێ

فرمێسکی چاو دەبارێنم تەواو نابێ

ئەڵێی کانیەکی شاراوە بوو

بە کۆچی تۆ هاتە دەرێ

خەو لە چاوەکانم تۆراوە

هەی داد هەی بێ داد چۆن وا دەبێ

خودایە کەی عەدالەت وا دەبێ

هەر کەسێ من خۆشم بوێ

وا زوو لێم دوورەوە بکەوێ

هەر کەس بە جۆرێك کۆچ دەکات

بە بێ ئەوەی بیر لە ئازاری من بکات

خۆزگە کۆچ کردن هەر نەبوایە

بەڵکو خۆشەویستەکانی منیش نەچونایە

بەڵام چی بکەم لە دەستی ئەم زەمانە

هەر وا بووەو لەڕێگەی هەمووانە

*********

## سوپاسنامه

هاوریان، دۆستان!

به بۆنەی گیان لەدەستدانی نازیزمان "جەمیل نەمین" ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێیان و دۆستان، له رێگای تەلەفۆن، ناردنی نامەو ئیمێل، سەردانو گێڕانی مەراسیم بۆ ئەو ئینسانە مەزنە، بەسەریان کردینەوەو نەیانهێشت خەمی ئەم کۆستە گەورەیە بەتەنها لەسەر شانی ئێمە خوشکو براو منالان وهاوسەری کاکە جەمیل سەنگینی بکاتو بەمجۆرەش خەمەکانیان لەگەڵدا بەشکردین!

ئێمە بەم نامەیە سوپاسی هەموولایەک دەکەینو داوای لێبووردنیش دەکەین کەنەمانتوانی وەڵام بۆ یەک بەیەکیان بەرێ بکەینەوە، بەلام دەمانەوێت ئەوەش بڵێین کە بەسەرکردنەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەدۆستان وهاورێیان کەلەم یان ئەوگۆشەی دونیاوە بەرێکەوتووە، جگەلەوەی بۆ ئێمە ڕوحیەتێکی گەورەی هاوسۆزی بوو لەم میحنەتەدا، هاوکات نیشانەیەکی زیندووی رێزگرتن بوو لە ئینسانیەت و لە خەباتی نازیزمان "جەمیل نەمین"، کە سەرمەشقە بۆ هەموومان ... جارێکی تریش دوپاتی دەکەینەوە کەلێپرسینەوە و بەپەرۆشبوون و راوەستانی ئێوە لەو میحنەتە گەورەیەدا لە پاڵماندا، نازارەکانی سەرشانی ئێمەی کەمکردەوە و موحیبەتو هاوسۆزیتان گەورەترین پشتیوانمانە. یادی جەمیل نەمین لەدڵی هاموماندا زیندوو دەمێنێ وهیوادارین مەرگی ناوەختی ئەویش دوا کۆست وخەم وناخۆشی بێت بۆ هەموو لایەکمان.

بەیان نەمین            دەشتی جەمال

٢٠١١-٨-٢٤



لەراستەوە بۆچەپ: گوڵی جەمیل، بەیان نەمین، جەمیل نەمین و دەشتی جەمال

عوني الداوودي

الحوار المتمدن - العدد: 3213 - 2010 / 12 / 12

إلى صديقي جميل أمين.

جميلٌ .. أسمٌ على مُسمى ... كوردي النجاد، أممي الهوى والمبدأ، من محلة الشورجة في كركوك ... ولد هناك وترعرع، لكن مع تقادم الزمن ضاقت عليه المحلة والمدينة، وأنطلق لفسيح المكان .. قدمٌ في كركوك، وأخرى في بغداد، وثالثة في حاج عمران، ضاق فكره بعصبوية القبيلة، فأتخذ من مفهوم الأممية والإنسانية فكراً ونهجاً يقتدى به في زمنٍ كان التحدي فيه للفكر الشمولي في العراق يعد إنتحاراً، ويمضي جميل في مساره الإختياري المدّعم بفكرٍ موسوعي، وسلوك نموذجي يقارب بين النظرية والتطبيق، ليربي أجيالاً لا على التعيين، ومن مختلف الأعمار، ضمن محيطه الممكن.

جميل ... وبدون أن تشعر يجبرك على التواضع، والإنحناء لمن هم بحاجة لإلتفاتة إنسانية منك، ويرشدك أيضاً للوسائل التي من شأنها رفع ولو جزء يسير عن كاهل هذا وذاك دون أن يتفوه بكلمة، وبدون تجريح لذوي الحساسية العالية!!، أو أي ما من شأنه يدخل ضمن المنية على أحد، وهو السباق دوماً وأبداً.

جميل ... أنقذ عشرات الأنفس من موت محتم، يوم كان متر مربع واحد في هذا العراق الكبير، في زمن طاغوت العراق " صدام " يضيق بالمتمردين والثوار والناقمين على نظام الدولة المافيوية التي وصلت حد إحصاء أنفاس العراقيين، وذلك بتسخير علاقاته الواسعة مع مختلف طبقات المجتمع في القرية والمدينة، لإحتضان منْ بحاجة للإختفاء عن أعين جلاوزة نظام أتخذ من ممارسة العنف والقسوة والبطش والجبروت علامة مميزة طبعت تاريخ العراق كأسوء مرحلة تاريخية بعد سقوط الخلافة العباسية على يد هولاكو عام 1258 م .

جميل ... أو بالأحرى كنا نطلق عليه أسم مام جميل، لحكمته وتواضعه، وجرأته غير المتناهية للوقوف بوجه السلطان بأسلوبه الخاص، يعطيك المعرفة دون أن تشعر بأنه يلقنك درساً ما، ويعلمك مبادئ ومفهوم عشق الإنسان، لتسري دون إستئذان لعروقك.

جميل .. لم يرضخ، ولم يساوم يوماً ما على ما آمن به، وذو قابلية فذة في الإفلات عن أعين البصاصين، والرقباء، والفضوليين، كعراف يقرأ الغيب، ويستطلع طوالع البشر، مميزاً وبشكل يدعو للإعجاب والتقدير بين المغلوب على أمره، والعقائدي المنفلت من عقاله، بغض النظر عن القومية والمذهب والدين والآيدولوجية.

جميل ... لا يسئ الظن بأحد، حتى مع الذين لا يتفق معهم سياسياً، ويجد الأعذار عادة لمن يهفو، أو المُسير كأي دابة ضمن القطيع، آخذاً بعين الإعتبار، عوامل، البيئة، والمنشأ، والتربية، والظروف العامة المحيطة للشخص المختلف عنك، ومع هذه النفس الطيبة، فهو خصم عنيد لمفردات الظلم والقهر والإستبداد، وللفكر الشوفيني والفاشيستي، وقد حاربهم ولم يزل دون هوادة.

سعيد ومحظوظ من عرف جميل عن كثب، ونهل من منابع روحه الطيبة، وشكيمته في تحمل المصاعب، وفن مراوغة السلطات القمعية، وإستنباط الوسائل المبتكرة للمقارعة والإفلات، لكل مرحلة من مراحل النضال .

جميل .. يجبرك دون أن تشعر أو تحس، لتفصح عن خوالج روحك، وعذاباتها، من منطلقين، إحداهما لتفرغ ما حُمل كاهلك به رغماً عنك، والثانية في كيفية تقديم ما ممكن تقديمه لإراحة نفسك المعذبة التي تغلي وكأنها على مرجل.

توصلت لمعادلة فانتازية من خلال مشواري في ما مضى من العمر، مفادها ... بأن الوالدين وبدون شعور منهم يسمَون أبنائهم، بأسماء تصبح قرينة سلوكهم لاحقاً، فمثلاً أعرف شخصاً أسمه بالكوردي " هه ور " أي الغيم ، ولطالما تعجبت من مزاج هذا الإنسان المتقلب كالغيم، وأسم زوجتي يسرى مأخوذ من اليسر والسهولة، فكم من موقف صعب مررت به إلا ووجدتها تيسر لي وضعي الصعب ومحنتي بإبتسامة، أو بكلمة من شأنها إنتشالي من مستنقع أكاد أغط به ... والأمثلة كثيرة، وما أريد قوله ينطبق حرفياً على جميلنا مام جميل دون أي تزييف ولعب بالكلمات.

مام جميل هذا لايزن أكثر من خمسين كيلو غرام، ولا يتعدى طوله أكثر من مائة وستين سنتمتر، لكن بوقوفه جنبك يعطيك شعوراً بأنك متكأ على جبل، لا بل هو الجبل الشامخ دوما.
مام جميل .. شخصية تفرض عليك إحترامها حتى لو كنت على نقيض منها.

مام جميل مهندس كهرباء، يكهرب كل من حوله بجاذبيته، شخصية كاريزمية، يعمل ضمن إختصاصه في شركة " آسيا سيل " للإتصالات، منذ أعوام وهو يعاني من أمراض عدة، لكنه حتى في مرضه لم يستكين، بل يعمل جاهداً من أجل خلاص الإنسان من دورة العذابات الأبدية، فهو منكب منذ فترة ليست بالقصيرة لإنشاء مجمع طبي في السليمانية لمعالجة مرضى السرطان في العراق، من خلال تبرعات رجال الأعمال وعلى رأسهم الأستاذ فاروق ملا مصطفى صاحب الشركة المذكورة أعلاه، وبالإعتماد على قوانين حكومة إقليم كوردستان العراق.

عرفت مام جميل إنساناً ماركسياً ألتزم جانب المعدمين والمهمشين، وناضل في سبيلهم، ولم يزل دون هوادة، وحتى وضعه الصحي الصعب لم يثنه عن ما جُبل به فكره النير لخدمة بني البشر.
أبعد كل هذا ونقول ... جندي مجهول !!؟؟ أنها مفارقة بحاجة لفك وتشريح طلاسمه.
قبلاتي أيها الصديق الجميل، أنا مدين لك بالكثير، أحبك.

عوني الداوودي ـ السويد
شتاء 2010

# به یاد جمیل امین

مظفر محمدی
اوت ۲۰۱۱ - استکهلم
یکشنبه ۰۶ شهریور ۱۳۹۰ / ۲۸ آگوست ۲۰۱۱

جمیل، رفیق و دوست قدیمی من بود. دوستان ورفقای زیادی در کردستان عراق داشته و دارم. اما هر وقت وارد سلیمانیه می شدم، جمیل و خانواده اش، محل کار و خانه اش را پیش چشم داشتم. وقتی به این فکر می کردم که از کجا شروع کنم، که را ببینم، با که مشورت کنم، برای کارم به چه احتیاج دارم، برای مسکن و هر چیز دیگر، چهره صمیمی، صبور و جدی جمیل، محبت های همسرش لیلا و مهربانی و شیطنت کوچولوهایش را جلو چشمانم داشتم.
بدون اطلاع قبلی و سرزده به محل کار جمیل می رفتم. کافی بود کسی به جمیل بگوید، فلانی اینجاست. دقایقی بعد و بدون معطلی، جمیل با آن اندام ریز و چشمان عمیقش با لبخندی بر لب، آهسته از کریدورهای شرکت بزرگ تلفنی ای که کارهای فنی اش را برعهده داشت پیدایش می شد. و دیگر همه چیز رویراه بود.

یا هر وقت شب و دیر وقت از سفر طولانی با چمدانی در دست بدون اطلاع و سرزده زنگ درب خانه جمیل را به صدا در می آوردم، لیلا از پنجره اطاق مشرف به خیابان در طبقه دوم فوری مرا میشناخت و دقایقی بعد در میان آن خانواده صمیمی و ساده و بی آلایش و بی تعارف خستگی هایم می رفتند.

جمیل کمونیست انساندوستی بود که اگر چه او را در مدیا و میادین شهرهای کرکوک و سلیمانیه در سخنرانی و غیره نمی دیدی اما در جامعه ای که کار می کرد، در محله ای که زندگی می کرد و در جمع دوستان و رفقایش، یک الگو و نمونه انساندوستی، رابطه گرم و جدی اجتماعی و با اتوریته سیاسی و محبوب بود. معمولا در بازی فوتبال گل زن ها مشهورترند، اما بازیکن هایی هستند که در بازی دستجمعی و امکان سازی برای موفقیت تیم نقش کلیدی دارند. این ها در مدیا مشهور نمی شوند، اما ستون تیم اند و بدون آنها پیروزی ممکن نیست. جمیل کمونیستی بود که با جرات می توان گفت یک ستون برای جریان چپ و انساندوست بود که می توانستی برای هر کار و امکان سازی و رابطه اجتماعی روی او حساب کنی.

آخرین بار جمیل را روی تختخواب اطاقش دیدم. وقتی من را دید با همان چابکی همیشگی که از کریدورهای محل کارش می آمد، از تخت پایین آمد و همدیگر را در آغوش گرفتیم. همزمان دردی تا مغز استخوانم را سوزاند. مگر می شود جمیل را اینطور دید. بیرحمانه بود. تقصیر کیست؟ نمیدانم.

اما لحظاتی بعد چشمان امیدوار به زندگی و لبخند همیشگی اش که نشان از اعتماد به نفس بالای این انسان بزرگ بود دردها را تخفیف می دادند. سراغ همه را می گرفت. تک تک کسانی را که می شناخت و از اوضاع و کار و بار می پرسید...

جمیل جان، یک خانه میخوام، تلفن و کارت می خوام و... لیلا پیشدستی می کرد، همینجا هستی فعلا، خانه زیاده و جمیل معطل نمی کرد و از شرکت سفارش کارت تلفن و همه چه را داده بود. "دیگه چه میخوای؟". سلامتی!
و واقعا از آن لحظه به بعد سلامتی جمیل تنها خواست و آرزوی من بود. و این آرزوی همه دوستان و آشنایان و رفقای جمیل بود. اما متاسفانه ...

اگر کسی از من بپرسد، چه چیزی از جمیل برای تو باقی مانده است، می گویم. یک الگو!

الگوی متانت و صبوری و سادگی و کاردانی و توانایی در انجام هر کاری و بدون هیچ ادعا و شیله پیله ای. الگوی یک انسان محکم، جدی، با اراده و اجتماعی و صمیمی. اگر الگوی کار و زندگی و کاردانی و تلاش جمیل را بتوان به دست گرفت و گسترش داد، کمونیسم و انساندوستی به سرعت اجتماعی می شود.

مراسم بزرگداشت جمیل در استکهلم را در جمع دوستان و رفقایش متاسفانه از دست دادم. و فردا روز که به سلیمانیه برمی گردم، دیگر جمیل را نمی بینم. اما شکی ندارم که در همان لحظات اول، قلبم قدم هایم را به جایی می برد که جمیل آنجا است. چیزی در عوض برای جمیل ندارم، او هیچ وقت منتظر عوض گرفتن نبود. تنها و تنها قطرات اشکی و شاخه گلی و یک تشکر و قدردانی که

هیچوقت جواب و شایستگی این مرد بزرگ را ندارد برایش دارم.
اما لیلا و بچه های جمیل و خانه ای که همیشه دریش به روی من و همه کسانی که به جمیل احتیاج داشتند، برای من یادآور همه خاطرات دوران با افتخار دوستی با جمیل خواهد بود.

نمی توانم به لیلا و بچه ها تسلیت بگویم، این درد و فقدان بزرگ را با تسلیت نمی توان تخفیف داد. اما فقط می توانم بگویم که،

لیلا و بچه های عزیز جمیل!
شما و من، بهمراه همه دوستان و رفقای جمیل به این انسان شریف و بزرگ و دوست داشتنی افتخار می کنیم و یادش را گرامی می داریم. این کم ترین پاداش تلاشهای این انسان بزرگ است.

مظفر محمدی
اوت ۲۰۱۱ - استکهلم

*****************

## بیاد رفیق جمیل امین
عبدالله شریفی

مرگ، پایان ستمگرانه زندگی است . میگویند این قانون طبیعت است. حق دارم اگر بگویم که من از این قانون ظالمانه نفرت دارم، چون این پدیده منحوس شمار زیادی از عزیزان و یاران مرا به کام خود کشانده و در این دنیا، همه کس را با درد و غم و اندوه آشنا ساخته است .

روز ۱۷ ماه اوت سال جاری، خبر نابهنگام مرگ رفیق جمیل امین قلبم را مملو از غم و اندوه کرد . او مبتلا به بیماری نفرین شده سرطان بود، متاسفانه در این روز رفیق جمیل در یك رویارویی و مبارزه چند ساله با مرگ، سرانجام قلب از پر مهرش برای همیشه از تپش افتاد.

من از جزئیات زندگی گذشته رفیق جمیل اطلاع چندانی ندارم اما سابقه یك دهه آشنایی با او، معرف انسانی مبارز و وفادار است که دلایل کافی بدست میدهد که نباید در مورد خصوصیات برجسته و انسانی او ساکت ماند بلکه باید کوشید تا زندگی ساده و شرافتمند و در عین حال سرشار از تلاش در جهت رهایی و در مقابله با ستمگریها را به هر طریق ممکن منعکس کرد .

بیاد دارم که تابستان سال ۲۰۰۰ در یك توطئه مشترك سپاه پاسداران و اتحادیه میهنی کردستان (حزب جلال طالبانی) در واقع به دستور سپاه پاسداران ، افراد مسلح اتحادیه میهنی، دست به تهاجم مسلحانه به دفتر حزب کمونیست کارگری عراق، در شهر سلیمانیه زدند، پنج تن از کمونیستهای شریف در آن رویداد جان باختند و متعاقب آن، دفاتر انجمن دفاع از حقوق کودك و دفاع از حقوق زنان ، با دستور رحیم صفوی و زیر سرنیزه های افرد مسلح حزب جلال طلبانی بسته شدند. دفاتر و محل های کمونیستها و آزادیخواهان بسته شدند و فعالیت آنها ممنوع شد. فضای رعب و وحشت بر شهر سلیمانیه سایه افکنده بود. نیروهای رژیم ایران علنا این شهر را محل جولانگاه خود کرده بودند. هزاران مبارز و کمونیست این شهر در این فضای ارعاب تحت فشار بودند.

پاییز همان سال ، کمیته کردستان حزب کمونیست کارگری ایران، تصمیم گرفت که بعد از وقفه ای کوتاه ، ماموریت های خود را به کردستان عراق از سر گیرد . بدین منظور من عازم شهر سلیمانیه شدم .

برای یافتن انسانی مطمئن رفیق جمیل را به من معرفی کرده بودند. من اولین بار بود که ایشان را ملاقات میکردم، به محض دیدار با او از چهره آرام و متانتش متوجه شدم که این انسان دوران سختیها و شخصیتی قابل اعتماد است . بقول معروف دوستان واقعی را باید در شرایط سخت شناخت .

مدتی که با هم بودیم از بحثهایش و دید نقادانه و مسولانه اش، نقد زمینی او به ناسیونالیسم و مذهب و خرافات، انسان را متوجه روحیه و اعتقاد عمیق وی به امر رهایی بشریت میکرد . هر بیشتر با او بسر میبردم جذابیتش بیشتر میشد. او در آن مدت با تلاش بیدریغ کلی مشکلات را بر ما هموار ساخت....

سال بعد که باز هم برای ماموریت به کردستان عراق رفته بودم، دقیقا مصادف بود با فاجعه ۱۱ سپتامبر ۲۰۰۱ ، او فوری به من زنگ زد و پرسید که آیا منصور حکمت در این باره چه اظهار نظری کرده است؟

رفیق جمیل اگر چه خصلتا کم حرف بود اما از صحبتهایش مخاطب را متوجه حرف های فکر شده خود میکرد . به همین دلیل طرح سوالاتش غالبا به مسایل جنبش کمونیستی و سرنوشت جامعه مربوط میشد . به همین دلیل میبایست سوالاتش را جدی گرفت، من عصر همراه خود متن پرنت شده یك مصاحبه و یك مطلب از منصور حکمت را که تازه منتشر شده بود تحت عناوین (پایان دادن به تروریسم کار ماست) و مطلب (دنیا بعد از ۱۱ سپتامبر، بخش اول، جنگ تروریستها) را بردم و به منزل ایشان رفتم . او با شتاب مطالب را از من گرفت و گفت که بیا با هم اینها را بخوانیم . بعد از خواندن با همان حالت آرام و پر متانت گفت میدانستم که "منصور حکمت این اتفاق شوم را به این خوبی به ما خواهد شناساند. چه خوب است او را داریم".

اما در آن دوره منصور حکمت نیز با بیماری سرطان دست و پنجه نرم میکرد و همه ما در نگرانی جدی بسر میبردیم. رفیق جمیل گفت :"اگر این انسان بلایی سرش بیاد، جنبش ما چکار باید بکند؟" نگرانی او و ما واقعی بود.
بعد از آن ملاقات متناوبا اورا ملاقات میکردم . و هر بار کلی بحث میکردیم و صبورا موانع های عملی کارهای مربوط به فعالیت ما را چاره اندیشی میکرد.

چند سال بعد نیز چند بار او را ملاقات کردم . این اوخر که به بیماری سرطان دچار شده بود از رفقا حالش را میپرسیدم و برایش قلبا نگران بودم .

بی شك این متن کوتاه نمیتواند معرف زحمات و تلاشهای چندین ساله رفیق جمیل باشد. این گوشه کوچك از خاطرات، با او بودن، تلاشی است برای شناساندن مقام تاریخی انسانهای زمینی و واقعی نظیر رفیق جمیل که زندگی ساده و شرافتمندانه خود را وقف توده گیر کردن کمونیزم و آرمانهای انسانی کردند. این چنین انسانها قهرمانان خاموش و ساکت طبقه کارگرند که بطور واقعی و طبیعی محمل انسانی توده ای شدن کمونیزم و امر رهایی بشریتند، که بایست یادشان را گرامی و تجاربشان ارزنده بشماریم .

یاد عزیزش در قلب ما برای همیشه زنده است .

۱۰ سپتامبر ۲۰۱۱

ململانێ کۆمەڵایەتی- سیاسیەکانی عێراق و کوردستانەوە. بزووتنەوەیەك کە جۆرێکی جیاواز لە کۆمۆنیزمی باوی موتوربەکراو بە ریفۆرمیزم و ناسیۆنالیزمی حیزبی شیوعی و کۆمەڵەی رەنجدەران نوێنەرایەتی دەکات . لەسەر پایەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی؛ واتە چینی کرێکار رادەوەستێ و بۆ ئاماتجی رزگاری ئەو چینە؛ واتە دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاری، بە ئاشکراو بێ ئاخرو ئەگەر خەبات دەکات! کۆمۆنیزمەکەی جەمیل دروست ئەو کۆمۆنیزمەیە. هەرئەوەش وای لە جەمیل کردبوو کە بۆ یەك چرکەش کۆمۆنیزمی کرێکاری نەك جێنەهێڵێ، بەڵکو بە دڵ و بەگیان لە خزمەتی حیزبەکانی ئەو بزوتنەوەیەدا بێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە لە کام دیوی سنوورێکدایە کە بۆرژوازی بۆ چینەکەی ئەویان کێشاوە!